شەریف پاشای خەندان

بیرەوەریەکانی بەرهەڵستیێک

بەربەرەکانیی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی

وەرگێڕ
زریان ڕۆژهەڵاتی

بنکەی ژین
سلێمانی ٢٠٠٦

٩٢٣,٢

خ ٢٨٨ خەندان، شەریف پاشا.

بیرەوەریەکانی بەرهەڵستێك: بەربەرەکانیی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی / نووسینی شەریف پاشای خەندان، لە تورکییەوە وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی. – سلێمانی: ینکەی ژین، ٢٠٠٦.

١٦٢ل، ١٤,٥ × ٢٠,٥ سم.

١– شەریف پاشا– بیرەوەری ٢– مێژووی تورکیا ئ– ڕۆژهەڵاتی، زریان (وەرگێڕ) ب– ناونیشان

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پێڕستو پۆلێنی ئامادە کردووە

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ٣٣

کتێب: لەبارەی کێشەی کوردەوە، سەبارەت بە دوورخستنەوەو بڵاوەپێکردنی کوردان

نووسەر: جەلادەت عالی بەدرخان

وەرگێڕ (لەتورکییەوە): زریان ڕۆژهەڵاتی

تایپ: ڕۆژنامەی "ئاسۆ"

مۆنتاج: ڕێنوار

بەرگسازی: قادر میرخان

خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید

تیراژ: ١٠٠٠

شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

ژمارەی سپاردن: ٢٢٩ی ساڵی ٢٠٠٦

لە بڵاوکراوەکانی

بنکەی ژین

بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەییو ڕۆژنامەوانیی کوردی

هەرێمی کوردستانی عیراق– سلێمانی، گەڕەکی ١٠٤ ئاشتی ، کۆڵانی٣٩ ، خانووی ژمارە ١٠ ،

(بەرامبەر بە قوتابخانەی سەرەتاییی ئەردەڵان)

تەلەفۆن: ٣١٣٣١٠٥ مۆبایل: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ ژمارەی سنووقی پۆست: ١٤

E.mail: bnkaizhin@ yahoo.com

پێشەکی

بـە دەرکـەوتنی چەوسـانەوەی مـرۆڤ بـۆ مـرۆڤ، دەبیـنین دژایـەتی لەنێوان سیاسیەتو مێژوودا دروست بووەو دەستی پێکردووە. مادام مێـژوو زانـستێکە دەرفـەتی تێگەشـتین لـە ئێـستاو داڕشـتنی ئاینـدە دێنێتـە ئـاراوە، سیاسـەتمەداران لـە چیوارچێوەی سیاسیەتکانیاندا و بەپێی پێویست کەوتوونەتـە هـەوڵی چاوپێداخشانەوەو سـەرلەنوێ ڕێکخـستنەوەی مێـژوو. لەبـەر ئەمەیـە دەتـوانین بڵـێین: لـە ئامـانجی دژایـەتیی نێوان مێژوو و سیاسـەتدا، مێژوو دابـەش کـراوەو بۆ دوو شـێوەی (مێـژووی ڕەسمـی)و (مێـژووی نـاڕەسمی)و، هەریەکـەیان گوزارشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

مێـژووی ڕەسمـی، بە شێوەیەك ڕێك دەخرێ کە لـەوە بـدوێ چـۆن چینە باڵادەستەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایـەتی گەیشتوونەتە ئـەم ئاستـەو لـە کـام لایەنـەوە بـەرەو پـێش دەچـنو، ئامـانجو مەبەسـتی شـەرعیەت پێدانی سیاسـەتی بـەجێهێنراوی هێـزە دەسـەڵاتدارەکانی تێدا هـەبێ. دەستـەیەك، لەبـەر هەنـدێك هـۆی دیـار، ئامـانجی خێـردار ڕیـز دەکـەنو، سیاسـیەتی ڕۆژانـە لـەنێو ڕەوتـی مێـژووی وڵاتەکـەدا بـە شـێوەیەکی مـەنتیقیی دیـاریکراو دادەڕێـژرێ. بـەم جـۆرەش کۆمەڵـگەکان ڕێگەخۆشـکەرن بـۆ ئـەو هێـزەی کـە پـشتی دەگـرن یـا دەبێتـە هـۆی شکستیان، تـا مێژوەکـەیان بـدزێ. زانیارییـەکی هەڵـە لەسـەر ڕابـردوو،

دەبێ بەهۆی پەیدابوونی هەم کەموکورتی لە تێگەیشتنی ڕابردوو و داڕشتنی ئایندەداو، هەم هەڵەو خیانەتی جۆراوجۆر.

(مێژووی ناڕەسمی)یش، بە شێوەیەکی گشتی، بەرامبەر بە مێژووی ڕەسمی ڕاناوەستێ. مێژووی فەرمی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زۆرەوە هاتوەتە مەیدانو، بە بەرگی گەورەو فرەژمارە بالادەستی ی خۆی لەنێو کتێبخانەو دەزگا پەروەردەییەکاندا چەسپاندووە. لەبەر ئەوەش، بووە بە زانستێك ڕێنوێنیی جەماوەرێکی زۆری خەڵك دەکات. بەلام (مێژووی ناڕەسمی)، لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە بەرەنگاری ئەو هێزە سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابووریانە بێتەوە، زۆربەی زۆری لەتاریکاییدا ماوەتەوەو، پاشماوەکەی بە شێوەی زانستێکی پەرشوبلاوو ناتەواو لە دەوروبەرێکی بچووکدا بەندکراوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش (مێژووی ناڕەسمی) بەردەوام مانەوەی خۆی وەکوو لێکۆڵینەوەی بچووك لە ڕاگەیاندنو بەشە تایبەتەکانی گفتوگۆی ڕۆشنبیراندا دیوەتەوەو، ڕوونکردنەوەی جیاواز لە لێکۆڵینەوە مێژوویی–سیاسیەکانیدا هەیەو هەڵەی زۆریشی تێدایە.

لە کۆتاییی شیکردنەوەکەدا پێویستە بگوترێ کە پەیوەندیی پارچە (بەش)و گشت لەنێوان مێژوو و سیاسەتەدا بەرقەرارە: دەتوانرێ وەك (کۆنکراوەی سیاسەتەکانی ڕۆژانە) سەیری مێژوو و، وەك (ڕووی ڕۆژانەی مێژوو)ش تەماشای سیاسەت بکرێ. کاتێك بەڕێوەبەرانی پشتی پەردە سیاسەتەکانیان بە بەرنامەو زانایییەوە بە تاریکی دەهێڵنەوە، شێوەیەکیش دەدەن بە مێژوو. ئەو شتەش کە بۆ (مێژووی ناڕەسمی) دەمێنێتەوە، تەنیا ڕوونکردنەوەی کاری ڕۆژانەی

ئەو کەسانە کە لەنێو ڕووداوەکەدا بوونو، ئەو بیرەوەریانەی وا دواتر دەنووسرێنو، ئەو زانیارییانەشە کە دیپلۆماتەکان بەپێی جیاوازیی حیسابو بەرژەوەندەکانیان دەری دەبڕن. لەبەر ئەمەش ئەوی وا مێژوەکەی دژەو ئەوانەی وا گرنگی بە مێژووی ڕاستەقینە دەدەن، بەپێی ئاستی بەرپرسیەکانیان، ئەم پریشکە پەرتوبڵاوانە دەهێننەوە لای یەكو ڕابردوو ڕووناك دەکەنەوە.

یبرەوەریەکان، کە یەکێکن لە گرنگترین سەرچاوەکانی (مێژووی ناڕەسمی) لەناو هەڵویسٚتی بەڕێوەبەرێتیداو لە ئەنجامی توانایی و لێبووردەیی و نیازی ئەو کەسانەوە کە جێگایان لەنێو رووداوەکاندا گرتووە، شێوە دەگرن.

سەرەڕای ئەمە، هەلومەرجی باو، هۆیە سەرەکیەکان، ئەو سەرچاوەی هێزانە کە کاریگەریی خۆیان نیشان داوەو هەستی ئەو کەسانەی وا ڕۆڵیان گێڕاوە، بەشی شاراوەی ئەو بیرەوریانە پێك دێننو، لەبەر ئەوەی تا ئاستێك ڕەنگدانەوەی هەڵوێستو بیرو بۆچوونەکانە، گرنگییەكو بەهایەکی تایبەتیان لە مێژوودا هەیە“ تەنانەت بیرەوەریەکانی چەند کەسێکی نێو هەمان ڕووداو، یارمەتیدەرێکی باش دەبن بۆ ڕوونکردنەوەی مێژوو.

ئێمە، وەك دەزگای پەخشو بڵاوەکردنەوەی "نەهیر-چۆم"، هەست بە بەرپرسیی خۆمان دەکەین بەرامبەر بە خستنە مەیدانی مێژووی نزیکمانو گەیاندنی بیرەوەریەکان بە دنیای خۆمان، کە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی دژنو زانستی مێژووییمان پێش دەخەن. بەو هێزو هەوڵەی کە ئەم بەرپرسییە پێی داوین، وەك هەنگاوی یەکەم (زنجیرەی

www.zheen.org

مێژووی نزیکمان بە بیرەوەریەکانەوە) دەست پێکردووە. لەگەڵ ئەوەی کە لایەنی کەسایەتی‌ی ئەم بیرەوەریانە لەبەرچاو دەگرین، دەمانەوێ بە شێوەیەکی ئاشکرا سەرنجتان ڕابکێشین بۆ لایەنە کۆمەڵایەتیەکەی. ئێمە ئەم کارە بە شیاوی پێشکەشکردن دەزانین.

دەزگای چاپ و پەخشی چۆم (نەهیر)

بنکەی ژین
www.zheen.org

نارەزاییەکانی شەریف پاشا

شەریف پاشا یەکێکە لە شەخسیەتە ڕەنگین و لێوەشاوەکانی قۆناغی دەستووریی دووهەم*، ساڵی ١٨٦٥ لە ئەستەنبووڵ لەدایك بوو. باوکی، کوڕی سەعید پاشای کوردێکی سولەیمانیەیی بوو، بەرپرسیی جۆراوجۆری وەك چاودێریی کاروباری دەرەوەو سەرۆکایەتیی شواری دەوڵەتی وەرگرتووە.

شەریف پاشا لە قوتابخانەی سوڵتانی (مەکتەبی سوڵتانییە) لە ئەستەنبووڵ خوێندنی تەواوکردو، لە فەڕەنساش ئاکادیمیای عەسکەریی (Saint cyr)ی تەواو کرد. بە شێوەیەکی عەسکەری لە فەڕەنساو برۆکسیل ماوەتەوە.

دواتر ساڵی (١٨٩٣) لە باڵیۆزخانەی ستۆکهۆڵم ئەرکی وەرگرت. هەر دوای ئەوەش، بوو بە ئەندامی (کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی)و لەدژی بەڕێوەبەرایەتیەکەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم کەوتە کارو چالاکی.

ئەنجامی کارو چالاکیەکانی (کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی)، بوو بەهۆی ڕاگەیاندنی قۆناغی دەستووریی دووهەمو سەپاندنی تەواوەتی دەسەڵاتی ڕێکخستن بەسەر بەڕێوەبەرایەتیدا. بەڵام شەریف

* مەشرووتەی دووهەم.

پاشا دوای ماوەیەکی کورت لە (کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی) جودا بووەوەو کەوتە ڕیزی نەیارانەوە. ناوبراو هۆی دەست لەکار کێشانەوەکەی خۆی لە داوانامەکەیدا بەم شێوەیە دێنێتە سەر زمان: ((کۆمەڵە بە لاڕێدا چووەو بەرەو دۆڵو قووڵاییەکی مەترسیدار دەچێ)). هەروەها دەڵێ: نامەوێ خۆم بخمە بەر ئەو بەرپرسییەی کە لە ئەنجامی یاریکردنەوە بە چارەنووسی خەڵك دێتە ئاراوەو، دەمەوێ خۆمی لێ بپارێزم.

بەگوێرەی ئەو شتانەی کە دواتر نووسیویانە، دوای قۆناغی ئەزموونێکی کورتو کاریگەر، دژایەتی لەنێوان ئەوانو سەرکردە ئیتیحادیەکاندا دروست بوو. ئەم دژایەتیە تەنیا شتێکی زانستیو سیاسی نییە، بەڵکوو دژایەتیەکی ڕەوشتیشە. ئیتیحادیەکان ئەو کەسانەیان دەکوشت کە بەگوێرەی ویستو داخوازیەکانی ئەوان نەدەجووڵانەوەو حەزیان لەوانە نەدەکرد. بەم جۆرە کەوتبوونە ناو داوی هەڵویستێکی خراپی دوور لە بەها ڕەوشتیەکان. هەر لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی بەڕێوەبەرایەتیدا، لەجیاتی ئەوەی خۆیان بە کێشەکانی وڵاتەوە خەریك بکەن، یەکسەرو بە شێوەیەکی ناڕەوا دەستیان کرد بە پڕکردنی کاسەو گیرفانەکانی خۆیان.

شەریف پاشا بەرامبەر بەم جۆرە هەڵوێستانەی ناو ڕێکخستن ڕاوەستاوەو، لە جێ و ڕێی جۆراوجۆردا ڕەخنەی لێ گرتووە. بەڵام ڕەخنەکان لەوە زیاتر کە سەرکردە ئیتیحادیەکانیان کردووە بە دوژمنی خۆی، کەڵکی هیچ شتێیکی تریان نەبوە. جیابوونەوە لە کۆمەڵە، ڕێگەچارە نەبوو بۆ شەریف پاشا، بەڵکوو پێویست بوو وەك پیاوێکی

بەرپرسی دەوڵەت، ئەو ناهەقی و ستەمانە کە بینیونی، بدرکێنێ. بەڵام کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی ئەو سینگ فروانییەی نەبوو کە ڕێ بە ڕەخنەگرتن و ئۆپۆزیسیۆن بدات. هەر لەبەر ئەمەش شەریف پاشا چووە دەرەوەی وڵات و، لەوێ درێژە بە بەرهەڵستی و دژایەتیەکەی خۆی دا.

جیابوونەوەی شەریف پاشا و چوونە ڕیزی نەیارانەوە، لەلایەن (ئیتیحادو تەرەقی)یەوە وەك ڕووداوێکی ئاسایی چاوی لێ نەدەکرا. ئەمە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە هەڵوێستی ئیتیحادیەکاندا بەرامبەر بە شەریف پاشا دیاردەبێ.

لایەنگرانی کۆمەڵە لەپێشدا، دەستیان بە بڵاوکردنەوەی قسەو باسی جۆراوجۆر کرد لەسەر شەریف پاشا، تا دەست بەستراوی بکەن و هیچ کاریگەرییەکی نەهێڵن. شەریف پاشا، بەگوێرەی قسەی ئەمانە، داوای پۆستی باڵیۆزی گەورەی لەندەنی کردووە بۆ خۆی. بەڵام کاتێك ئەو ئەرکەی پێ نەسپێردراوە، یەکسەر دەستی بە دژایەتیکردن کردووە. ڕووی ئەم باس وخواسانە لەسەر ئەوەیە کە وەهای نیشان بدات شەریف پاشا کەسێکی بەرژەوەندپەرست و پلەوپایەخوازو بێشەخسیەتە.

جگە لەوە، ئیتیحادیەکان هەر بەمەوە نەوەستان و هەڵوێستەکانی خۆیان توندتر کردەوە؛ لەلایەکەوە بە ئامادەکردنی نامیلکەو نووسراوی هەمەجۆر هەوڵی تێکدان و ڕووخاندنی کەسایەتی ی شەریف پاشایان داو، لەلایەکی تریشەوە بە دەرکردنی بڕیاری پاشملەی ئیعدامی شەریف پاشا، ویستیان لەبەردەم ڕای گشتیدا وەك تاوانبارێك لەقەڵەمی بدەن. تەنانەت ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر بەو کەسانەش

نیشان دا کە گومانی ئەوەیان لێ دەکردن وا پەیوەندییان بەوەوە هەیە. هەوڵی پاکسازیو قووتدانو لەناوبردنی نەیارانی خۆیان دەدا بە ڕێگەی گرتن بە ئیددیعای سەرپێیی و موحاکەمەو زینددانیکردنو دوورخستنەوەی ئەو کەسانەی وا هاوڕێو لایەنگری بوون.

کتێبە بچکۆلانەکەی (بەرامبەر بە هیچوپووچ) کە مەزندە دەکرێ ساڵی ١٩١٠ بە "سولەیمان نەزیف"یان نووسیبێ، نموونەیەکی سەیری هەڵمەتی پڕوپاگاندەی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقییە بۆ سەر نەیارانیان.

ناوەڕۆکی کتێبی (بەرامبەر بە هیچوپووچ)، کە لە شێوەی (ئەم نامیلکەیە باسی وەزعو حاڵی باووباپیری شەریف پاشای ڕۆژنامەنووسو باڵوێزی پێشووی ستۆکهۆڵم دەکات)دا پێشکەش کراوە، لەڕووی نیشاندانی ئاستی ئەو پڕوپاگاندەیەوە کە لەدژی شەریف پاشا بەڕێوەبراوە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم کتێبە بچکۆلانەیە، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی، پڕە لە سووکایەتیو تاونبارکردنی لەم چەشنە: ((ئەم تاونبارە ناسنامەیەکی هەیە کە باسی باوکێکی سولەیمانیەیی بەناوی سەعید پاشاوە تێدا دەکات، بەڵام لەڕاستیدا دیار نییە لەکوێوە هاتووەو، تەنانەت لەوە دەچێ باوكو دایکی ڕاستەقینەشی دیار نەبن)). ((ئەم خیانەتکارە کە بە ناوی وڵاتپارێزییەوە خۆی شاردبووەوە، یەکێکە لە خاشاکە پیسو کۆبووەوەکانی دەورانی پێشوو))، ((لە شۆڕشی یەکەمدا کەسێکی دووڕوو بووە، بەڵام لە شۆڕشی دووهەمدا ڕووی ڕاستی ئاشکرا بووە)).

سەرەڕای ئەو هەموو کاری پڕوپاگاندەیەی کە دژ بە شەریف پاشا بەڕێوە برا، کۆمەڵە بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی پاشملە لە دادگای

(دیـوانی شـەڕ)دا بڕیـاری لەسـێدارەدانی بـۆ شـەریف پاشـا دەرکـرد. هەنـــدێك لـــە هاوڕێکـــانی و نەیارانیـــشیان بـــە تـــاوانی (دەســـتەی خیانەتکاران) زیندانی کردو دوورخستەوە.

هـەروەها لـە پـاریس هـەوڵێکی تیرۆرکردنـی شـەریف پاشـایان دا، بـەڵام سەرکەوتوو نەبوو. شەریف پاشا، بۆ ئەوەی بتوانێ دژایەتی خۆی بکاتە شتێکی ڕێکخراو، پارتێکی بەناوی (پارتی ڕیفۆرمی بنچینەیی عوسمانی) (Le parti Radikal Ohoman)یـەوە دامەزرانـد. مانگنامەیـەکی تـورکی– فەڕەنسیشی بەناوی "مەشرووتییەت"ـەوە دەرکرد.

بـە شـێوەیەکی گـشتی، هـەوڵی دروسـتکردنی بەرەیـەك و هاوکـاری لەگـەڵ هـەموو کەسـایەتی و ڕێکخـراوە نەیارەکانـدا دا، بـە کۆشـش و سەردانەکانی خۆی لەلای حکوومەتی فەڕەنسا، دەیویست کارێك بکـات حکوومـەتی فەڕەنـسا هاوکـارو پـشتیوانی بەڕێوەبـەرێتی ئیتیحـادو تەرەقی نەبێ. بەڵام ئەم هـەوڵ و تەقەلایـەی لـە ئەنجامـدا وەك هەوڵدانێك بۆ دروسـترکردنی دووبـەرەکی لـەنێوان حکوومـەتی پـاریس و دەوڵـەتی عوسمانیدا لەقەڵەم درا.

دوای ماوەیـەکی زیـاتر لـە چـوار سـاڵ و لـە سـاڵی ١٩١٢دا، هاتـەوە ئەسـتەنبووڵ و چـاوی بـە پادشـا کـەوت و، لـەوێ بـە بەڵگـەوە بڕیـاری پووچـەڵبوونەوەی حـوکمی ئیعـدامی لەسـەر خـۆی دەرکـرد. بـەڵام لـە بەسەردادانە بەناوبانگەکەی (بابی عالی)دا، ئیتیحادیەکان ساڵی ١٩١٣ حکوومەتیان بەدەست هێنایەوە. بۆیـە دووبـارە بەناچاری گەڕایـەوە بـۆ پاریس. دوای تیرۆرکردن و کوژرانی مەحموود شەوکەت پاشا کە ببـوو بە سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتە (سەدری ئەعزەم)، ئیتیحادیەکان دیسان

لە هەمان دادگای (دیوانی جەنگ)داو بەبەهانەی ئەوەوە کە شەریف پاشا دەستی لەم کارەدا هەبوە، بڕیاری ئیعدامیان لەسەر دەرکردەوە. لەگەڵ ئەندامە ڕاکردوەکانی باڵی (حوڕڕییەتو ئیئتیلاف)دا کەوتە هاوکاریو، بوو بەهۆی یەکگرتنەوەی ئەم باڵە لەگەڵ (پارتی ڕیفۆرمی بنچینەیی‌ی عوسمانی- اصلاحات اساسیۀ عثمانیە فرقەسی)داو، لە ئەنجامی ئەمەدا ڕێکخراوێکی تریان بەناوی (دەستەی حوڕییەتو ئیئتیلاف)ەوە دامەزراندو، خۆیشی سەرۆکایەتیەکەی وەرگرت.

شەریف پاشا هەموو بیرو بۆچوونو ئایدیالەکانی خۆی لە نووسراوەکانی ناو "مەشرووتییەت"دا هێنایە سەر زمان. ئەگەر بەگوێرەی نووسراوەکانی "تانەر تیموور" کە لە نووسینەکانی ناو "مەشرووتییەت"ی شەریف پاشای کۆڵیوەتەوە (دوژمنێکی ئیتیحادچیەکان / شەریف پاشاو ڕۆژنامەی مەشرووتییەت، کۆمەڵگاو مێژوو، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ٧٢، لاپەڕەی ١٧-٢٠) سەیری شەریف پاشا بکرێ، دەردەکەوێ شەریف پاشا یەکێك بووە لەو کەسانەی وا بەرامبەر بە ئامانجەکانی ١٩٠٨ دروست ماوەتەوە. بەگوێرەی بۆچوونی ناوبراو ((نیشانەو سمبولی دوژەکەی‌و شێوەی شیکردنەوەی بۆ دەسەڵاتی ئیتیحادی، شتێکی سەیرو زۆر جیاوازترن لەو تێزانەی کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ ماونەتەوەو، تەنانەت باڵادەستن‌و بەردەوامیشن)). شەریف پاشا لە نووسینەکانی خۆیداو کاتی ڕەخنەگرتنی لە ئیتیحادو تەرەقی، زیاتر هەڵوێستەی لەسەر سیاسیەتی شۆڤینیانەو جیاوازی دروستکردن دەکرد، ئەوەیش کە چۆن ویستوویانە گوشاری ئۆپۆزیسیۆنی بەرهەمی ئەم سیاسەتانە بە

ئەشـكەنجەو تاوانكـاری لەناوبـەرن‌و، نموونـەی جۆراجـۆر دێنێتـەوە. بۆچوونەكانی شـەریف پاشا تایبـەتن بە، هـەم سیـستمێكی سیاسـی‌ی دەسـتووری وا كـە گرووپـە ئیتنـی‌و دینیـەكان بـە هاوبەشـی بەشـداریی تێـدا بكـەن‌و، هـەم سیـستمێكی ئـابووری‌ی لیـبراڵیش كـە گەشـەپێدانی وڵات بپارێزێ. وەكوو هەموو سیاسـەتمەدارانی سـەردەمی خـۆی، دوور بـووە لـە ویـستی سـەربەخۆیی. هـەروەها بەرامبـەر بـە پەیوەنـدی‌ی دیپلۆماسی‌ی ئیتیحادیەكان كە زۆرتر دەیانویست ڕوو بە ئەڵمانیا بن، لایەنگری پەیوەندی‌ی دیپلوماسی‌ی ئینگلتەرە-فەڕەنسا بوو.

لـە بەشـی كۆتـایی كتێبەكـەو بەشـی سـەبارەت بـە بەرنامـەكانی پارتەكەیـدا، بۆچـوونەكانی شـەریف پاشـا لەسـەر ئـەم بابەتانـە بـە شێوەیەكی كورت دەبینرێن.

دوایـن چـالاكییەكی سیاسـی كـە شـەریف پاشـا ویـستوویەتی ئەنجامی بدات، هەوڵدان بووە لەدوای شەڕی یەكەمی جیهانییەوە بۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتێكی كـوردی. شـەریف پاشا وەك نوێنـەری كـورد بەشـداریی كۆنفرانـسی ئاشـتی‌ی پاریـسی كـردو بـەهۆی (چـەند یادداشـتێك سـەبارەت بـە داخوازیـە ڕەواكـانی گـەلی كـورد) (Memorandum sur les Revendicatios du peuple Kurde)ەوە، گەلی كوردی پاراست‌و داوای دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردیی كرد لە چوارچـێوەی پرەنـسیپەكانی "ویلـسۆن"دا و، پـەیمانێكی لەگـەڵ "بۆگۆس نوبار پاشا"ی نوێنـەری ئەرمەنیەكاندا لـەم بارەیـەوە مۆركرد (١٩٢٠). شەریف پاشا، فەلسەفەی سیاسی‌ی خۆی، لەسەر ڕەخنەگرتن لـە شـۆڤێنیزم داڕشـتووە. شـایانی باسـە، ئەگـەر چـاوێك بـە ژیـانی

سیاسی‌ی ڕابردووی شەریف پاشادا بخشێنرێ، دەبینرێ هیچ باسی مافەکانی گەلی کوردی نەکردووە. ئەم مەسەلەیە، دەشێ بە شتێکی سەرسوڕهێن دابنرێ. جێی وتنە، زۆربەی مونەووەران و ڕۆشنبیرانی عوسمانی، سەرباری ئەوەی کە لە هەموو تەمەنی خۆیاندا ویستوویانە یەکێتی و یەکگرتوویی‌ی عوسمانی بپارێزن، بەلام دواتر کە تێگەیشتوون ئەم پارچەپارچەبوونە هەر دروست دەبێ، ئەمجا کەوتوونەتە خۆیان و ویستوویانە گەلەکەیان لەوبارەیەوە ئاگادار بکەنەوەو پارێزگاری‌ی مافەکانی بکەن.

لە سالانی ۱۹۱۰ بەدواوە کە دەولەتە گەورەکانی ڕۆژئاوا بەرنامەیان بۆ دابەشکردن و هەلوەشاندنەوەی دەولەتی عوسمانی دەخستە ڕوو و دەیانویست ئەم دەولەتە داگیر بکەن، شتێکی ئاسایی‌یە کە شەریف پاشایش لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامانەدا لە مافەکانی گەلەکەی دووابێ و سەربەخۆیی‌ی هێنابێتە ڕۆژەڤەوە. ئەمە شتێك نییە کە کەس لێی تێنەگات. ئەم هەلوێستەش پەیوەندیی بە شۆڤێنیزم و ئەوشتەوە نییە کە "تانەر تیموور" بە گەڕان بەدوای (دۆزو هەلچوون)ێکی تازە ناوی دەبات (تەماشای بەشی گومان و دوودلیەکان سەبارەت بە داهاتووی ئەم کتێبەی بەردەستتان بکەن).

شەریف پاشا سالە ڕەنگینەکانی ژیانی خۆی لە پاریس بەسەربرد و، سالی ۱۹۲۳ دا ڕۆیشتە قاهیرەو، تا مردن لەوێ مایەوە. زانیاریمان لەسەر ئەم بەشەی دوایی‌ی ژیانی شەریف پاشا نییە، لە دەرەوەی ئەم کتێبە بەردەستتان. (Memorandum sur les Revendications du Peuple Kurde)و یەکێکی تریشی بەناوی (Quelgues Reflexions surla Gure۱۹۱۳)ەوە هەیە.

ئـەم کتێبـەی بەردەسـتمان کـە سـەردێڕە تایبەتـەکانی تێکۆشـانی نیـشتمانی، دژایـەتیکردنی ئیتیحـادو تـەرەقی، بـەرەو مەشـرووتییەت (دەستوور)-من‌و ژیانم دەگرێتەوە، گێڕانـەوەی ئەو خەباتـە بێئامانەیـە کـە بەرامبـەر بـە ئیتیحـادو تـەرەقی کردوویـە. لەگـەڵ ئەمەشـدا، بـیرو بۆچـوون‌و ئایدیالـەکانی شـەریف پاشـا، بەڵگەیـەکی گرنگـی قۆنـاغی مەشـرووتییەتە کـە ڕووداوو کەسـایەتیە گرنگـەکانی ئـەو سـەردەمە دەنرخێنێ. هەر لەبەر ئەمـەو سـەرەڕای ئەوەی کە بابەتی وای تێدایـە دەبـێ بـەهۆی ئـەوەی وا دووبـارە زۆر بابـەتی تـری ئـەو سـەردەمە بخەینـەوە بـەر بـاس‌و نرخانـدن، بـەڵام لـەم بارەیـەوە بایـەخی زیـاتری هەیە.

ا: ئوزاڵپ

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

پێشەکی

بەرلەوەی بچمە سەر بابەتە سەرەکیەکە، هەست بە پێویستی ئەوە دەکەم کە دەمەتەقێیەك لەگەڵ خوێنەرانمدا بکەم‌و لەو ڕێیەشەوە باسی بیرو بۆچوونەکانی خۆم بکەم.

نازانم لەبەر چ هۆیەکە وا (مەشرووتییەت)[1] و دوژمنانی ئازادیەکانمان بە هیچ جۆرێك حەزی دەرکەوتن‌و ئاشکرابوونی خودایی‌ی ئەو ئارەزوە پیرۆز و ئامانجە بەرزانەیان لەدڵدا پەروەردە نەکردووە کە ئەمڕۆ پاڵی بە ئێمەوە ناوە بەرەو ئەم دوورخراوەییە

www.zheen.org

[1] مەشرووتیەت، قۆناغی بەڕێوەبەرایەتی‌و دەسەڵاتی دەستووری‌و پارلەمانی‌ی کاتی عوسمانیەکانە. ئەم قۆناغە لە کارەکەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەمەوە، کە دەستووری بنچینەیی‌ی ڕەت کردەوەو پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە، دابڕانێکی تێدەکەوێ‌و، دەبێ بە دوو بەشەوە: مەشرووتییەتی یەکەم لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٨٧٩ وە کە دەستووری بنچینەیی پەسندکرا تاوەکوو ١٣ی شوباتی ١٨٧٨ بەردەوام بوو. مەشرووتییەتی دووهەمیش کە وەك (دەورەی ئازادی) ناوزەد دەکرێ، لە ٢٣ی تەموزی ١٩٠٨ ـەوە کە دووبارە دەستووری بنچینەیی کەوتەوە مەیدانی جێبەجێکردن تا ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ بەردەوام بوو. لەم قۆناغەدا کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بەڕێوەبەرێتی‌ی سوڵتان عەبدولحەمیدی لەلای خەڵکی شیرینتر کردو لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەم‌و کۆتایی‌ی ئەم قۆناغەدا ئیمپڕاتۆریای عوسمانی دابەش کرا.

ئارەزوومەندانەیە. بەهەر حاڵ ئەو شتانەی کە ئەوان تاکوو ئێستا بەرامبەر بە بیروڕاو بۆچوونەکانی ئێمە کردوویانە، لەڕێگەی ئەم شەڕەماندا نەبوە، بەڵکوو هەمووی بەرامبەر بە خۆمان و کەسایەتیمان بووە. خاڵی دەستپێکردنی ئێمە دەستوور بوو، کەچی ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی ئەوان، کەسایەتی ئێمە بوو. ئێمە خوازیاری ئازادی بووین، بەڵام ئەوان بە خۆپەرستییەکی چەپەڵ و بێسوودەوە وەڵامیان داینەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە زۆرجار، لە خەبات و کارو چالاکیە ئازادیخوازانەکەماندا، تووشی ستەم و تەنگانەو ئازار بووین، کەچی هەمووکاتێك بە مەبەستی پێشێلکردنی ئامانجە ئازیزەکانمان و ویست و نیازی نیشتمانپەروەری و بەتایبەت مەشرووتییەتی عوسمانی، کەسایەتی ئێمەیان کردە نیشانەو، چەقاوەسوویی و سووکایەتی و هێرشیان بەرامبەر کردین. لایەنی ناسۆرو سەیری ئەوانەی وا دەسەڵاتیان سەراوژێر کردو، کوێرایی و نەزانی و دوژمنایەتی بیروڕاو بێزهاتنەوەیان لە ڕەوشت و مەردایەتیدا لەگەڵ خۆدا هێنایە ئاراوە. ئەوەبوو لەژێر دەمامکی (مەشرووتییەتێك)دا خۆیان خستە مەیدانەوە. ئەم هەوڵدان و کۆششە نەزانانەی کە هیچ کاتێك شتێکی شەرەفمەندانە نەبوە، زۆری نەخایاند. ئەمڕۆ تا ئاستێك، بە هەموو ناسنامە ڕیسواو نەدارەکەیانەوە، دەرکەوتوون و ئاشکرا بوون..

ئەوانەی بە دۆست و دوژمنەوە وا هێرشیان کردە سەر ئێمە، ئەمڕۆ شەرمەزار بوون، چونکە ئێمە هەر لەسەرەتاوە دەمانگوت ((زۆری پێناچێ هەق و ڕاستی دەکەونە مەیدانەوە)). لەڕاستیشدا وەهای لێ

هـات. كـات بـه دەرچـوونێکی پـڕ لـه تووڕەییـەوە ئـەو دەمـامکی دووڕووییـەی داکێـشاو دڕانـدنی و پارچەپارچـەی کـرد. دڵنیـام بـه بـاوەڕێکی پتـەوەوە کـە دانەبەزێتـەوە، دۆزی نەتـەوەییمان دوای ماوەیەکی تر بە هەموو لایەنێکیەوە دەکەوێتە سەر (شانۆ)ی عەدالەت.

لەڕێگەی ئازادیخوازیدا، بەرامبەر بەو خیانەتە پیس و خیانەتکارە گەمژەو تاوانبارکرانە ناڕەوایانەی کە دەهەق بە ئێمە کراون، چی دەبێ با ببێ، باوەڕمان بە چاوپۆشیکردن لە ماف خۆپاراستن نییە، هەر بۆیە وەڵامیان دەدەینەوە.

لەڕاستیدا ئەم کتێبە بچووکە، کورتە مێژوویەکی بەسەرهاتەکانی تەمەنێکە کە لەڕێگەی نەتەوەو مەشرووتییەتدا تووشی دەیان ئاژاوەو خەفەت و مەینەت بووە. چەندین ڕووداوی خەفەتاوی و ویژدانبڕمان بەسەردا هات، لەپێناوی ئەم دۆزە خۆشەویستەماندا، چەندین شتمان لە دۆست و دوژمن بینی و، دەیان دەقیقەمان بە بەدبەختی بەسەربرد.

هەموو ئەم کێشانە، لەگەڵ ناوەڕۆک و ڕاستیەکانیدا، بەشێوەیەکی ڕاست و دروست خرایە پێش چاوان. هیوا و مەبەستی سەرەکیمان ئەوەیە، وەکوو هەلەکانی تریش، لەم ڕێگەیەوە تا ئەو جێگایەی کە بتوانین بە پشت بەستن بە ئەزموونەکانمان، باسی بیرو بۆچوونی ئازادیخوازەکانی عوسمانی و بنەماکانی مەشرووتییەت بۆ هاوولاتیەکانمان بکەین. هەروەها دەمانەوێ لەسایەی ئەمەوە، لەگەڵ پاراستنی مافەکانمدا، خزمەتێکی مەشرووتەپەروەرانە بە گەلی عوسمانی بکەین و ڕێگەیەکیان پێشان بدەین. ئەمەش بەختیارییەکی بەهادار و گرنگە، هەر بەوپێوانەیەش تووڕەیی و گرژی دروست دەکات.

هەموو بەسەرهاتە پڕ لەئازارەکانم وەکوو خۆی باس کرد. دیاریکردنی عەدالەتو سەقامگیرکردنی مافیشم بۆ گەلە بەڕێزەکانی عوسمانی هێشتەوە، کە هەمووکاتێك ویستوومە سروشتە بەرزو پاکەکەی تەسلیمی ئەوان بکەم. ئیدی لەمەوبەدوا دوژمنانمان چی لەبارەی ئێمەوە دەڵێن با بڵێن، هەموو بڕیارێکی ئەو دادگا نەتەوەییە بەڕاستی وەردەگرمو پەسندی دەکەم. خۆی لەبنەڕەتدا هۆی ئەوەی کە ڕای گشتی لەگەڵ ئێمەدایە، دەچێتەوە بۆ زیاتر بەسترانەوەی ئەوان بە ڕاستیو هەقەوە. ئەمە هەر لەئێستاوە وای لە ئێمە کردووە ئەم نامەی پارێزگارییە بنووسین کە ئەمڕۆ ئارەزووی بەرزبوونەوەو پێشکەوتنیان لە عوسمانییەتدا هەیە.

ئیدی سەرەڕای لافوگەزافی ستەمخوازەکان، ویژدانێکی گەورەو ڕەسەن لەم چوارچێوەیەدا دەژی. کەوابوو ((مافی ڕۆشنگەری هی قوتابخانەیە)) و ((مافی ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکانیش هی کەسانی عاقڵو ژیرە)).

۱۹۱۱: پاریس-شەریف

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی یەکەم

(دوای سەرکەوتن)

بەرەو دنیای مەشرووتییەت دەڕۆیشتین

www.zheen.org

١٠ی ئاب[٢] ڕۆژێکی گەورە بوو، بە هەموو بەرەکەتی خۆیەوە

---

[٢] ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی ٣ی حوزەیرانی ١٨٨٩ لە مەکتەبی پزیشکیی عەسکەری لەلایەن ئیسحاق سکووتیو ئیبراهیم تەمۆو عەبدوڵڵا جەودەتو محەمەد ڕەشیدو حیکمەت ئەمینی قۆنیەییەوە دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە، سەرەتا ناوی کۆمەڵەی "ئیتیحادی–عوسمانی"ی لەخۆ نابوو و، دواتریش لەپاش ڕاپەڕینەکەی ١٩٠٨ ەوە تا کۆتاییی مەشرووتییەتی دووهەم، لەگەڵ هەندێك پچڕانی ناوبەناودا، دەسەڵاتو بەڕێوەبەرێتیی دەوڵەتی عوسمانیی لەدەستدا بوو. ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێکخستنە بەرەنگاربوونەوەی بەڕێوەبەرێتیي سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم بوو. ئەم ڕێکخراوە، ساڵی ١٨٩٤ پەیوەندیی بە ئەحمەد ڕەزاوە کرد لە پاریس. ساڵی ١٨٩٥ ناوی خۆی گۆڕیو بوو بە "کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیی عوسمانی". لەوەبەدواش، زۆربەی کارو چالاکیەکانی خۆی لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەبرد" لە پاریس گۆڤاری "مەشوەرەت" ناوو لە میسریش گۆڤارێکی بەناوی "میزان"ەوە دەردەکردو، هەر لەدژی دەوڵەت ژمارەیەکی زۆر نامیلکەی جیاوازی بڵاوکردەوە. دواتر "موارد میزانجی" بوو بە سەرۆکی ڕێکخستن.

ئەم ڕێکخراوە دووجار هەوڵی کودەتای دا لە ئەستەنبوڵ. بەڵام هەردوکیان ناسەرکەوتووانە کۆتاییيان پێ هات. دوای ماوەیەك، موردا میزانجی وازی لە سەرۆکایەتیی ئەم ڕێکخراوە هێناو ئەحمەد ڕەزا جێگای گرتەوە. بە هاتنی د. بەهادین شاکیرو د. نازم بۆ پاریس، ئەم ڕێکخراوە لە باری کارو چالاکییەوە زیندووترو بەهێزتر بوو. شایانی باسە، ئەم ڕێکخستنە لەم کاتانەدا زیاتر قورساییی دەخستە سەر بەشی ڕاگەیاندنو پروپاگەندە. ساڵی ١٩٠٧ لەگەڵ ڕێکخراوی "کۆمەڵەی ئازادیی عوسمانی"دا کە ساڵێك بەر لەوە لە (سەلانیك) لەلایەن کۆمەڵێك ئەفسەرەوە دامەزرابوو، بوو بەیەك. لەمەودوا ئیدی ڕێکخستن دەیتوانی کاروچالاکییەکانی خۆی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا بە ئاسانی ئەنجام بدا، بەتایبەتی لە (ڕۆمەلی)و، هەتا لە گوندەکانیش بڵاوبووەوە. چالاکیو کاری تیرۆر لە (سەلانیك)و (مەکدۆنیە) دەست پێکران. ئەنوەر بەگو نیازی بەگ، هەندێك دەستەو تیمی تایبەتیان بەناوی (تابووری نەتەوەیی)یەوە دروست کردو لەنێو چیاکاندا جێگیر

بوون. لەم بەینەدا دەوڵەت "شەمسی پاشا"ی بۆ سەرکوتکردنی ئەمانە ڕەوانەکرد، بەڵام لە (ماناستر) کوژراو "عوسمان پاشا"ش ڕفێدراو برایە نێوچیا.

چالاکیی ناردنی تەلگراف بۆ دەربار بە مەبەستی جێبەجێکردنی دەستوورو بانگهێشتکردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵك بۆ کۆبوونەوە، لە هەموولایەکەوە دەست پێکرا. ڕۆژی ۲۳ی تەمووز ئازادی لە ماناستر ڕاگەیاندرا. دوای ئەم ڕووداو و پێشکەوتنانە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم بە ناچاری داخوازایەکانی کۆمەڵەی قەبووڵ کرد. بە ڕاگەیاندنی دووبارەی مەشرووتییەت لە ۲٤ی تەمووزی ۱۹۰۸دا، پێشوازییەکی زۆر لەنێو خەڵکدا لە کۆمەڵە کرا. ئەمە وای لێ هاتبوو کە ئیدی بە شێوەی (ڕێکخراوی پیرۆز) باسی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی دەکرا. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی ڕێکخستن لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی و حکوومەت زیاتر بێ. دواتر ساڵی ۱۹۰۸ وەکوو پارتێك بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا کردو، بە جیاوازییەکی زۆرەوە (لە باری ڕێژەی دەنگەکانەوە) سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

لەگەڵ ئەمەشدا ڕێکخستن دیسان وەکوو جاران بە شێوەی کۆمەڵەیەکی شاراوە درێژەی بە کاروباری خۆی دەداو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو بەڕێوەبەرایەتی لە کۆبوونەوەی شاراوەدا خۆیان هەڵدەبژاردو، ئەمانەی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا نەدەکرد. کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بەرامبەر بە کابینەکەی "کامیل پاشا" دەنگی بێمتمانەییی داو، بەو جۆرە حکوومەتی لەسەر کار لابرد. دوای ڕووداوی ۳۱ی مارت، سوڵتان عەبدولحەمیدی لەسەر کار لابردو، هەموو لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی سەرکوت کرد. هەرچەندە جاروبار کابینەی دژی کۆمەڵە دەهاتنە سەرکار، بەڵام کۆمەڵە ئەمانەی بە تەنگ پێهەڵچنینەکانی خۆی ناکاریگەر دەکردو دەیخستنە ژێر تینوتاوی خۆی. دوای ساڵی ۱۹۱۳، بەڕێوەبەرێتیی ڕێکخستن کەوتە دەستی ئەنوەر پاشاو تەلعەت پاشاو جەمال پاشا.

دوای ئەو شکستانەی کە ڕێکخستن لە یەکەم شەڕی جیهانیدا ڕووبەڕووی بووەوە، کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بە بەستنی کۆنگرەیەکی نائاسایی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی داو، لە ڕێگەی ڕێکخستنێکەوە بە ناوی "گرووپی

دەركـەوت. بـە لەبەرچـاوگرتنی ئـەو دەركەوتنـە پـڕ لـە دڵخۆشـیانەی ئەوكاتە، پێویستە بگوترێ ئەو ڕۆژە كاریگەرییەكی سیحراویی لەسەر ژیانی نەتەوەییمان داناوە. ئیدارەی پێشوو و، لەسەرووی هەموویەوە سـولْتانە زۆردارەكـەی، كـە ئـەنجامێكی خراپـی بێحكوومـەتیو بێئیرادەییـەكی ڕووخێنـەرو قەیراناوییـەو سـەدان سـاڵە بەردەوامـە، سـاڵانێكی درێـژی دەورانێكـی گـلاوی كۆیلایـەتیو دەرنـەبردنی پـڕ لـە كینەو نەفرەتو ئازاری بەسەر خەڵكی عوسمانیدا سەپاند. لەكاتێكدا هیچ چاوەڕوان نەدەكرا، سەرهەڵدانێكی عەسكەری لـە (ڕۆمـەلی) ڕووی داو، بەسایەی سەری ئەوەوەو لەبەر ئەوەی كە داوای وەرگێرانی مافی ئاسایی گـەل یـا دانـانی یاسـای بنـچینەیی[٤] كـرا، ئـەو مافـە درا بـە

تەجـەدود"ەوە هـەوڵی درێژەپێـدانی چـالاكیەكانی خـۆی دا لـەناو وڵاتـدا. دوای ئاگربەسـت، بـە شـێوەیەكی گشتی هـەموو بەرپرسـانی كۆمەڵـە ڕایـانكردە دەرەوەی وڵات. زۆربـەی كادێرەكـانی (ئاسـتی خـوارووتر – كـادێری هـەرێمی)ی كۆمەڵـەش بەشـداریی تێكۆشـانی نەتـەوەییان كـرد. هەرچـەندە ئیتیحادچییەكان، دوای ڕزگـاری، كەڵكەڵـەی وەرگرتنـەوەی دەسـەڵاتیان خـستبوە سـەری خۆیـان، بـەڵام ڕووداوی تیرۆری ١٩٢٦ لە ئەزمیر، بوو بە مایەی كۆتاییو ئەنجامی ئەم ڕێكخستنەو زۆربەی ئیتیحادچییەكان یا بە ئیعدام یان زیندانیكردن (بۆ ماوەیەكی درێژ) تاوانبار كران.

[٤] دەستووری بنچینەیی، ئەو یاسا بنەڕەتیەیە كە گۆڕانی حكوومەتی عوسمانیەكان لـە مۆنارشـییەتی ڕەهـاوە بـۆ حكوومـەتی یاسـاییو مەشـرووتییەت دیـاری دەكـات. دوای ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمید، لە ئەنجامی هەوڵدانی ئەورووپیـەكانو كەسـانی وەكـوو مەدحـەت پاشـاوە، سـاڵی ١٨٧٦ (٣١ی ئـاب) هاتـە سـەر دەسـەڵات، باسـی دانـانی دەسـتوورێكی بنـچینەییش هاتـە ئـاراوە. لـەباتی ئـەو چوارچـێوەیەی كـە مەدحـەت پاشـا بـەناوی یاسـا تازەكانـەوە ئامـادەی كردبـوو، سـوڵتان عەبدولحەمیـد

فـەرمانی وەرگێڕانـی دەسـتووری بنـچینەیی فەڕەنـسای دەرکـردو داوای لـە ئەنجومـەنی وەزیـران کـرد چوارچـێوەیەکی تـازە ئامـادە بکـەن. دوای ئـەوەی چوارچـێوەی داواکراوی دەسـتوور، لەلایـەن دەسـتەیەکی بیـستو سـێ کەسـییەوە ئامادەکرا، ئەنجومەنی وەزیران دواین شێوەی پێداو خستیە بەر دەستی پادشاو، دواتـریش لەلایـەن پادشـاوە ڕاگەیەنـدرا (٢٣ی کـانوونی یەکـەمی ١٨٧٦) ئـەم دەسـتوورە لـە ئـیرادەی یەکلانەیـەی پادشـاوە سەرچـاوەی دەگـرتو، بـەر لـە هەمووشتێك بنەما باوەکانی بەڕێوەبەرێتیی دەوڵەتی عوسمانیی ڕەچاو دەکرد.

مافی پادشایەتی، بەگوێرەی ئەمە، هی کوڕانو نەوەکانی عوسمانەو هەموو کەسو لایەنێکیش ئەمە زامن دەکات. لەگەڵ ئەوەیشدا کە پادشا زۆربەی دەسەڵاتەکانی دەمێنێتەوە، دیسان بەرامبەر بە شتەکان هیچ بەرپرسییەکی نییە. هەمان کات پادشا خەلیفەشەو ڕێ بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە دینیەکان خۆش دەکات. پادشا، سەدری ئەعزەم (سەرۆك وەزیران)و یەك بە یەکی وەزیرانو (شێخول ئیسلام) دیاری دەکاتو ئەرکیان پێدەدات. لەبەر ئەوە وەزیران بەرامبەر بە پەرلەمان بەرپرس نین، بەڵکوو دەبێ وەڵام بە پادشا بدەنەوە، پادشا دەتوانێ ماوەی کۆبوونەوەی مەجلیسی گشتی (ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵكو سەناتۆ) کە ئۆرگانی یاسادانانی دەوڵەتە، کورت یا درێژ بکاتەوە. تەنانەت دەتوانێ، بە مەرجی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی تر، مەجلیس هەڵوەشێنێتەوە. ئەندامانی بەشی (هەیئەتی ئەعیان)، یاخود سەناتۆی مەجلیسی گشتی، لەلایەن خودی پادشاوە دیاری دەکرێن. هەردوو بەشی مەجلیسی گشتی (هەیئەتی ئەعیانو ئەنجومەنی مەبعووسان یاخود نوێنەرانی خەڵك) بەرامبەر بە پادشا سوێندی وەفاداری دەخۆنو دەست بەکاری خۆیان دەکەن.

ئەو ئۆرگانەی کە دەستووری بنچینەیی بۆ یاسادانان دەست نیشانی کردبوو، بە شێوەیەکی گشتی لە ١٩ی مارتی ١٨٧٧ەوە تا ١٦ی شوباتی ١٨٧٨، لەگەڵ ئەوەدا کە جاروبار دابڕانی تێدا دروست دەبوو، نزیکەی پێنج مانگ بەردەوام بوو لەسەر کاری خۆی. بەڵام لەم ماوەیەدا، لەبەر ڕەخنەکانی خۆی، ڕقو تووڕەیی پادشای هەستاند. هەر لەبەر ئەمەش سوڵتان عەبدولحەمید شەڕی دژی ڕووسیای کرد بە بەهانەیەكو مەجلیسی گشتیشی خستە ناوو جارێکی تر بانگی نەکردنەوە بۆ

خەڵك. لە ئەنجامی خراپییەکانی ستەمکاریو داپڵۆساندندا، پێکەوە نەگونجانو بێجموجووڵی لەنێو خەڵکدا و نەفرەتێکی ترسناکیش لەنێو بنەماو توخمە سەرەکیەکاندا باو بوو.

ئەو ڕۆژە گەورەیەی (١٠ی ئاب)، ئەم هەموو پیسایی و نەفرەتە ڕووخێنەرو دوژمنایەتییەی پاك کردەوەو کوژاندیەوە. بەڵام دوای سەرکەوتن، خەڵکی عوسمانی وایاندەزانی لەم شۆڕشەداو بەتایبەت دوای ئەم شۆڕشە خێردارە کە ئێستا ئێمە خەڵکەکەیمان ملکەچی حکوومەتی

کۆبوونەوە. لەمەودوا تا ساڵی ١٩٠٨ هەرچەندە لە باری یاساییەوە دەستوور وەکوو خۆی مابووەوە، بەڵام بە شێوەیەکی پراتیکی بەکار نەدەهێنرا. لەگەڵ ڕاگەیاندنی دووبارەی مەشرووتییەتدا (مەشرووتییەتی دووهەم) دەستووری بنچینەیی کەوتەوە مەیدانی جێبەجێکردن. دوای ڕووداوی ٣١ی مارت، هەندێك گۆڕانکاریی بەرچاو لە دەستووری بنچینەییدا کراو سیستمێکی مەشرووتەخوازو پەرلەمانتاری دامەزراو، ئیدی پادشا لەبەردەم دەستوورو پێکهێنانیدا بە بەرپرس دەزانراو، ئیدی بە پێچەوانەی جارانەوە حکوومەت وەڵامی بە پادشا نەدەدایەوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بەسترابووەوە بە ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکەوە. بە واتایەکی تر، حکوومەتو ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵك کەسایەتیی سەربەخۆی خۆیان بەدەست هێنا. شایانی باسە، هەندێك ماف و ئازادیی وەك دروستکردنی کۆمەڵەو ڕێکخراو، مافی کۆبوونەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی بە یاسا لەم دەستوورەدا چەسپێندرا.

دوای دەست پێکردنی یەکەم شەڕی جیهانیو سەردەمی دەسەڵاتی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، دیسان وەکوو جاری پێشوو دەستووری بنچینەیی نەخرایە مەیدانی پیش پێکردنەوە. لە قۆناغی شەڕی ڕزگاریدا، تەنانەت ساڵی ١٩٢١، ڕێکخستنی سەرەکیی یاسا بڕیاری دا ئەو بەندانەی دەستوور کە لەگەڵ دەستووری تازەدا ناکۆکییان نییە، وەکوو خۆیان بمێننەوە. ساڵی ١٩٢٤، هەر ئەم ڕێکخستنە دەستووری تازەو ئەوەی ساڵی ١٩٢١ی پێکەوە هەڵوەشاندەوە.

داخراوی عەسکەری کردووە، لەنێو میانڕەوییەکداو بە کێبڕکێ لەگەڵ مرۆڤە ئازادەکانـــدا دەژیـــن. پێگەیـــشتوویيەکیان بەرامبـــەر بـــە کۆبوونـــەوە ڕاگەیانـدراوەکان تـا هـەر ئازادییـەکی تـر نیـشان دا. هـیچ کاتێـك سـنووریان تێپەڕ نەکردو گەیشتنە ئەو ئاستەی کە ئەوروپاییـەکان سـەریان لـە ئاسـتی ئەمەدا سوڕماو گوتیان ((ئەم خەڵکە چەند سـەیرە ! چۆن و چ کاتێك فێری ئەم زانیاری و پەروەردەی ئازادییە بوون ؟)).

ئـەم بارودۆخـە تـا ماوەیـەك هـەروا بـەردەوام بـوو. مەشـرووتییەت، بەرەکـەتی خـۆی لـە هەرلایـەکی ئـەم وڵاتـەو سـەر هـەر کەسـێك و هـەر دەسـتەیەك ئاشـکرا کـرد. لـە مەیـدانی ڕاگەیاندنیـشدا، ڕۆح و جـۆش و خرۆشێك هەبوو. کۆبوونەوەی زانستی، ئەدەبی، سیاسی لەنێو خەڵکدا دەکـراو، دەسـتەو گرووپـی جیـاواز پێـك دەهێنـران. بـە کـورتی، ئێمـەو دنیاش لـە شۆڕشـەکەمان ڕازی بـووین. بەڵام کەسـانێکیش هـەبوون لـەم بـەختیاری و ئاســوودەیی و بەرزبوونەوەیـە ڕازی نـەبوون. ئەمانــەش ئەوانە بوون کە دەیانویست بـە بەکارهێنانی ئـەم شۆڕشـە سـتەمکاری و داپڵۆسـین بخەنـە کـارو زۆر سـەرکەوتوو نـەبوون. شـتێکی سـەیرە، دەرکـەوتنی بەرەکـەتی ئـەم مەشرووتییەتەو وڵاتەکـەمان ئـەم کەسـانەی لەژێرەوە بێزار دەکردو وای لـێ دەکرن ناهـەقی و خراپـەکاری بکـەن بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان. ئـەو بەسـەرهات و ناسـۆری زەحمەتانـەی وا مەشـرووتییەت بەخۆیـەوە دیـونی و مـن هـەوڵ دەدەم یـەك لـەدوای یـەك باسیان بکەم و بیانسەلمێنم، هەمووی لەسـەر ئـەم بنەمایـەو بـەپێی ئـەم خراپکاریانە دەرکەوت.

ئەو قارەمانە درۆینانەی کە بە درۆوەو بەناوی تێکۆشەری ڕێگەی ئازادییەوە خۆیان لەقەڵەم دەدا، بە شێوەیەکی نهێنی و شاراوە کەوتنە تێکدان و گلاوکردنی باشی و چاکیەکان، چونکە ئەو مەشرووتییەتە گەورەیە لە بایەخی ئەوانی کەم دەکردەوەو هیچ وپووچییانی دەخستە بەرچاو. ئەمەش، بەگوێرەی بەرژەوەندی ئەوان، شتێکی گونجاو نەبوو.

ئەوکاتەی دەورانی خۆنواندن و چەپڵەلێدان کۆتایی پێ هات و بەسەرچوو، وەختی هەڵبژاردن هات. ئیدی بە شێوەیەکی ئاشکرا کەوتنە ناو فێڵ و تەڵەکەبازی لە هەڵبژاردندا، کۆمەڵە -کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی- تەنیا بە دەست تێوەردان و جۆرکردنی چەند کەسێکی چاوچنۆك، هەموو توانایی و هێزێکی خۆی بۆ پاراستنی بەرژەوەندەکانی بەکار هێناو، لەو ڕێگەیەدا تەنانەت بنەماکانی مەشرووتییەتیشی پێشێل کرد. لەکاتێکدا خەڵك بە زانایی و نەزانییەوە بە شێوەیەکی سوپاسگوزارانەو ڕێزلێنەرانە تەماشای سوپایان دەکرد، لەملاشەوە دەیانویست بەگوێرەی ویست و خواستی جۆراوجۆر، شێوە بە کۆمەڵە بدەن و، گەمەیەکی زۆریان لەسەر ئەم باباتە کرد. پارچەپارچەکردنی ئەو یاسا بنەڕەتیەو ئازادیە پیرۆزەی کە تازە گەیشتبوە ئەنجامی خۆی، بەهۆی هێرشێکی چاوچنۆکانەوە، شتێکە نابێ شایستەی (پیاوە گەورەکانی ئازادی) بێ، کە دڵیان بە ویست و لاف وگەزافی پێشەنگایەتی ڕێگەی مەشرووتییەت لێی دەدا. لەبەر ئەوەی کە وەهاش بوو، لەملاو لەولاوە گلەیی و سکاڵا دەستی پێکردو، تێکۆشانی سیاسی بەناوی یاساوەو لەپێناوی ئازادیدا کەوتنە مەیدانەوە. خۆی لەبنەڕەتدا یەکێکی ئەو هۆیانەی کە بوو بە مایەی بەهێزبوونی ئەو ناڕەزاییانە، کۆکردنەوەی یارمەتی بوو بۆ کۆمەڵە.

بڕی ئەو پارەیەی کە بەناوی گەلەکەمانەوە لە خەڵکی ڕەشۆکی وەردەگیرا، زۆر نەبوو. بەڵام دزیی زۆر لەو پارەیەی کە بە زۆرەملێ و بەبێ هیچ هۆیەکی تر لە کۆنە دەوڵەمەندو پیاوماقووڵو ناوداران وەردەگیراو تاکوو ئێستاش بڕە ڕاستەقینەکەی بەشاراوەیی ماوەتەوە، دەکرا. لەمەبەدوا ئیدی قۆناغی قۆرخکردنی دەسەڵاتو نیشتمانپەروەریو، بەتایبەت قۆناغی تۆمەتبارکردن دەستی پێکرد.

هەموو پێکهاتەکانی وڵاتی عوسمانی لە موسڵمانو فەلەوە بگرە تا کوردو ئەرمەنیو تەنانەت دەستەو توخمەکانی نێو نەتەوەیەکیش، ساڵانێکی دوورودرێژ پێکەوە لەناو ناکۆکی و پێکدادانددا ژیاون. ئەوکاتەش گرووپی (ئیتیحادو تەرەقی) هاتنە سەر حوکم، خۆیان بە لاوانی تورک (ژۆن تورک)[٥] لەقەڵەم دەدا. بەهۆی ئابوورییەکی دەوڵەتیی سەرسوڕهێنەوە، چارەنووسی نەتەوەییمانیان بەرەو هەڵدێر بردو، لەبەر ئەوەی کە دەیانویست بە هەر شێوەیەك بێ دەسەڵاتی

بنکەی ژین
www.zheen.org

[٥] ژۆن تورکەکان، (Jeune Turc)، وشەیەکی فەڕەنسییە بە واتای (تورکی گەنج)، بەو کەسو ڕێکخراوانە دەگوترێ کە بەتایبەت سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم لە دەرەوەی وڵات بەشداریی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیان کردووە. ئەم وشەیە کراوە بە تورکیو، وەکوو "تورکی گەنج" بەکارهێنراوە. ئەو عوسمانیانەی کە دژایەتیی سیاسیی عەبدولعەزیزیان دەکرد، بە ژۆن تورکەکانو بزووتنەوەکانیشیانەوە، بە بزووتنەوەی یەکەمی ژۆن تورك ناوزەد دەکرا.
بەڵام ئەم ناوە زیاتر بۆ ئەو ڕێکخراوە عوسمانیانە بەکار دەبرێ کە لەکاتی سوڵتان عەبدولحەمیددا هەوڵی ڕووخاندنی حکوومەتیان دەدا لە دەرەوەی وڵاتەوە. لەبەر ئەمە کۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقی ویستوویەتی ئەم ناوە بۆ خۆی بەکار بێنێو بایەخی پێ داوەو، ئەندامەکانی خۆشی بە "ئیتیحادچی" ناو بردووە.

زیاتر بگرنە دەست، نەیاران و دوژمنانی خۆیانیان سەرکوت دەکرد (هەروەك نەریتی پێشینە) و بەم جۆرە ڕەنگی ڕێکخستنێکی سەرەڕۆو فراوانخوازو هەڕشەکەری لێ نیشت. ئەو شۆڕشی مەشرووتەیەی کە بە شێوەیەکی گشتی ڕێزی لە مافە سیاسیەکانی تاك و کۆمەڵەکان دەگرت و باسی یەکسانی تاك و کۆمەڵەکانی بەرامبەر بە یاسا دەکرد، نەدەشیا مافی زۆرداری و فراوانخوازی بە شێوەیەکی ماددی و مەعنەوی بدات. ڕێکخستنێك کە بە شانازیکردن بە بەرپاکردنی شوڕشەوە خۆی پێش خستووە، خۆسەپێن و دژی مەشرووتییەت و لەناوبەری ئازادییە. لەگەڵ ئەمەدا کۆمەڵە، لە کاروباری هەڵبژاردندا، بە کەڵك وەرگرتن لە پاشاگەردانی ئەو کاتانەو، بەتایبەت لە نەزانی و کەمتەرخەمی خەڵکەکەمان کە بە تەواوی لە سنوورەکانی ئازادی (وەکوو مەشرووتییەت چییەو هەڵبژاردن چۆن دەبێ) تێنەگەیشتبوون، دەستی بە پیلانگێڕی و گەمە کردو کێشە گرنگەکانمانی وەکوو ئاشتی نەتەوەکان و پێکهاتنی بنەماو توخمەکان ئاڵۆزتر کرد. بۆ ئەوەی بەسەر ئەم هەموو کارانەدا زاڵ ببێ و سەرکەوتوو دەرکەوێ، پێویستی بە هێزێکی داپڵۆسێن و تێنەگەیشتوو بوو. ئەویش هەمان هێزی عەسکەری بوو، بەسایەی ئەمیشەوە کەوتە فشارو تەنگ پێ هەڵچنین و خۆسەپاندن و بەکارهێنانە خراپە بێکۆتاییەکان.

ئیتیحادو تەرەقی لەناوەوە لەڕێگەی فەرمانە نهێنیەکانی خۆیەوەو، لە دەریشەوە بەهۆی سەربازەکان و هێزی چەکداری یارمەتیدەری خۆیەوە (بۆ نموونە، وەکوو کۆمەڵی تاوانبارەکانی سیرۆز) زوڵم وزۆریان بەامبەر بە خەڵکە بێزارەکەمان بەکار دەهێناو بەبێ هیچ

شەرمێك بنەمای ڕایژوكاری شۆڕشی مەشرووتەیان دەنایە ژێر پێ‌و، تەنانەت لە هەندێك جێگاشدا بە زۆری چەك هەڕەشەیان لە خەڵكە دووبارە تاوانكراوەكان دەكرد. بەم جۆرە ئەم كۆمەڵە بوو بەهۆی دوورخستنەوەو ساردكردنەوەی هەموو پێكهاتەو بنەماكانی ئەم وڵاتە لە ئاشتی. لەوەش زیاتر، لە ڕێگەی "شوورای ئوممەت"[٦] و چەندین ئۆرگانی ڕاگەیاندنی ترسنۆك‌و ماستاوچی‌ی ترەوە، هەوڵی بەدرۆخستنەوەی هەواڵی ئەنجامدەرانی ئەو ڕەفتارانە دەدرا كە بە شێوازێكی نهێنی (ئەم جۆرە یاخود بەو جۆرە) بڕیاریان لەسەر درابوو و جەستەی مەشرووتەیان پێ بریندار كردبوو. خۆی لەبنەڕەتدا كاتێك "تەنین-طنین"[٧] دوای ماوەیەك دەستی بە شاردنەوەو داپۆشینی كارە نەگونجاو و گەندەڵیە پەردە لەڕووهەڵماڵراوەكانی خۆی كرد، بە

---

[٦] "شوورای ئوممەت" ڕۆژنامەیەكە ژۆن توركەكان لە (١٠ی نیسانی ١٩٠٢)ەوە لە پاریس دەریان كردووە. یەكەم سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە "سامی پاشازادەی سەزایی" بووە. ڕۆژنامەكە سەرەتا زمانی‌حاڵی سیاسەتی عوسمانی بووە. بەڵام دواتر ئیتیحادچییەكان كۆنترۆڵیان كردووە (١٩٠٦). ئەم ڕۆژنامەیە "د. بەهادین" لە ئەستەنبووڵ بەرپرسی بوو و بە شێوەیەكی بەردەوام دەردەچوو، ساڵی ١٩٠٨ بوو بە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی.

[٧] "تەنین-طەنین" ڕۆژنامەیەكی سیاسی‌ی ڕۆژانەیە، دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتەی دووهەم لەلایەن "جاهید یاڵچین، تۆفیق فیكرەت، حوسەین كازم قەدری"یەوە دامەزرا. یەكەم ژمارەی ١ی ئابی ١٩٠٨ دەرچوو و كاتی ڕووداوی ٣١ی مارتیش چاپخانەكەی ڕووخێندرا. دوای ماوەیەك لە دەرچوونی، كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی‌و كڕیی‌و بوو بە ڕۆژنامەیەكی ئەوان. جێی باسە، بەر لەوەی ئەوە ڕووبدات، ئۆفیق فیكرەت‌و حوسێن كازم قەدری لە ڕۆژنامەكە جودابووبوونەوە. دوای هەموو ئەمانەش، دیسان حوسەین جاهید یاڵچێن ناوەناوە ئەم ڕۆژنامەیەی دەردەكرد.

بڵاوکردنەوەی بۆچوونی بێجۆورێی سەربەخۆیی لەلای ئەمو ئەو و دروستکردنی ئامانجی شۆڕشگێڕانەو ڕاپەڕینخوازی، تۆوی دوژمنایەتیو دڵشکانو لەیەك زیزبوونی لەنێوان هەر نەژادو پێکهاتەیەکی وڵاتی عوسمانیدا، لە ڕۆمیو ئەرمەنییەوە بگرە تا عەرەبو ئەلبانی، وەشاند. کە چاومان بەم بارودۆخانە دەکەوت، لەدەروونەوە ئازارمان دەکێشاو خەفەتمان دەخوارد. دوای سەرکەوتن، دەبوایە وای لێ بهاتبایە ؟ ئێمە هێشتا لە باوەشی ڕابردوودا هەڵبەزو دابەزمان بوو. مادام بنەماکانی شۆڕشی مەشرووتە پەسند کرابوون و پێڕەویکردنی یاسای بنەڕەتی بە کارێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرا، پێویست بوو چالاکیو بیرو بۆچوونی هەر کەسێك لە چوارچێوەی ئەم یاساو بنەمایەدا ئازاد بوایە. بەڵام لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی ئەم مافە ڕەوا و سروشتییە لەلایەن هەندێك کەسەوە لەگەڵ بەرژەوەندەکانی ئەواندا نەدەگونجا، هەوڵیان دەدا ئەم کەسانە لەبەردەم ڕای گشتیدا سووك بکەنو پچووکیان بکەنەوەو، تۆمەتی نادیاریی باوكو دایك، خیانەت بە نیشتمان، دوورەپەرێزییان بخەنە پاڵ. وەك ئەوە وابوو کە مەشرووتە تەنیا موڵکی کۆمەڵە بێ. هەر کەسێك بیری لە نیشتمانەکەی بکردایەتەوەو ئارەزووی پێشکەوتنو بەشارستانیبوونی وڵاتەکەی لەسەردا هەبوایە، پێویست بوو ببێتە ئەندامی کۆمەڵە. "بیرو بۆچوونی پێشکەوتوو، نیشتمانپەروەری، پارێزگاری" و هەموو شتەکانی تر، ئەوان پاوانیان کردبوون. بۆ ئەوەی بتوانی کەڵك لەو شتە قۆرخکراوانەو بەتایبەت مەشرووتییەت وەربگری، پێویست بوو ((کلیلەکانی بەهەشت لە پاپا بکڕی))، چونکە جگە لەوەی کە

بەرپرسـانی ئـەم ڕێکخـراوە دەیـانگوت کۆمەڵـە سـوودی نـەبڕاوەی باوکایـەتی و پارێزگاریی هەیـە، شـتێکی تـریش لـەئارادا بـوو، ئـەویش پیرۆزییەکی تری بێکۆتایی بوو، یانی وازنەهێنانی ئەم ڕێکخراوە بوو لە دووبارەکردنـەوەی باسـی گـەورەیی‌ی خـۆی و، لەبـەر ئەمـەش هـەوڵی بەدەسـتهێنانی پێگەیـەکی مەعنـەویی دەدا وا کـە هـەموو کەسـێك کڕنۆشـی بـۆ بـەرێ. ئـای مەشـرووتییەتە بێچارەکەی ئیتیحـاد.. ((ئایا بەیانی شەوێکی وەها ڕۆشنایی و خێری تێدایە، یان نا!)).

من و ئەوانەی لە ئەوروپا بوون

لـە ڕابـردوودا وەکـوو ڕۆژی ئـەمڕۆ، هـەروەك چـۆن ئەوروپیـەکان باوەڕیـان بـە پایەبـەرزیی دونیـای زانـست هێنـابوو، ئێمـەش لـە دەوروبـەری ئایـدیالێکی پایەبڵنـدو چارەسـەرێکی ڕزگـارکردنی وڵاتەکـەمان لـە مـەترسـی‌ی لەناوچـوون و دواکـەوتن کۆبووبووینـەوە: مەشـرووتییەت، ئیرادەیـەکی ئـازادو ڕۆشـن، حکوومـەتێکی پێشکەوتنخوازو دادپەروەر، ئازادی و خۆشی و بەختیاریی داهاتووی خۆمان لەم ئارەزوانەدا دەبینیەوە کە لەگەڵ سەربەستیەکاندا کێبڕکێیان بـوو. هـەروەها لەدڵـەوە هیواخـوازی پێشکەوتن و بەرزبوونـەوەی وڵاتـە لێقەوماوەکەمان بووین. شەڕ، سەرتاپای وڵاتەکەمانی داگیر کردبوو. ئـەم وڵاتـە لـە ئاوەدانکرنـەوەو شارسـتانی و تێگەیـشتن بێبـەش بـوو. خەڵکەکـەشمان لـە قووڵایـی‌ی نـەزانی و کەمتەرخەمیدا ژیانیان بەسـەر دەبـرد. هـیچ نیشانەیەکی بچووکیش لـە نیـازی بـاش و کـاری دەسـت پێـشخەرانەی ئیرادەکـەشمان (مەبەسـت دەسـەڵات) لـەئارادا نـەبوو.

بەشێوەیەکی گشتی و ڕاستەوڕاست، بە کوێرایی ی ویژدان و دەروونی خۆمانەوە، بە پەلە بەرەو زەلکاوی لەناوچوون و تاریکایی دەڕۆیشتین. حکوومەتی پێشوو، لە ساڵی یەکەمی شادی و بەختیاریدا، لە یەکەم ساتەکاندا، بە سەرەڕۆیی و زۆرداریی خۆی، یاسای بنەڕەتی ئەم وڵاتەی کە بە هەوڵدانە ئازایخوازەکانی پیاوی بەشەرەف و شەهیدی بێتاوان "مەدحەت پاشا"[8] ئامادەی جێبەجێکردن کرابوو، خستە ژێرپێ و، دوای ئەو تاوانە چەپەڵە، بە هەموو هێزێکی خۆیەوە وەك جاران دەستی کرد بە دوژمنایەتیکردنی ڕووناکی و خۆشی و بەختیاری و پێشکەوتن. دووبارە هەمان ڕێگەی پەرێشانی و

---

[8] ناوی ڕاستەقینەی "ئەحمەد شەفیق" و ساڵی ١٨٢٢ لە ئەستەنبووڵ لەدایك بووە. ساڵی ١٨٨٤ یش لە (تایف) ژیانی خۆی لەدەست دا. ناوبراو، یەکێك بوو لە گەورە بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی. "ڕوسچوکلو حاجی ئەشرەف ئەفەندی"ی باوکی، لە زۆر جێگە کاری دادوەریی کردووە. لە تەمەنی دە ساڵیدا قورئانی پیرۆزی لەبەرکرد و، بوو بە (حافزی قورئان). لە تەمەنی سیانزە - چواردە ساڵیدا، لە قەڵەمی (دیوانی هومایۆنی) دامەزراو، ناسناوی "مەدحەت"ی بۆ خۆی هەڵبژارد. بەدەم ئەم کارەشەوە، خوێندنی خۆی لەلای مامۆستای تایبەت درێژە پێداو، فێری زمانی عەرەبی و فارسی بوو. دوای ئەوەی بوو بە سی و پێنج ساڵ، فێری زمانی فەرەنسیش بوو. شایانی باسە، مستەفا ڕەشید پاشا پارێزگاری لێ دەکرد و ڕێگەی پێشکەوتنی بۆ دەکردەوە. دواتری ئەرکی نووسەری، پارێزگاری، نوێنەرایەتیی پارلەمان، سەدری ئەعزەم (یا سەرۆك وەزیران)ی وەرگرت. ڕۆڵێکی کاریگەری لە لابردنی عەبدولعەزیزدا لەسەر تەختی دەسەڵات هەبوو. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم لەپێشدا کردی بە سەرۆك وەزیران و، دواتریش کە عەبدولعەزیز مرد، بە تاوانی ئەوەی کە پەیوەندیی لەگەڵ (عەبدولعەزین)دا هەبوە، موحاکەمەی کرد و، لە ئەنجامدا دوورخرایەوە بۆ (تایف) و، هەر لەوێش کوژرا.

بەدبەختیی جارانمان گرتەوە بەر. بەم جۆرەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژو سات بەسات زیاتر دەتواینەوەو، لە باری مەعنەویی و ماددیشەوە ڕوومان لە دابەزین و بێهێزی کردبوو. پاشایەتیی ستەمکار کە لەباتی دەسەڵاتی نەتەوەیی هاتبوە سەر کار، بە بەکارهێنانی توندوتیژی دەرهەق بە ئازادیخوازان و ئارەزووی لەناوبردنی هەمیشەیی ئەوان، ئاستەنگی لەبەردەم بیرو بۆچوون و قەڵەم و ڕاوێژکاریی و بنەماو دەستکەوتەکانی ئازادیدا دروست دەکرد. ئێمە سامناکترین دوژمنی ڕاستەقینەو ئۆپۆزیسیۆنی خەفەتبارو بێهیوای ئەم سەرەڕۆیی و زۆرداریییە چەپەڵ و ناسۆراویی و ئیرادە کوێرە بووین. لە ئەوروپا وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ خۆشیان دانی پێدا دەنێن و ڕەتی ناکەنەوە، ئەوی سەبارەت بە مەشرووتییەت سەری لە ئێمە دەدا، بۆی تێدەکۆشاین و خۆمان لە هاوکاریکردنی نەدەدزییەوە. ئێمە لەبەر شان و شکۆو پلەوپایە بەشداریمان لە کارەکانی تایبەت بە مەشرووتییەتدا نەکردووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی شاراوەو لەبەر خاکیبوون و سادەییی خۆمان بەشداریمان لەم کارانەدا هەبوە، چونکە مەبەستمان لەم دژایەتیی و ناڕەزاییدەربڕینە، بەرزبوونەوەو پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسیی خۆمان نەبوو. خۆی لەبنەڕەتدا ئەوە بە ئەندازەی پێویست دەرکەوت کە ئێمە لەو جۆرە ئارەزوە تاریك و ڕەشانەوە دوور بووین. دوو پارتی شۆڕشگێر لە ئەوروپا، بە تایبەت لە پاریس، هەبوو، پارتی "سەباحەدین ئەفەندی"[9] و تێکۆشەرانی "ئیتیحادوتەرەقی". ئێمە

[9] سەباحەدین بەگ، شازادەیەکە، ساڵی ١٨٧٨ لە ئەستەنبووڵ لەدایك بووەو، ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٤٨ لە سویسرا ژیانی خۆی لەدەست داوە. ناوبراو، یەکێك

بەپێی توانایی‌و بۆ یارمەتیدانی ئەم دوو پارتە تێکۆشەرە، بەشداریی ماددیی‌و مەعنەویمان لە کارەکانیاندا بە شانازی دەزانی. سەرەڕای تووڕەیی‌و نەفرەتی عەبدولحەمیدو هەبوونی ئەگەری دەرکران‌و بە مەترسییەوە وەرگرتنەوەی ئەرکەکەمان، بەبێ‌ترسانە گەنجە دوورکەوتوەکانی ولاتمان پاراست. هەواڵی پەیوەندیەکانی من لەگەڵ "ژۆن تورک"ـەکاندا، بەزوویی گەیشتەوە ئەستەنبووڵ. بۆیە فەرمانی وازهێنان لە ئەرک‌و گەڕانەوەم بۆ ئەستەنبووڵ پێدرا. ئەم هەموو ئاستەنگانەی عەبدولحەمید نەیانتوانی ببنە ڕێگر لەبەردەم بیرو بۆچوونی ئازادیخوازانەی مندا. لەڕاستیدا ئەم بەڕێوەبەرێتیەی ئێستاش دیسان وەك جاران پەنای بردوەتەوە بە تەگبیرو ڕێ‌وشوێنە کۆنەکان. ئایا ئەمە، بە شێوەیەکی پڕ لە پەرێشانی‌و ئازار، تووشی

بووە لە بیرمەندەکانی دەورانی کۆتاییی ئیمپراتۆریای عوسمانی. لەبەر ئەوەی کوڕی سەنیحە سوڵتانی کچی عەبدولمەجیدو باوکی "داماد مەحموود جەلالەدین پاشا" بووە، بە شازادە بانگیان کردووە. بە شێوەیەکی تایبەتی پەروەردەکراوەو، دواتر لەگەڵ باوکیدا بەرەو ئەورووپا چووەو ڕایان کردووە. لە پاریس، چەندین نووسراوو وتاری جۆراوجۆی لە ڕۆژنامەو ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندنیدا بڵاوکردەوە. دواتر لە (١٩٠٦-١٩٠٨)دا گۆڤارێکی مانگانەی بەناوی "تەرەقی"یەوە دەرکرد.
ساڵی ١٩٠٨ و دوای شۆڕش گەڕایەوە بۆ ئەستەنبووڵ‌و، بیرو بۆچوونەکانی خۆی لە چوارچێوەی (دەست پێشخەریی تایبەت‌و ڕەتکردنەوەی ناوەندخوازی‌و پاوانکاری)دا لە سێ کتێبی بچووکدا بە ناوەکانی "ڕوونکردنەوەی یەکەم‌و دووهەم‌و سێهەم"ـەوە بڵاوکردەوە. لەبەر دژایەتیکردنی کۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقی، ناچاریان کرد دووبارە بچێتەوە بۆ دەرەوەی ولات. دوای دروستبوونی کۆماریش، لەبەر ئەوەی یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی عوسمانی بوو، ڕێی پێنەدرا بگەڕێتەوە.

شکست نەبوو ؟ لە ئەنجامیشدا ئەمڕۆ پاشماوەو بەشەکانی ئازادیخوازی دان بەوەدا دەنێن کە ئێمە لە دەورانی پێشوودا یارمەتیمان داون. خودا دەزانێ. من نەمدەویست بە هیچ شێوەیەك باسی ئەم شتانە بکەمو ڕوونیان بکەمەوە. ئەمانە بە مەبەستی خۆگەورەکردنو خۆپەسندان ناهێنمە سەر زمان، بەڵکو بەداخەوە هەلومەرجی ئێستا، لەبەر پاراستنی ناموسو پارێزگاری لەخۆکردن، ناچاری ئەمەی کردم. لەلایەکی تریشەوە، سوپاسگوزارین کە ئێمە کەسێکی بەو ئەندازەیە کەوتوو نین کە ئەرکی بەجێهێنانی قەرزاریمان بەرامبەر بە وڵات، بە هەندێك شتی ئاسایی بگۆڕینەوە. ئێمە تەنیا ئەرکی خۆمانمان بەجێهێنا. ئێستاش بە هەمان شێوە پابەندی هەڵوێسەکانی خۆمانین. ئەمەش ڕوویەکی سەیری ڕووداوەکانە. "ڕزگارکەرانی-نەتەوە" کە لە ئەوروپاو ڕۆژئاواوە هاتبوون، لەبەر تەنگ پێهەڵچنینو گوشاری هەلومەرجی ئەوکاتە، بە کەڵکوەرگرتن لە پلەوپایەکانی خۆیان، هەوساری دەسەڵاتی بەڕێوەبەرێتی ئەم وڵاتەیان گرتە دەست. دوای ئەم سەرکەوتنە چاوەڕواننەکراوانە (هەرچۆنێك دەبێ با ببێ ئەوانە "کۆمەڵ" شۆڕشیان بەرپانەکرد)، داروەستەی ئیتیحادو تەرەقی ئێمەشیان خستە ناو وەفدەکانیانەوە. شایانی وتنە، ئێمەش دووبارە لەبەر بیری پێشکەوتنی وڵاتو پتەوبوونی پایەکانی مەشرووتییەت، هاوبەشی ئەمانەمان کرد. ئێمە ئەوکاتانە هەم گەورە بووین، هەم وڵاتپارێز، چونکە هێشتا دژایەتیمان نەدەکردو بە ئاشکرا بەرامبەر بە ناهەقیو ستەمکاریو کوێراییەکانیان دەرنەکەوتبوون. بەڵام لەدوورەوە، بە خەفەتو ئازارەو ترسەوە،

تەماشای ئەو بارودۆخە نەگونجاوە پڕ لە گەندەڵییەمان دەکرد کە بنەماکانی مەشرووتییەتیان دەڕووخاندو، ئێمەش لەسەرەوە باسی هەموویمان کرد. زۆر بە ڕاستیش لە ئاکامەکان دەترساین. ئێمە بەشداریی سوپاو سەربازەکانمان لە سیاسەتو کاروباری حکوومەتو دەستێوەردانی چارەنووسی نەتەوەییدا بە هەڵەو تاوانێکی لێنەبوردراو لەقەڵەم دەداو، جاروبار بە ناسکیو بە زمانێکی نەرمەوە دەکەوتینە باسی ئەوە بۆ هاوڕێیانمانو هاوڕێکانی کلووپ کە ئەم زۆردارییە خراپەی وا سوپا لەڕێگەی حیزبایەتییەوە دەیکات، لەئەنجامدا مەشرووتییەت تێك دەداتو وڵات وێران دەکات. زەمینەی ئازادی، شایستەی ئەمجۆرە شتانە نییە. ئەمە خۆی لەخۆیدا کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنماندا دروست دەکات. ئەو ماوەیەی کە لە (کلووپ) ئەندام بووین، لەبەر ئەوەی کە لە بەرپرسیی ویژدانیی خۆمان دەترساین، ناڕەزاییی خۆمان بەرامبەر بە هەر هەڵەیەکی بچووك– گەورە دەردەبڕی. لەم بارەیەشەوە، لە هەموو کەسێك زیاتر مافێکی سروشتیی ئەزەلیو پڕ لە بەختەوەریمان هەبوو. ئێمە، لەبەر بەرژەوەند یاخود کەسێتیی ئەوانەی کە لە ئەوروپا بوون، دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ نەکردبوونەوە. بەڵکوو تەنیا لەبەر نیشتمانو مەشرووتییەت هاوکاریمان کردبوون. لەبەر ئەوەشە، ڕۆژی ئەمڕۆمان وڵات لە کەسو مەشرووتییەتیش لە کەسێتی گرنگترەو، هەمیشەش وەها دەمێنێتەوە. ئێمە هیچ کاتێك سواڵی دۆستایەتیو بایەخپێدانێکی ناپێویستو بێواتامان لە هیچ کەسێك نەکرد، بەڵکو تەنیا داواکاری هەقو ڕاستی بووینو هەروەهاش دەبین. لەبەر ئەوەی

ئێمە قەرزارو ناچاری پەسندان و بەرزکردنەوەو بەباڵادابڕینی هیچ کەسێکی ناشایستە نەبووین، ئاوها نارەزایی خۆمان (هەرچەندە تاڵیش بێ) لەسەر هەر بابەتێك دەردەبڕین و بەناوی مافەوە ئەو مافەی خۆمان ناکەینە قوربانی. ئەم شتانەی وا لێرەدا دەیانورووژێنین، لەوێدا هەموویمان پێك هێنابوو. یەکە بە یەکەی هەڵەکانیانمان بۆ دەژماردن. ئەگەر گونجاو بوایە ڕێگەمان پێ‌نیشان دەدان و، لە باری شارستانێتی و تێگەیشتوویی و بەڕێوەبەرێتییەوە ئامۆژگاریمان دەکردن. بەکورتی، دەتوانم بڵێم ئەوکاتە ئیتر لەمە تێ‌گەیشتم کە من بە تەواوەتی لە باری بیرو بۆچوونەوە ناکۆکیم لەگەڵ پیاوە ناسراوەکانی "ئیتیحادو تەرەقی"دا هەیە. بۆ نموونە، ئەو پیاوانە دەیانویست کەسانی ناشیاو بە خۆیان و، تەنانەت ئەو کەسانەشەوە کە نەدەچوون بۆ پرسەو سەرەخۆشیەکانیان، پەرێشان بکەن و لەناوبەرن. خۆ لەڕاستیدا دواتر هەر وەهایان کرد. هەڵس‌وکەوت و تاوانێکی لەم جۆرە، بەگوێرەی ویژدان و ئاستی تێگەیشتنی من، بەرامبەر بە نەتەوەکانیش لەگەڵ ئەو کەسانەدا جیاوازی و ناکۆکیمان هەبوو. بەڵام ئەم جیاوازیە تا ئاستێك زانستی و، لە ئەندازەیەکیشدا سیاسی بوو. هەر بۆیە دەتوانرا پێکهاتن بهێنرێتە ئاراوە. بەڵام شادی و چێژی تاوان کەلەبەرێکی قووڵی لەنێوانماندا دروست کرد. وەك چۆن پێشتر ئاماژەم پێ‌کرد، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی هەر لەوکاتەوەی کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی گرتە دەست، بە شێوەیەکی ناڕەوا دەستی بە کۆکردنەوەی ماڵ و سامان کرد. دەیانویست، بە سوودوەرگرتن لەم هەلە، گیرفانەکانیان پڕ بکەن. ئەوکاتە یەکسەر تێ‌گەیشتم ئەو هەموو

دەنگەدەنگو باڵادەستییە لەبەر ئەم شتەیەو، ئەوەش کارێکی خراپی کردە سەر من. کات، خۆبەخۆو بەپێی نەریتی خۆی، ڕاستیی ئەم خەفەتو ئازارەی سەلماند؛ بەتایبەت داروودەستەی "ئەحمەد ڕەزا"[10] و "ڕەحمی"[11] و "تەلعەت"[12] و "نازم"[13] و "بەها شاکیر"[14] بە

---

[10] ئەحمەد ڕەزا، سیاسەتمەدارێکی وڵاتی عوسمانی بووە. ساڵی ١٨٥٩ لە ئەستەنبووڵ لەدایک بووەو، ساڵی ١٩٣٠ لە هەمان شاردا مردووە. ئەندامێکی سەناتۆی یەکەم (مەجلیسی ئەعیانی یەکەم) بووە، عەلی ڕەزای باوکی، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا هەبوە، بە "عەلی بەگی ئینگلتەرەیی" ناوبانگی دەرکردووە. بە پەروەردەیەکی ڕۆژئاوایی گەورە بووە. دوای ئەوەی دوا قۆناغی خوێندنی خۆی لە قوتابخانەی کۆتاییی (غەڵەتە سەرای) تەواو کردووە، بۆ خوێندنی بەشی کشتوکاڵ لە زانکۆ چووەتە ئەورووپا. لە گەڕانەوەدا، بووە بە بەڕێوەبەری بەشی زانستی لە (بورسە). دوای ماوەیەك وازی لەو کارە هێناوەو ڕووی کردوەتە پاریس و، هەر لەوێش بووە بە سەرۆکی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی. ناوبراو، ڕۆژنامەی مەشرووتییەتی بە زمانی تورکیو فەڕەنسی دەرکردووە. ساڵی ١٩٠٨و دوای شۆڕش گەڕایەوە بۆ ئەستەنبووڵ، ئەرکی ڕاوێژکاریو ئەندامێتیی کۆمیتەی ناوەندیی وەرگرتووەو بووە بە نوێنەری خەڵك لە ئەستەنبووڵ. دوای ئەوەی سێ ساڵ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکی بەدەستەوە بووە، بووە بە ئەندامی سەناتۆ (یاخود مەجلیسی ئەعیان).
بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ژیانی سیاسیی ئەحمەد ڕەزاوە، بڕوانە (بیرەوەرییەکانی محەمەد مورادی میزانچی) کە دەزگاکەمان بڵاوی دەکاتەوە.

[11] یەکێك بووە لە دامەزرێنو سەرکردەکانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، ساڵی ١٨٧٤ لەدایك بووەو، ساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کردووە. یەکێکیش بووە لە دامەزرێنەکانی "کۆمەڵەی ئازادی عوسمانی" کە ساڵی ١٩٠٦ لە سەلانیك دامەزرا. ماوەیەك نوێنەری شاری سەلانیك بووە. "ڕەحمی ئاسلان"، لە بەشێکی تری ژیانی سیاسیی خۆیدا، ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنی "کۆمەڵەی بەرەوخەڵك" بووە کە

بە شێوەیەك بەستراوەتەوە بە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیەوە. دواتر ئەویش بە دەستی کەسێکی ئەرمەنی لە بەرلین کوژراوە. ناوبراو، بە شۆڕشگێڕو ناودارێکی مەیدانی ڕێکخستن ناسراوەو، چەندین کتێبی جۆراوجۆری لەبارەی پیشەکەی خۆیەوە هەیە.

[١٢] ساڵی ١٨٧٤ لە (ئەدرنە) لەدایك بووەو، ساڵی ١٩٢١ لە بەرلین ژیانیی لەدەست داوە. سەرکردەیەکی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی و سیاسەتمەدارێکی عوسمانی بووە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی لە ئەدرنە تەواو کردووە. ماوەی دوو ساڵیش لە قوتابخانەکانی "ئالیانس" دەرسی خوێندووە. لە پۆلی دووهەمی کۆلێژی یاسای سەلانیك وازی لە خوێندن هێناوەو، لە تەلگرافخانەی سەلانیك دەستی بە کار کردووە. هەر دوای ئەوە، لەبەر کاروباری سیاسی، سێ ساڵ زیندانی کراوە. دوو ساڵ دوای ئەوەو پاش لێبوردن، لە پۆستەخانە بووە بە فەرمانبەر. دواتر کاتێك بووە بە سەرکاتبی بەڕێوەبەرێتیی پۆستەو تەلگرافخانەی سەلانیك، لەبەر پەیوەندیی و کاروباری خۆی، لە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی دەرکراوە. دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت، بووە بە نوێنەری شاری ئەدرنە. پاشتر ئەرکی سەرۆکایەتیی پارلەمان و وەزیری ناوخۆو وەزیری پۆستەو تەلگرافی وەرگرتووەو، دوای ئەوانەش بووە بە سەرۆك وەزیران (١٩١٦). پاش یەکەم شەڕی جیهانی، هەڕای کردووەو چووە بۆ ئەرووپا. ماوەیەك لەوەبەدوا لە بەرلین لەلایەن کەسێکی ئەرمەنییەوە کوژراوە.

[١٣] ساڵی ١٨٧٣ لە سەلانیك لەدایك بووەو، ساڵی ١٩٢٦ لە (ئزمیر) کۆچی دوایی کردووە. گەورە بەرپرسێکی دوڵەتی عوسمانی و دامەزرێن و بەڕێوەبەرێکی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بووە. خوێندنی پزیشکیی خۆی لە پاریس تەواوکردووەو، هەر لەوێ لەگەڵ "ئەحمەد ڕەزا بەگ"دا پێکەوە کاریان کردووە. ڕۆڵێکی کاریگەری لە یەکخستنەوەی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لە پاریس و "کۆمەڵەی ئازادی عوسمانی"دا لە سەلانیك گێڕاوە. بە ناسناوەکانی مامۆستا محەمەد ئەفەندی و یاقووب ئاغای توتونچییەوە، لە سەلانیك و ئزمیر کاری ڕێکخستنی نهێنیی ئەنجام داوە. دوای مەشرووتییەت بووە بە وەزیری زانست و پەروەردە. مانگی تشرینی

شێوەیەکی ئاشکرا خان و فەرمانداڕانی پێشووی سەردەمی عەبدولحەمیدی دووهەم و گەورەپیاوانی دەورانی سەرەڕۆیی و ملهوڕییان ڕووت دەکردەوەو، بەبێ ئەوەی تۆزێك پێوانەیان هەبێ و بیری دواڕۆژ بکەنەوە، هەموو ڕێگەو شێوازێکیان بۆ بەدەستهێنان و قازانجکردنی پارە تاقیکردەوەو، تەنانەت بەرۆکی تاکەکانیشیان دەگرت. منیش کاتێك بینیم کۆمەڵە ڕێگە بەم کارانەیان دەداو

دووهەمی ١٩١٨، لەگەڵ ئەنوەر پاشاو جەمال پاشاو تەلعەت پاشادا، ڕۆیشتە دەرەوەی وڵات. سالآنی تێکۆشانی نەتەوەیی، لەگەڵ جەمال پاشادا، لە قەفقاسیا بوون. دوای ماوەیەك گەڕایەوە، بەڵام بە تاوانی پەیوەندیداریی بە هەوڵی تیرۆری "مستەفا کەمال"ـەوە لە ئەزمیر، دەستیگرکراوەو لەسێدارە دراوە.

(١٤) ناوی تەواوی دکتۆر بەهادین شاکیرەو،ساڵی ١٨٧٤ لە ئەستەنبووڵ لەدایك بووەو، لە ١٦ی نیسانی ١٩٢٢ دا لە بەرلین مردووە. سەرکردەو بەڕێوەبەرێکی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بووە. لە ئاکادیمیای پزیشکیی عەسکەری بە پلەی کاپتن دەرچووە (١٨٩٦). دواتر هەر لەوێ بووە بە یاریدەدەری مامۆستای پزیشکی دادوەری (١٩٠٠). ئەمجا بووە بە پزیشکی تایبەتی شازادە یووسف عیزەدین ئەفەندی.

دوای ماوەیەك لەگەڵ ئەحمەد ڕەزاو سەرکردەکانی تری "کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی"دا پەیوەندیی گرتووە. هەر لەبەر ئەمەش دوور خراوەتەوە بۆ ئەرزنجان و ترابزۆن. ساڵی ١٩٠٥ لە وڵات چووەتە دەرێ و هەڕای کردووە بۆ میسر،و دوابەدوای ئەوەش بۆ پاریس. پاش ماوەیەك بە شێوەی نهێنی گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبووڵ و، ڕۆڵێکی کارای لە کاروباری ڕێکخستنی کۆمەڵەی "ئیتیحادو تەرەقی"دا گێڕاوە. دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووهەم، ئەرکی ڕاپەڕاندنی کاروباری پزیشکیی پێ سپێردرایەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بە شێوەیەکی بەردەوام ڕۆژنامەی "شوورای ئوممەت"ی دەردەکرد، کە پێشتر لە قاهیرەو پاریس دەردەچوون. لە ڕۆژانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بەناوی کاروباری ڕێکخستنی تایبەتەوە لە ئەرزنجام و هەرێمی دەورووبەریدا کاری دەکرد. دوای شەڕ، وەکوو ئیتیحادچیەکانی تر ڕای کردە دەرەوەی وڵات (١٩١٨).

چاوپۆشــییان لێدەکــات، تووشــی نائومێــدیو ســاردبوونەوەیەکی لەڕادەبەدەر بوومو، ئەم ساردبوونەوەو وازهێنانەشم لەوان نەشاردەوەو لێی نەکەوتمە شەرمەوە. بەم جۆرە جیاوازیی ڕەوشتیو ویـژدانی، بە جیاوازیی بیرو بۆچوونەکانیشمانەوە، زیاتر بوو.

گەورەپیاوانی کۆمەڵە لەبنەڕەتدا، لەبەر ئەم دواین جیاوازیانەی من بوو، ئاوها ڕقو کینەیان لێهەڵگرتمو، زۆری پێنەچوو بەئاشکرا بوونـە دوژمـنم. هـەتا یاساکانی پێشووشیان لەبەرچـاو نـەگرتو هـەموویان خستە ژێر پێو، بە نانکوێرییەکی ئاسایـییەوە دوژمنایەتییان کردم. دواتـر ئـەو دەسـتدرێژیانەی سـەر مـن کـە بـە شـتێکی ڕەوایـان لەقەڵـەم دەدا، لەگـەڵ درۆو تاونبارکردنەکانـدا، ئاسـتی ئـەم دوژمنایەتیـەیان بەرامبەر بە من دەرخست. ئیدی من دەگەڕێمەوە بۆ لای ویژدانی خەڵك، بـا ئـەو بڕیـاردەر بـێ. ئایـا ڕووداوەکـان بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا نەهاتوونەتە مەیدان ؟ هەق بەلای کام لایەنەوەیە ؟ کێ بێتاوانو پاکە ؟ کـێن ئەوانـەی بەڕاسـتی بـیر لـە نیـشتمان دەکەنـەوە ؟ کـێن ئەوانـەی دەیانەوێ بە بەهای خیانەتکردن بە نیشتمانو خیانـەتی تـر ویستو ئارەزوەکـانی خۆیـان دەسـتگیر بکـەن ؟ ئیـدی خۆتـان دەینـرخێننو، هـەموو ئەمانـە شـیدەکەنـەوە. ئێمـە خـۆیلـەخۆیدا هـەر ئەوکاتـە لـەوە دڵنیابووین کە دادو هەقو ڕاستی بێتاوان دەردەچنو پاك دەبنەوە

دۆڕانەکەی کامیل پاشا

کامیل پاشا[١٥] پیری مەیدانی سیاسەت لەلایەکەوە بە هەموو توانایی و هێزی خۆیەوە ڕێوشوێن و تەگبیری گونجاوی بۆ مەترسییە سیاسیە دەرەکیەکان دادەناو هەوڵی لەناوبردنیانی دەداو لەوبارەیەوە بەبێوچان درێژەی بە کارە خێردارەکانی خۆی دەدا. لەلایەکی ترەوە بە تێگەیشتنێکی قووڵەوە هەوڵی بۆ بەدیهێنانی ئارەزوو و خواستەکانی خۆی دەدا بۆ پتەوکردنی پێگەی مەشرووتییەت و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی وڵات و لەناوبردنی دوژمنایەتیە وێرانکەرەکان و، بە سنگێکی کراوەوە خۆی ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئاستەنگێك دەبوو. دەیویست هەموو گەندەڵی و مامەڵەو هەڵسوکەوتە

---

[١٥] ناوی "محەمەدی قوبرسی"یەو، ساڵی ١٨٢٣ لە (لەفکۆشە) لەدایك بووەو، ساڵی ١٩١٢ هەر لەو شارە چاوی لێك ناوە. یەکێك بووە لە گەورە بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی. خوێندنی خۆی لە ئاکادیمیای عەسکەریی قوبرس و میسر تەواو کردووە. شارەزاییی لە زمانەکانی فارسی –عەرەبی –فەرەنسی –ئینگلیزی –ئیتالی هەبوە. کاتی خۆی کاری وەرگێڕان و کاتبیی بۆ عەباس پاشای پارێزگاری میسر کردووە.

ئەرکی بەڕێوەبەرێتیی ئەوقاف و کاروباری دینی و قایمقامی و پارێزگاریی قوبرسی وەرگرتووە. دواتر لە پۆستی وەزیری ئەوقاف و وەزیری زانست و پەروەردەدا کاری کردووەو، دوای ئەوانەش چوار جار بووە بە سەرۆك وەزیران (١٨٨٤،١٨٩٥،١٩٠٨،١٩١١). دوایین جار کە بوو بە سەرۆك وەزیران، ئیتیحادچییەکان پەلاماری بابی عالی (دەرباری عوسمانی)یان داو، ئەویش بەناچاری دەستی لەکار کێشایەوەو ڕۆیشتەوە بۆ لەفکۆشە. چەندین بەرهەمی بڵاوکراوەی هەیە کە بەم جۆرەیە: (مێژووی سیاسی/ سێ بەرگ، وەڵام بۆ سەعید پاشا،بیرەوەریەکان / بەرگی یەکەم).

www.zheen.org

زانراوەکانی ڕابردوو و ئێستاو زۆرداریی کۆمەڵە بۆ هەموان ئاشکرا بکاتو، بەتایبەت بەرنامەی دەستتێوەردانی سوپا لە کاروباری حکوومیدا پووچەڵ بکاتەوە.

جێی باسە، ئەندامانی کۆمەڵە هەمیشە کۆسپو تەگەرەیان لەبەردەم کارە ئازادیخوازانەکانی ئەو وەزیرە تێگەیشتوو و پیاوماقووڵەی مەیدانی سیاسەتدا دروست دەکرد.

بۆ ئەوەی ئەو کابینەیەی وا بە سەرۆکایەتیی ئەو کاری دەکردو هەمان ئارەزوو و ئامانجی سەرەکیی هەبوو و بەدوایاندا بچوایە، پێویست بوو ئەو کەسانەی کە جێگە لە کابینەکەدا دەگرن، ئازاو نەترس بنو یەك بیرو بۆچوونیان هەبێو هاوئاهەنگیی کابینەکەیان پێك بهێنایە.

ئەو پیاوە بلیمەتە، پشتبەستوو بە یاسای بنەڕەتی، هەوڵی پراکتیزەکردنی ئەم ئارەزووەی دا. گۆڕانکاریی لە بەشەکانی وەزارەتی جەنگو وەزارەتی هێزی دەریاییدا کرد. بۆ پاراستنی ئازادییە پیرۆزەکانی گەلەکەمان، لەناو کابینەدا وەزیفەی دایە فەرماندەیەکی زیرەكو لێهاتوو و شەرەفمەندی "نازم پاشا"[١٦] ناوی سوپاکەمان.

---

[١٦] نازم پاشا، یەکێك بووە لە گەورە بەرپرسانی حکوومەتی عوسمانی. ساڵی لەدایکبوونی دیار نییە، بەڵام ساڵی ١٩١٣ کۆچی دوایی کردووە. دوای ئەوەی لە ئاکادیمیای جەنگ بە سەرتیپی پارێزەر دەرچوو، ئەرکی جۆراوجۆری پێ سپێردرا. کاتێك بوو بە ژەنەراڵی گشتی، دوورخرایەوە. بەڵام ساڵی ١٩٠٨ گەڕایەوە بۆ جێگەی خۆی. دوای ماوەیەك، کامیل پاشا کردی بە وەزیری جەنگ. دوای لەسەرکارلابردنی کابینەکەی کامیل پاشا، بوو بە پارێزگاری بەغدا. بەڵام دوای

"کۆمەڵــەی ئیتیحــادو تــەرەقی" بــاش دەیزانــی وەرگیرانــی پۆســتی چاودێری جەنگ لەلایەن نازم پاشاوە، گەڕانەوەی سەربازو سوپای بۆ سـەر ئەرکـە پیرۆزەکـەی خـۆی دەگەیانـد. ئەمـەش، بـە هـیچ شـێوەیەك لەگـەڵ هیـواو داخـوازیی ئـەو گرووپـەدا نـەدەگونجا. لەگـەڵ ئەمەشـدا کۆمەڵە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تـەنیا ڕێگەچـارە خستن‌و پـاڵ پێوەنـانی کامیـل پاشـایە، لەوبارەیـەوە دەســتیان بــە پێــشێلکردنی یاســای بنــەڕەتی‌و پارچەپارچــەکردنی مەشرووتییەت کرد.

دوا جـار، هەڕەشـەکردن‌و وتـە خوێندنـەوەی زۆر بـە گـوێی ئـەم‌و ئــەوداو زاڵبــوونی هێــزی چــەکداری عەســکەری بەســەر (مەجلیــسی مەبعووســان)[١٧] داو بڵاوکردنــەوە تــرس لــەنێو نوێنەرانـدا، ســەرباری

ماوەیـەك دووبـارە بـووەوە بـە وەزیـری جـەنگ. لـەکاتی پـەلامارە بەناوبانگەکـەی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیدا بۆ سەر (بابی عالی)، کوژرا.

[١٧] مەجلیـسی مەبعووسـان (هەیئـەی مەبعووسـان)، یەکـەم ئەنجومـەنی گـشتیی نوێنەرانی خەڵك‌و باڵی هەڵبژێردراوی پارلەمانی کاتـیی عوسمانیەکانە، کە لەگەڵ جێبـەجێکردنی دەسـتووردا سـاڵی ١٨٧٦، دامـەزرا. ئـەو باڵـەی تـری پارلـەمان، هەیئەت یا مەجلیسی ئەعیان (یا سەناتۆ) بوو، کە پادشا دەست نیشانی کردبوون. هـەر پەنـچا هـەزار کـەس، بـەپێی دەسـتووری بنـچینەیی، دەیتـوانی لەڕێگـەی هەڵبژاردنی نهێنییەوە نوێنەرێك هەڵبـژێرێ بۆ ماوەی چوار ساڵ. ئەم پارلەمانە بۆ یەکـەم جـار، لـە ٢٠ی مـارتی ١٨٧٧ دا یەکـەم کۆبوونـەوەی خـۆی بەسـت‌و، ٢٨ی حوزەیرانی ١٨٧٧ پشووی وەرگرت. ئەو پارلەمانەی کە لە ڕێگـەی هەڵبژاردنەوە بۆ دووهەم جار هەڵبژێردرابوو، ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٨٧٧ دەستی بەکار کرد. بەڵام ماوەیـەکی پێنەچوو فـەرمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهـەم خرایـە پشووەوەو، هـەر بـە فـەرمانی ئـەو، لـە چـواردەی شـوباتی ١٨٧٨ دا هەڵوەشـێندرایەوە. ئـەو

دەیـان گەمـەو فێڵـی جۆراوجـۆر، بـە شـێوەیەکی نـاڕەوا بـوون بـەهۆی بەدیهاتنی ویستو داخوازیەکانی ئەوان.

دوای ئـەم چارەڕەشـییە پـڕ لـە خـەمو خەفەتـەو لـەم کاتـە بـەدواوە، ئـەمجا نەهامـەتی ڕووی کـردە نیـشتمانو مەشـرووتییەتو، سـاتەکانی پەرێشانیو بەدبەختی هاتنە پێشەوە. ئیتر دەرکەوتنی ئەم وەزعە پڕ دەردو ئازارە، بوو بە سەرەتای بێبەختیو کەوتنو دۆڕانمان لەبەردەم دنیای دەرەوەو ناوەوەدا. دوای دەست لەکارکێشانەوەی کامیل پاشا لە بـەڕێوەبردنی حکوومـەت، قۆنـاغی بەدبـەختیو نەهامـەتـی عوسمـانی

پارلەمانـەی کـە دوای ڕاگەیانـدنی مەشـرووتییەت لـە سـاڵی ١٩٠٨ دا، لەڕێگـەی هەڵبژاردنـەوە دەستنیـشان کرابـوو، ١٧ی کـانوونی یەکـەمی ئـەو سـاڵەدا کرایـەوە. سـاڵی ١٩٠٩، ئـەو پارلەمانـە بـە ئەنجامـدانی هەنـدێك گۆڕانکـاری لـە دەسـتووری بنچینەییدا، مافی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی خۆیو مافی پێشکەشکردنی پێشنیاری یاساییی بەبێ ئاگاداریو مۆڵەتی پادشا دا بە خۆی. لەلایەکی ترەوە، پارلەمان مافی (ڤیتـۆ "Veto")ی لـە پادشا سـەندەوە. بـەڵام پادشا بـۆ مـاوەی دوو مـانگی تـرو بـە دانیـشتنێکی تـر ڕەوانـەی پارلـەمانی کـردەوە. لـە ئەنجامـدا هـەر ئـەو یاسـایە پەسندکراو، ئیتر ئەم شێوازە بوو بە باوو، ئەگەر یاسایەك دووجار پەسند بکرایە، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەخرایە مەیدانی جێبەجێکردنەوە.

ئەگەرچی پارلەمان دەسەڵاتی پادشای کەمتر دەکردەوە، بەڵام بۆ خۆی چووە ژێر ڕکێفی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی. ئەم ماوەیە، تەنیا جارێك بنەمای بەرپرسـی سیاسـیی پارلـەمان بـەجێهێنرا. لەلایـەکی ترەوە، پارلـەمان جارێك لـە ١٩١٢ داو جـارێکیش لـە ١٩١٨ دا هەڵوەشـێندرایەوە. دوای داگیرکرانـی ئەسـتەنبووڵ، ئەنجومەنی نوێنەرنی خەڵك (پارلەمان) بۆ ماوەیەکی نادیار کەوتە پشووەوە. دواتر سـاڵی ١٩٢٠و کـاتی دامەزرانـدنی پارلـەمانی گـەورەی تورکیـا (TBMM) لـە ٢٣ی نیساندا، هەندێك ئەندامانی پارلەمانی پێشوو بەشدارییی ئەم پارلەمانە تازەیان کرد.

دەستی‌پێکرد. بەداخەوە ئەم ڕووداوانە، بۆئەوەی هوشیارییەکمان تێدا ببووژێننەوە، زیانێکی گەورەیان لێداین.

بە هاتنە سەرکاری "حوسەین حەلیم پاشا"[(١٨)]، گلەیی‌و سکاڵای گەلی عوسمانی ڕووی لە زیادبوون کردو، هەر ڕۆژە بەشێکی ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی، چونکە دوای هاتنە سەرکاری حکوومەتی تازە، کۆمەڵە دەستی بە زۆرداری‌و پاوانخوازی کردبوو. پێکهاتەکانی وڵاتی عوسمانی دووبارە گەڕانەوە ناو باوەشی پەرێشانی‌و بەدبەختی‌ی جارانی خۆیان‌و، بەم جۆرە ئاسۆکانی ژیانی داهاتووی عوسمانی لەڕێگەی ژاوەژاوو هەراو هوریای تۆمەت‌و درۆودەلەسەوە کۆتایی‌یان پێهات. یەکێك لە بەڵگە ئاشکراو بەرچاوەکانی بێئیرادەیی‌ی

(١٨) حوسین حیلمی پاشا، یەکێك بووە لە گەورە بەرپرسانی حکوومەتی عوسمانی. ساڵی ١٨٥٥ لە (شارلیجە/ میدیللی) لەدایك بووەو، ساڵی ١٩٢١ لە ڤییەنا کۆچی دوایی‌ی کردووە. دوای خوێندنی سەرەتایی، لەلای نامیق کەمالی بەڕێوەبەری شارەوانی‌ی میدیللی بوو بە فەرمانبەر. دواتریش وەزیفەکانی بەڕێوەبەرێتی‌ی نووسین، نامەنووسی، پارێزگاری، لێپرسراوی گشتی، وەزیری، باڵوێزی گەورەو سەرۆکایەتی‌ی ئەنجومەنی وەزیرانی وەرگرتووە. دوای لەسەرکارلابرانی کابینەکەی کامیل پاشا، بوو بە سەرۆك وەزیران (سەدری ئەعزەم)، بەڵام لە ڕووداوەکانی ٣١ی مارتدا ناچاری دەست لەکار کێشانەوە کرا. دوای ئەوەی سوپای پاکسازی ڕژایە ناو ئەستەنبووڵ، دووبارە کرایەوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. بەڵام ئەمجارەش زۆر نەمایەوەو، دوای یەکەم شەڕی جیهانی لە ڤییەنا مایەوە.

ئەوکاتەمان، هەمان ڕووداوەکانی ٣١ی ئادار[١٩] و کارەساتەکانی (ئەدەنە)[٢٠] بوون.

فیرقەی ئەحرار

یەکێك لە گرنگترین فاکتەرەکانی دەست لەکارکێشانەوەی کامیل پاشا لە دەسەڵات و خێراتر بوونی داکەوتن و دوڕانەکەی، تێکدرانی

[١٩] بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم ڕووداوە، سەیری بەشی ڕووداوەکانی ٣١ی مارت بکەن و یادداشتەکانی ئەو بەشە بخوێننەوە.

[٢٠] ئەو شەڕەیە کە ڕۆژی هەینی ١٤ی نیسانی ١٩٠٩ لەنێوان موسڵمان و ئەرمەنیەکاندا ڕووی دا. ئەم ڕووداوە، بە کوژرانی دوو موسڵمان لەلایەن پارلەمانتارە ئەرمەنیەکانەوە دەستی پێکردو، دواتر بوو بە شەڕی موسڵمان و ئەرمەنی. سێ ڕۆژ دواتریش ڕووداوەکە کوژێنرایەوە. بەڵام ئەو ماوەیە زیاتر لە ٢٠ یان ٣٠ هەزار کەس کوژران کە زۆربەیان ئەرمەنی بوون. دوای ڕووداوەکان (دیوانی جەنگ) دامەزراو، ئەم دیوانە (١٥) کەسی بە بەرپرسی شەڕەکە تاوانبار کردو بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکردن. شایانی باسە، (٩) کەسی ئەمانە موسڵمان بوون. ئەم دیوانە شەش کەسی تریشی تاونبار کردو، حوکمی زینندانیکردنی هەتاهەتایی بە مەرجی سەخت و دژوارەوە بۆ بڕینەوە.

"فیرقـــەی ئـــەحرار"[21]ە لەلایـــەن مەشـــرووتییەتەکەی ئیتیحـــادو تەرەقییەوە. جێی باسە، ئەم ڕێکخستنە لە بەشداریی ئەو کەسانەی کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە دوورەوڵاتیدا مابوونەوە، لەگەڵ بەشداریی بەشێکی سیما لاوو ڕۆشنبیرو هەڵبژاردەکانی وڵاتدا پێك هاتبوو.

وەك چۆن کۆمەڵە دەستی بەسەر "فیرقە"دا گرتبوو، بە هیچ جۆرێك ڕێگە نەدەدا لە خۆیان زیاتر کەسی تر کۆنترۆڵی ئەو ڕێکخستنە بکات. لەکاتێکدا هەر کەس و تاکێکی ئەم وڵاتە مافی بیرکردنەوەی لە ئایندەو بەختیاریی کۆمەڵگەو هەوڵ و کۆششی لەو بارەیەوە هەبوو، کۆمەڵە،

---

[21] فیرقـەی ئـەحرار، بـە فیرقـەی ئـەحراری عوسمـانی ناسـراوە. ئـەم پارتـە لـە چوارچێوەی بۆچوونەکانی شازادە سەباحەدین بەگدا کاری دەکرد. ١٤ی ئەیلوولی ١٩٠٨، نوورەدین فـەڕوخ و جەلالـەدین عـاریف دەسـتەی بـەڕێوەبردنی پارتیـان پێـك دەهێناو، "ئەحمەد فازڵی و تـەوفیقی قوبرسـی و نازم بـەگ و شـەوکەت بـەگ و ساهیر سـەعید بـەگ"یش ئەندامانی دەسـتەی دامـەزرێن بـوون. سـاڵی ١٩٠٨ بەرامبـەر بـە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکەدا کرد، بەڵام شکستی هێنا. دواتر لەبەر ئەوەی کەسانی وەکوو ئیسماعیل کەمال و زۆرابی کیرکۆرو دکتۆر ڕەزا نوور کەوتنە ناو پارلەمان، توانرا لە پارلەماندا نوێنەرایەتی فیرقەیش بکرێت.

ئەم دەستەیە، دژ بە ئیتیحادچییەکان، دەسـتی بـە هاوکـاری کـرد لەگـەڵ کۆمیتـەی ئەرمەنیەکانـدا. ڕۆژنامـەکانی ئیقدام، سـەباح، ڕۆژنامـەی تـازە، سـەدای میللـەت کـە هـەموویان لەسـەر خـەتی ئۆپۆزیسـۆن بـوون، بـە شـێوەیەکی سروشـتی پـشتگیریی "فیرقەی ئەحرار"یان دەکرد.

ئەم پارتە بە هیوایەکی گەورەوە پشتی ڕووداوەکانی ٣١ی مـارتی گـرت. بـەڵام دوای خەفـەکرانی ڕووداوەکـان، بـە تاوانبـار لەقەڵـەم دراو سـزای هەمـەجۆری وەکـوو زیندانیکردن و دوورخستنەوە بەسەر ئەندامەکانیدا سەپێنراو، بەو جۆرە کۆتایی بە ژیانی سیاسیی "فیرقەی ئەحرار"یش هات.

بۆ ئەم مەسەلەیە، پەنای بردەوە بەر پاشکەوتوویی و میتۆدی ملهوڕی ی جاران. لەکاتێکدا لە مەشرووتییەتدا، بە هەمان چەشنی حکوومەتە دەستووریەکان، پارتە سیاسیەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ڕێزدارانەو لەسایەی کونترۆڵی دەزگا نەتەوەییەکاندا درێژە بە بوونی خۆیان بدەن. نەویستنی حیزب، بە ئاشکرا واتای نەویستنی مەشرووتییەت دەدات. بە هەمان شێوەش (پاشکەوتوویی) دەگەیەنێ. نەویستنی حیزب، مانای وایە دەیانەوێ هیچ بەرپرسییەك نەخرێتە ئەستۆیان و، هیچ لێپرسینەوەیەکیشیان بەرامبەر بە کردەوەکانیان نەبێ. مەشرووتییەتیش ناتوانێ چاوپۆشی لەمانە بکات. لەم بارودۆخەدا، بەربەرەکانی و ململانێی ترسناك لەنێوان ڕاگەیاندنەکانی دنیادا پەیدا دەبوون و، دوابەدوای ئەوەش، ڕەوتی تازە دەهاتنە ئاراوەو، گلەیی و سکاڵاکانیش ڕوویان لە زیادبوون دەکرد. بەڵام ڕاگەیاندنی لای ئێمە لەنێو قەیرانێکی سەیری ئازادیدا بوو.

کۆمەڵە هەر لەزووەوە شتێکی کردبوو بە خوو و نەریتی خۆی، ئەوەش ئەوەبوو کە هەمیشە دەیگوت ((بەرنامەو پرۆگرامی من زۆر فراوانەو هەمووشتێك دەگرێتەوە)). بەم جۆرە بوونی هەر پارتێکی تری (چی دەبێ با ببێ) بە پێویست نەدەزانی و، بەپێچەوانەوە بە شتێکی پڕ لە زەرەری لەقەڵەم دەدا. بە واتایەکی تر، خۆی بە کۆنەپارێز، لیبراڵ، ڕادیکاڵ، دیموکرات، سۆسیالیست و، بەکورتی، خۆی بە هەمووشتێك دەزانی. کاتێك لافوگەزافی کۆمەڵە وەها بێ، بە شێوەیەکی سروشتی، لەناوبردنی ئەو پارتەشی دەکرد بە ئامانج و مەبەستی خۆی. لە هیچ جێگەیەکی تری ئەم

دنیایەدا کۆمیدیایەکی وەها بەرچاو ناکەوێ، بەڵکوو ئەمە دیاردەیەکی تایبەت بە کۆمەڵگەی ئێمەیە.

بەم پێیە، کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لەژێر پەردەی ئەم جۆرە هۆیانەدا، بە ڕێگەی تۆمەتبارکردنو بە شێوەیەکی پڕ لە کینەو تووڕەیی، "کۆمەڵەی فیداکارانی میللەت"[٢٢]ی لێك هەڵوەشاندەوەو، لەم ڕووەوە بە تایبەتی پێشێکارییەکی زۆری دەرهەق بە سەربەخۆیی‌ی دادو یاسا کرد.

لە "مەشرووتییەت"[٢٣]دا بە بەڵگەوە باسی ئەوەمان کردبوو کە تەلعەت بەگو کەسانی تر بە چ پێوانەو ئاستێك بەشداری ئەم کارە

---

[٢٢] ئەو کەسانەی وا لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا ڕایان کردە دەرەوەی وڵات، لەکاتی گەڕانەوەیاندا ساڵی ١٩٠٨ ئەم ڕێکخراوەیان دامەزراند. سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە "عەونوڵڵا ئەلکازم" بوو و بەڕێوەبردنو دەستەی دامەزرێنەکەشی ئەسەد بەگ عەلی وەفاو دکتۆر عەلی سائیبو عەبدولقادری قادریو حاجی جەمالو بەهجەتی ئاسیتانەلی‌ی ئەمینداری سندووقو ئەرتوغروڵ شاکیر بوون. ١٢ی ئابی ١٩٠٨ ئەم ڕێکخراوە بۆ یاریدەدانو وەرگرتنەوەی مافی ئەو کەسانەی کە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم لەبەر کاروباری سیاسی بەناچاری ڕایانکردبوە دەرەوەی وڵات، کۆبوونەوەیەکی لە (مەیدانی سوڵتان ئەحمەد) سازکرد. لەڕێگەی ڕۆژنامەی "حقووقی عموومییە"شەوە کە ئۆرگانی خۆی بوو، بۆچوونەکان خۆی بڵاودەکردەوەو، چووە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە بەڕێوەبەرێتی‌ی ئیتیحادو تەرەقی. بەڵام دوای ڕووداوەکانی ٣١ی مارت، ئەوانیش لە مەیدانی سیاسی دەرکران.

[٢٣] مەشرووتییەت، مانگنامەیەك بوو شەریف پاشا، نێوان تشرینی یەکەمی ١٩٠٩ – نیسانی ١٩١٤، بە زمانی تورکی– فەڕەنسی لە پاریس دەری‌دەکرد. بوو بە زمانی‌حاڵی بۆچوونەکانی شەریف پاشاو پارتی ڕیفۆرمی بنچینەیی‌ی عوسمانیو نەیارانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی. دوای ئەوەی ئەم بڵاوکراوەیە ڕەخنەی لە حکوومەتی فەڕەنسا گرت، کە

چـەپەڵەو دەیـان کـاری ناهـەقی تریـان بـوونو خۆیانیـان پـێ سـووک کـردووە. "فیرقـەی ئـەحرار"یـش، لـە یەکـەم هـەلی گونجـاودا، دەسـت نیشان کرا بۆ ئەم چارەنووسی لەناوچوونە، چونکە ئیتر مەشرووتییەت تەنیا بە قسە مابوو، ئازادییەکی سنوورداریش لەئارادا بوو.

فیرقـــەی ئـــەحرار، میوانـــداریو ئاهـــەنگێکی بەبۆنـــەی ڕۆژی سـەربەخۆیی عوسمانییـەوە ڕێـک خـست. ئەوکاتـە پۆسـتی سـەرۆک وەزیـران بەدەسـت کامیـل پاشـاوە بـوو. فیرقـەی ئـەحرار بەشـێوەیەکی ئاسایی گەورەپیاوانی دەوڵەتو بەرپرسە حکومیەکانیشی بانگی ئـەم میوانداریيـە کـرد. کامیـل پاشـاش، وەک سـەمبولی شـەرەفو ڕێـزی نەتەوەییو دەوڵەتی عوسمانی، ئامادەی ئەم میواندارییە بوو.

هـەر لەوسـاتەش بـەدواوە، کامیـل پاشـا مـەحکوومی لەناوچـوونو دوڕان کرابوو. قارەمانە گەورەکان (!)، بە هەموو ناسناوە پیرۆز پڕ لە ڕێزو شکۆکانی خۆیانـەوە، بـۆ سـەپاندنی ئیرادەو داخوازیـەکانیان، هـەموو هێـزی شـاراوەی "کۆمەڵەی ئیتیحاد"یان لـەپێناوی فێڵو گەمـەکانی خۆیاندا خستەگەڕ. دوای ئەمــە بــوو کــە هەنــدێک ســەربازو ئەفــسەری ســوپا هۆڵــەکانی (مەجلیــسی مەبعووسان)یان خستە ناو چەمبەرەوەو، دەستیان بە گەشتو پاسـەوانی کرد لە دەوروبەری (بابی عالی). کە چاومان بەم بارودۆخانە کەوتو تەماشای ئەم کەوتنو دوڕانـەمان کرد، ئیدی هیوایەکمان بە مەشرووتییەتو ئاینـدە نـەما.

قـەرزێکی ٨٠٠ ملیۆن فرانکیـی داوە بـە ئیدارەی کۆمەڵـەی ئیتیحادو تـەرەقیو، پێداگریی لەسـەر ئـەوە کـرد کـە بـوونی ئۆپۆزیـسیۆن لـەم وڵاتـەدا مانـای نـەماوە، ڕێ لـە چـاپو بڵاوکرانـەوەی گیراو قەدەغـەکرا. شـەریف پاشـا خـۆی، لـە لاپـەڕەکانی تـردا، لـە کاردانـەوەی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بەرامبەر بەم بڵاوکراوەیە دەدوێ.

مەترسی، بە هەموو ناسۆرییەکی خۆیەوەو بە شێوەیەکی ئاشکرا، خۆی نیشان دەدا. ئەمانە هەموو لە ئاستێکدا بوون، کە ئێمە بە داخ و خەفەتەوە وەکوو قۆناغی ڕابردوو بیرمان لە توانەوەو لەناوچوونی خۆمان دەکردەوە. ئەم پاشاگەردانییە بوو بەهۆی پەیدابوونی بەڕێوەبەرێتییەکی بێبڕیارو هەوڵ و تەقەلای سەیرو سەمەرە. حکوومەت، بە شێوەیەکی ئاسایی چەمکی میانڕەوی و ڕێوشوێن دانانی فەرامۆش کردبوو و، بەرامبەر بە بەرژەوەندی دەستە شاراوەکان و داخوازیە چاوەڕوانکراوەکان شکستی هێنا. بە بۆچوونێکی پڕ لە تاوو تینەوە سەرمان خستە نێوان هەردوو دەستمان و زۆر بە باشی بیرمان کردەوە، وەکوو خەڵك و حکوومەت بیرمان لە بێبەختی ی خۆمان کردەوەو خەفەتمان بۆ خوارد. دواتر دەنگی ویژدان و دەروونمان ئەرکەکانمانی بیر هێناینەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە بەڕاستی و بە نەرمییەکەوە داوانامەیەکی دەست لەکارکێشانەوەمان بۆ کۆمەڵە بەرزکردەوە. لەونامەیەشدا، وەکوو جاران، ئاگادارکردنەوەکانی خۆمانمان بە شێوەیەکی ئاشکراو نەرم دووبارە کردەوە. ڕۆژی دوای ئەوەی کە بە دڵگرانی و خەفەت و ئازارەوە وڵاتەکەمان بەجێهێشت، داوانامەی دەست لەکارکێشانەوەکەیان بۆ بڵاوکردینەوە. دوای ئەوە، ڕووداوەکان ئەوەیان پیشاندایـن کە وازهێنانەکەمان کارێکی لەجێی خۆدا بووە.

لەبەر ئەمەش، لەلایەکەوە لەبەر وەزعی نالەبارو قەیراناوی ی وڵات و ئازارەکانی لە دڵەراوکێ و پەشۆکاندام و، لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی بەشداری ی ئەم جۆرە تاوانانەم نەکردووە، زۆر ئاسوودەو بێخەمم کە بڵاوکردنەوەی داوانامەی وازهێنان و دەست لەکارکێشانەوەم وەك خۆی لەم کتێبەدا بە شتێکی گونجاو دەزانم.

ئەمــەی خــوارەوە دەقــی داوانامــەی دەســت لەکارکێــشانەوەمە کــە بەڵگەی جودابوونەوەمە لە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی‌یەو، ١٠ی ئاداری ١٩٠٩ لە ژمارە (٣٢٥)ی ڕۆژنامەی "ئیقدام"[٢٤] دا بڵاوکراوەتەوە:

((بۆ بەڕێز دەستەی بەڕێوەبەرێتی‌ی کلووبی پانگاڵتی،

سەرەتا دەمەوێ سەبارەت بە چاکەو بایەخدانی هاوڕێیان بە خۆم، ڕێـزو سوپاسـم ئاڕاسـتەی هەمووڵایـەکتان بکـەم‌و، ڕای‌بگەیـەنم هـیچ کاتێـك ئـەو دۆسـتایەتی‌و خۆشـبینی‌و گرنگـی پێدانـەی هاوڕێیـانی کلـووب کـە هـەردەم بەرامبـەر بـە مـن نواندوویانـە، لـەیادم ناچـنەوەو فەرامۆشـیان ناکـەم‌و، لەبەرچاوگرتنی ئەوانـەش بـە قـەرزی ملـی خـۆم دەزانم. ئەمڕۆ کاتێك بەناچاری لە هەموو دۆستان‌و هاوڕێیانی ناو ئەم دەستەیە جودادەبمەوە کە بەشانازییەوە پەیوەندی دۆستانەم لەگەڵ هەموویانـدا هـەبوەو شـەیدای ڕەوشـت‌بـەرزی‌و تایبەتمەنـدی‌ی نایـابی ئەوان بووم، یەکێك لە پڕئازارترین ڕۆژەکانی تەمەنم بەسەردەبەم. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ئەو هێزەی وا ئێمەی هان دەداو بەڕێوەی دەبردین (سـەرەڕای ئـەوەی کـە سـەرەتا بـە شان‌وشـکۆی بـەختیاری‌ی وڵات‌و نیشتمان ڕازێنـدرابوەوە)، بـەناوی ئاینـدەی نەتـەوەو نیـشتمانەوە بـە لاڕێیـەکی زۆر مەترسـیداردا ڕۆیـشتووەو، وای لـێ‌هـاتـووە هـەموو

---

[٢٤] ڕۆژنامەیـەکی نەتـەوەیـی‌ی ڕۆژئـاواخواز بـوو، لـە ٥ی تـەمووزی١٨٩٤ تـا ٣١ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٢٨ دەردەچـوو. سەرنووسـەرو دامەزرێنەکـەی "ئەحمـەد جـەودەت" بـوو. نووسـەرە بەناوبانگـەکانی: ئەحمـەد میدحـەت، حوسـێن ڕەحمـی، ئەحمەد ڕەحیم، خالید زیا، ئەحمەد حیکمەت، حەمدوڵڵا سوبحی‌و ئەحمەد ڕیفقی بوون. ئەم ڕۆژنامەیە پشتگیری تێکۆشانی نەتەوەیی بوو و پێشکەوتنێکی باشی لەڕووی کولتوور و هونەر بیرو بۆچوونەوە هێنایە ئاراوە.

دۆستان و ولاتپارێزان خەریکی بیرکردنەوەیەك بکات. لەبەر ئەوەی نامەوێ بەرپرسی ئەو ئەنجامە بم، هەرچەندە بەرپرسیەکەشم کەم بێ، کە لە داهاتوودا دوای یاریکردن بە چارەنووسی گەلێك دێتەئاراوە، ناچاری دوورەپەرێز مانەوەو بەشداری‌نەکردن لەم شتانە بووم.

هەرچەندە بە سوێندخواردن پەیمانی بەردەوامی‌ی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ئەم هێزەدا دابوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، لەپاڵ ئەم سوێندخواردنەدا، پێویست بوو بەر لە هەمووشتێك پەیوەندییەکی ویژدانی‌ی دەروونی بێتەئاراوەو، دەبوو بەپێی پێشەی خۆمان، یانی بەگوێرەی نیشتمانپەروەری‌و ئازادیخوازی‌ی خۆمان، پابەندبوونە پاکەکەی جارانی خۆمان بەرامبەر بە کۆمەڵە بگوێزینەوە بۆ پابەندبوون بە بنەماکانی مەشرووتییەت. بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی لادان لە ئەم بنەمایانە گوێرزاوەتەوە بۆ لادانێکی ویژدانی، ئیدی ڕەوایی‌ی سوێندەکەشمان هەڵدەگیرێ‌و ناوەڕۆکەکەی پووچەڵدەکرێتەوە پابەندبوونمان پێویستیی بەوە نییە[٢٥].

بەگوێرەی ئەمە، ئەو بارودۆخەی کە بۆ وازهێنان‌و خۆکێشانەوە لە کۆمەڵە من دەخاتە ناو داوی ناچارییەکی مەعنەوییەوە، بە مەرجی مانەوەی پابەندبوون‌و بەسترانەوەم، جودابوونەوەشم لەم دەستە بەڕێزانە وەك پێویستییەك دەخاتە پێشەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم هەڵسوکەوتە تەنیا لە بیری بەختیاری‌و سەلامەتی‌ی نیشتمان‌و

---

[٢٥] هەر ئەندامێکی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لەکاتێکدا هەر ئەندام بوایە، دەبوو سوێندی بەجێهێنانی هەرجۆرە فەرمان‌و ڕێنوێنییەکی بخواردایە. شەریف پاشا لە جێگایەکی تردا باسی ئەم سوێندە دەکات.

بەرەنگاریی هەرجۆرە سەرنج و بۆچوونیکی ترەوە هاتووەتە مەیدان و، ئەنجامی بیرو بۆچوون و بەخۆداچوونەوەکانی خۆشمە، هیوام وایە هاوڕییانی بەڕێزم بەچاوی لێبووردەییەوە بڕواننە ئەم کردەوەیەم.

سەبارەت بەو قسەو باسانەش کە لەبارەی پەیوەندی منەوە بە "فیرقەی ئەحرار" دەکرێن و، هەندێکیشیان گەیشتوونەتەوە بە خۆم، دەمەوێ ئەوەتان پێڕابگەیەنم کە هەمووی درۆو دەلەسەی هەڵبەستراوەو هیچ بنەمایەکی ڕاست نییەو، ئێستاش بە تەمای پەیوەندیکردن بە هیچ گرووپ و دەستەیەکی ترەوە نیم. شایانی وتنە، هۆی ئەم شتانە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ پلەوپایەی پیرۆزی سەربازی ئێمە.

بەپێی بیروڕای خۆم کە لە ڕووداوە مێژووییەکانەوە بۆم دەرکەوتووە، بەشداریی چینی سەرباز لە کاروباری سیاسیی حکوومەتدا شتێکی زۆر مەترسیدارە. بارودۆخی ئێستای ئێمە، نموونەیەکی بەرچاوی ئەمەیە.

لەڕاستیدا هەوڵ و کۆششی نیشتمانپەروەرانەی سوپا لەسەرەتادا بۆ بەدیهاتنی ئازادیەکان، شتێکی ئاشکرایەو شایستەی ڕەتکردنەوە نییە.

بێگومان دوای دامەزراندنی مەجلیسی مەبعووسان، دەستێوەردانی دووبارەی سوپا لە کاروباری سیاسیی حکوومەتدا زەبرێکی گەورە بە یەکێتی و یەکڕیزیی سوپا و سەربازەکان وەشاند. جێی باسە، ڕۆڵی ڕێنیشاندەرانە و پێشڕەوانەی سوپا لە هەموو کاروبارێکی بەڕێوەبردنی مەشرووتییەتدا، ڕێگەی لەبەردەم سەرهەڵدانی بیرو بۆچوون و تێڕوانینەکان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتی کردەوە، کە

سەلماندن و نیشاندانی ئەنجامە خراپ و نالەبارەکانی شتێکی بەڵگەنەویست و کراوەیە.

لەبەر ئەمەش دەمەوێ ئەوەش ڕابگەیەنم کە بەردەوامیی متمانەو بایەخدانی دەستەی بەڕێزی کلووبی پانگاڵتی بە من، شتێکی گرنگ و دڵخۆشکەرانەیە.

هاوڕێیانی خۆشەویست و ئەفەندی، لەگەڵ ئەوەی کە داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، هیوام وایە ئەم لاپەڕەیەش وەکوو نامەی ماڵئاواییی من پەسند بکەن".

ای ڕەبیعول ئەووەلی ١٣٢٨

بەرامبەر بە ١٠ای ئاداری ١٩٠٩

فەریقی یەکەم—شەریف.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بانکی نەتەوەیی تورکیا

سەرەڕای دەوڵەمەندیی سروشتی وڵاتەکەمان، لە باری سەرمایەو سامانەوە دەست کورتو هەژارین. لە بارودۆخێکی ئابووریی خراپو سەرەتاییدا ژیان بەسەر دەبەین. سەدان ساڵ بەر لە ئێستا، ئەو کاتانەی خۆمان سەرقاڵی داگیرکردن دەبووین، بە سایەی ئەوەوە لە پێکدادانێکدا، بە شێوەیەکی کاتی، بەرز دەبووینەوەو وەزعمان باشتر دەبوو. هەندێك جاریش، لەبەر بێئێرادەیی خۆمان، بە ناچاریو تووڕەییەوە دەسکەوتەکانی سەرکەوتنمان دەگەڕاندەوە بۆ لایەنی بەرامبەر. هەتا ئێستا بووین بە تەماشاکەری ئەو ئەنجامە پڕ لە شەرمەزاریانەو، هەر وەهاماینەوە.

هێشتا لەسەر ڕێگە پڕ لە خەمو ئازارەکەمان بەردەوامین. وازمان لەو شتانە هێنا کە لە دەستمان دەرچوون، بەڵام ئایا دەتوانین ئەمانەی بەردەستمان بپارێزین یان نا ؟ لەڕاستیدا ئەمە شتێکی نادیارە، یا بە شێوەیەکی ڕاستتر، دەتوانین بڵێین کە گومانی لەسەرە. کاتێك هەبوو ئێمە لەڕووی دەرەوە زاخاومان دەردەدا، لەکاتێکدا لە ڕێگەی سەرکەوتنی سەیرسەیرەوە وڵاتی هەمەجۆرمان داگیر دەکرد، نەماندەزانی بە چ شێوەیەك جێگەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆمان بەڕێوە ببەین. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەمارگرژیمان بە نەزانیەکەی خۆمان زیاتر کرد. لەبەر ئەمەش لەڕووی بەڕێوەبەرێتییەوە تاریکاییو زوڵمو

زۆرمان بۆ خۆمان هەڵبژاردو، لە باری ئابووریشەوە هیچ شتێکمان ئەنجام نەدا. لایەنی پڕ لە خەمو ئازار ئەوەیە کە لەباتی ئەوەی پەرە بە بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە بدەین، نەزانیە زۆر و هەمەگیرەکەی خۆمان بەرەو وێرانکاری و ڕووخان و تێداچوونی بردووین. بەداخەوە ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوەن کە ئێمە لە چەند سەد ساڵ بەر لە ئێستاوە بە شێوەیەکی بێئاگا لە لایەنی ئابووری و چۆنیەتی بەدەستهاتنی قازانج و سوودو چێژی بازرگانی، ژیانمان بردوەتە سەر.

ئێمە وامانـدەزانی دوای مەشـرووتییەت، بـە ڕەچـاوکردنی ئـەم بەرژەوەندیانە، ئیدی بچووك و گەورەو هەموومان کار بۆ بەرزبوونەوەو بەدیهاتنی ئامانجە ئابووریەکان دەکەین، بەتایبەت دەستپێکرانی هەر کارێکی ئابووری کە بمانزانیایە بەڕاستی بەکەڵك و مایەی قازانجە، لەلای ئێمە بە گرنگترین و پیرۆزترین ئەرك لەقەڵەم دەدرا. لەبەر ئەوەش بوو لەپێشدا بە هەموومانەوە هەوڵی دامەزراندنی بانکێکی نەتەوەییمان دا. ئەم (بانکی نەتەوەیی یە) کە دوژمنان لەبەر هاندان و ورووژاندن هەمیشە چاوپۆشییان لێ دەکردو بایەخیان پێنەدەدا، بە ڕەنج و تەقەلای ئێمە دامەزرا. ئێستاش دوژمنە ناسراوەکانمان ئەمە ڕەت دەکەنەوە.

ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەنبووڵ، بۆ دامەزراندنی بانکێکی نەتەوەیی، دەستمان بە گفتوگۆ کرد لەگەڵ هاوڕێیاندا و بەرنامەو پرۆگرامێکمان دانا و، دوابەدوای ئەوە بە مەبەستی چوونە لەندەن ئەستەنبووڵم بەجێهێشت. لەبارەی مەسەلەی بانکی نەتەوەیی یەوە، لەگەڵ "لۆرد هاردیك"ی ڕاوێژکاری پێشووی جێگری باڵیۆزی ئینگلتەرە لە ئەستەنبووڵ و نوێنەری پادشای تازەی هیندستاندا قسەم کرد.

کاتی حکوومەتی پێشوو، دەوڵەتی ئینگلتەرە پەیوەندییەکی بازرگانیی لە ئاستی ٤٠٪ی بودجەی حکوومەتدا بەرقەرار کردبوو. بەڵام بە هەر شێوەیەك دەبێ با ببێ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی ئابووریی پتەو لەنێوان هەردوو حکوومەتدا نەبوو. ئەمەش تەنیا لەبەر پێویستیی کات نەدەهاتە ئاراوە. ئەمڕۆ لە دنیای سیاسەتو شارستانێتیدا، دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانەی بەهێز لەگەڵ هەر حکوومەتێکدا، لەڕێگەی پەیوەندیە ئابووریەکانەوە دێتە مەیدان. لەبەر ئەمە بوو کە پێشبینیی دروستبوونی پەیوەندیی پتەوی دۆستانەی نێوان حکوومەتی گەورەی ئینگلتەرەو دەوڵەتی عوسمانی دەکراو، حکوومەتی ئینگلتەرە بە شێوەیەکی تایبەت بەڵێنی هاوکاریی لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە دابوو. "لۆرد هاردیك" منی ڕەوانەی لای "سێر ئەرنەست کاسەل" کرد بۆ مەسەلەی ڕێکخراوی ئابووریی بانکی نەتەوەیی. لەگەڵ ئەمەشدا سێر ئەرنەست کاسەل لایەنگری دواخستنو درەنگکەوتنی بابەتەکە بوو. دوای ئەوەی لەگەڵ "سێر ئەرنست کاسەل"دا بە چڕوپڕی گفتوگۆمان لەسەر بابەتەکە کردو، تەنانەت دوای ئەوەی سەرلەنوێ بەرنامەکەمان داڕشتەوە، من گەڕامەوە بۆ ئەستەنبووڵ.

کاتێ گەڕامەوە بۆ ئەستەنبووڵ، سەردانێکی "کامیل پاشا"ی سەرۆك وەزیرانو تەوفیق پاشای[٢٦] وەزیری کاری دەرەوەم کردو لەوە

---

[٢٦] ئەحمەد تەوفیق پاشا ساڵی ١٨٤٥ لە ئەستەنبووڵ لەدایك بووەو، ساڵی ١٩٣٦ لە ئەستەنبووڵ کۆچی دوایی کردووە. خەڵکی (کرم Krim)ـەو یەکێکە لە بەرپرسانی حکوومەتی عوسمانی کە کاری وەزارەتەکانو پۆستی سەرۆکایەتیی

www.zheen.org

دووام کە حکوومەتی ئینگلتەرەو، بەتایبەت سێر ئەرنەست کاسەل، دامەزراندنی ئەم دەزگا نەتەوەییە بە شتێکی جێگەی ڕێزو شانازی لەقەڵەم دەدەن. هەروەها ئەوەشم پێ زیادکرد کە ئەگەر لەڕێگەی تەلگرافێکەوە سەبارەت بەم بابەتە بانگی خودی سێر ئەرنەست کاسەل بکرێت و ڕێز سوپاسی خۆمانی پێڕابگەیەنین، ئەوا زۆر باش دەبێ. دوای هەفتەیەك تەلگرافەکە گەیشتە سێر ئەرنەست کاسەل. وەك چۆن "سێر ئەرنەست کاسەل"م بە نوێنەرانی گەورەو بەرپرسانی حکوومی ناساندبوو، سەرکل دۆریان "Sercl Doryan -Cercled orient"یشم لە چەند میوانداریدا بە گەورەپیاوانی حیزبی "کۆمەڵە"و بەرپرسانی حکوومی ناساند. شایانی باسە، جاوید بەگی[٢٧] وەزیری پێشووی داراییش، لەم میوانداریانەدا بەشدار بوو.

ئەنجومەنی وەزیرانی وەرگرتووە. ناوبراو نەوەی "میرزا مستەفای باخچەسەرایی"و کوڕی "فەریق ئیسماعیل حەقی پاشا"ی فەرماندەی توونا و هەرێمی دەوروبەری بووەو، ئاکادیمیای جەنگی تەواوکرد.

بەڵام دوای ماوەیەك وازی لە کاروباری عەسکەری هێناو، خۆی بۆ کاروباری دەرەوە گواستەوە. دوای ئەوەی ئەرکی جۆراوجۆری لە نوێنەرایەتیەکانی درەوەدا بەجێهێنا، بوو بە وەزیری کاروباری دەرەوە. بۆ جاری یەکەم، لەکاتی ڕووداوەکانی ٣١ی مارتدا، بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. بەڵام کاتێك سوڵتان عەوبدولحەمیدی دووهەم لەسەر تەختی دەسەڵات لابرا، دەستی لەکار کێشایەوە. دوای چەند ئەرکێکی جۆراوجۆر، ساڵی ١٩١٨ بۆ جاری دووهەمو ساڵی ١٩٢٠ بۆ جاری سێهەم بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. تەوفیق پاشا دوای مردن لە مەزاری یەحیا ئەفەندی لە (بەشکتاش) نێژرا. ناوبراو بە یەکێك لە دروستترین و بەناموسترین بەرپرسانی حکوومەتی دوای مەشرووتییەت دەناسرا.

[٢٧] جاوید بەگ، ناوی ڕاستی محەمەدەو ساڵی ١٨٧٥ لە سەلانیك لەدایك بووەو، ساڵی ١٩٢٦ لە ئەنقەرە ژیانی لەدەست داوە. سیاسەتمەدارو بەرپرسێکی

دەبوو، بۆ چارەسەرکردنی هەندێك كێشە، سەرێکی میسرم بدایە. بە هەڵکەوت لە سەفەرەکەمدا "سێر ئەرنەست کاسەل"یش بوو بە هاوسەفەرم. ئەوکاتەی ئێمە لە میسر بووین، حکوومەتەکەی حەزرەتی کامیل پاشا لەسەر کار لابرابوو.

هەر کە گەڕامەوە بۆ ناوخاکی وڵاتەکەی خۆم، سێر ئەرنەست کاسەل لە (ئەسوان)ەوە بەڕێگەی تەلەگراف داوای زانیاریی سەبارەت بەم بابەتە کرد. کاتێك لە قاهیرە یەکتریمان بینی، باسی ئەوەم بۆ کرد کە کامیل پاشا بە گەمەو فێڵی کۆمەڵە لەسەر کار لابراوەو، ئەمەش بۆ داهاتوو و، بەتایبەت بۆ مەشرووتییەت خۆی شتێکی زۆر مەترسیدارە. هەروەها دڵگرانیی خۆمم سەبارەت بەوەی کە لەبەر ئەم ڕووداوە ناتوانم لە مەسەلەی دەزگای نەتەوەیی (بانکی نەتەوەیی)دا کاری لەگەڵدا بکەم، دەربڕی.

کاتێك، بە مەبەستی لێوردبوونەوەی زیاتر لە بابەتەکە، لەگەڵ "سێر ئەرنەست کاسەل"دا گەڕاینەوە بۆ ئەستەنبووڵ‌و، چاوم پێکەوت بە کەوتنی حکوومەتی کامیل پاشا هەوساری دەسەڵات بەتەواوەتی کەوتوەتە دەستی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامەکانی ئەمە ترسامو، وەکوو ئەنجام باسی ئەوەم کرد کە لەم هەلومەرجەدا پێداگری

حکوومەتی عوسمانی بوو. بە شێوازی جۆراجۆر کاری فەرمانبەری‌و مامۆستایی کردووە. وردەوردە بووە بە یەکێك لە نوێنەرە ناسراوەکانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی. دوای مەشرووتییەت بوو بە نوێنەری سەلانیك‌و، دواتر بە وەزیری دارایی. لەبەر کێشمەکێش‌و ئاژاوەی ناو حیزب، بەناچاری وازی لە ئەرك‌و نوێنەرایەتیی پارلەمان هێناو، تەنانەت بەناچاری ڕۆیشتە دەرەوەی وڵاتیش. دواتر هەموو پۆستەکان‌و پۆستی تریشی پێ سپێردرایەوە. دوای کۆمار، لەبەر ئەوەی گومانی لێ دەکرا پەیوەندیی بە ڕووداوی تیرۆری مستەفا کەمالەوە هەبێ لە ئزمیر، لە ئەنقەرە ئیعدام کرا.

لەسەر دامەزراندنی دەزگای ئابووری ناکەم، بەڵام ئەوی لەدەستم بێ بۆ پێکهێنانی ئەو دەزگایە، دریغی ناکەم.

"کامیل پاشا"، دوای دەست کێشانەوە لە پۆستی سەرۆك وەزیران، ئێوارەیەك منو سێر ئەرنەست کاسەلی کردە میوانی خۆی. کامیل پاشا لەم میوانداریەدا، سەبارەت بە دامەزراندنی دەزگای ناوبراو، هەندێك قسەی هاندەرانەی بۆ کردین. دوای ئەمە ڕووداوی ۳۱ی مارت هاتە مەیدان، کە سێر ئەرنەستی خستبوە گومانو دوودڵییەوە. چەند ڕۆژێك دوای ڕووداوەکە، لە پاریس چاوم پێیکەوت. بۆ هەمان بابەت منی داوەت کرد بۆ لەندەن. دوای ئەوەی، لەبەر بانگکردنەکەی، ڕۆیشتمە لای، چونکە ئیدی بەنیاز نەبووم بگەڕێمەوە بۆ ئەستەنبوول، داوای لێبوردنم لێ کرد لەسەر ئەوەی کە ساردبوومەتەوە لە بەڕێوەبردنی کاری (بانکی نەتەوەیی). دوابەدوای ئەوە، سەرباری ئەوەی کە دڵگرانیی خۆیو گەورەبەپرسانی ئابووریی ئینگلتەرەی بۆ دەست لەکارکێشانەوەم پێڕاگەیاندم. لەبەر پێداگرتنی من، لەسەر ئەوە ڕازی بوو کە هەرکاتێك بمەوێ بتوانم کاروباری بەڕێوەبردنی ئەوکان بگرمەوە ئەستۆ. لەلایەکی تریشەوە، "جاوید بەگ" کە پێشتر، بە جەختکردنی من، بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرێتیی بانکی نەتەوەیی دامەزرابوو و دوای ئەم ڕووداوانە بووبوو بە وەزیری دارایی، داوای لە سێر ئەرنەست کاسەل کردبوو لەباتی خۆی، هاوکاری ئابووری خۆی، یانی "حوسەین جاهید بەگ"[٢٨] دابمەزرێنێ. ئەمە ئەو هەموو

---

[٢٨] هونەرمەندو سیاسەتمەدارێکی تورکە، ساڵی ١٨٧٤ لە (بالیکەسیر) لەدایك بووەو، ساڵی ١٩٥٧ لە ئەستەنبووڵ کۆچی دوایی کردووە. ساڵی ١٨٩٦ مەکتەبی بەڕێوەبەرایێتیی سیاسیی تەواوکرد. ١٨٩٦ تا ١٩٠١، ڕۆمانی (سەروەتی فونوون)

ڕووداوانــە نــەبوون کــە هاتبوونــە گــۆڕێ. بــەڵام دوژمنــانی ئــازادیو مەشــرووتییەت، تــا ئەنــدازەی ڕەتکردنــەوەی ئــەم خزمەتانــەی ئێمــە، بــە شێوەیەکی چاونەترسانە هەڵسوکەوتیان کرد.

لەگـەڵ هـەموو ئەمانـەدا، ئـەم یادداشـتەی "جاویـد بـەگ"[٢٩] کـە لـە خوارەوە وەك خۆی دەینووسمەوە، بە شێوەیەکی ئاشکرا باسی هەوڵە تایبەتەکانی منی تێدا کراوە بۆ دامەزراندنی دەزگای ناوبراو.

بـوو بـە ڕۆمـانێکی ناسـراو. دوای مەشـرووتییەتی دووهـەم، دەسـتی بـە نووسـینی سیاسی کرد. ڕۆژنامەی "طەنین"ی دەرکردو، کاری وتەبێژی "کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی"ی گرتەئەستۆ. دواتر بوو بە نوێنەری ئەستەنبووڵ. لەکاتی شەڕدا، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دوورخرایەوە بۆ ماڵتا.

لــە گەڕانەوەیــدا، دووبــارە "طــەنــین"ی دەرکــردەوە (١٩٢٢–١٩٢٥). (١٩٢٥–١٩٢٦) بەڕێوەبـەرێتیی کۆمـار دووری خـستەوە بـۆ چـۆروم. دواتـر بـوو بـە نوێنـەری پارلـەمان (ئەستەنبووڵو قـەرس) (١٩٣٠–١٩٥٠). (١٩٣٣–١٩٤٠) گۆڤاری "بزووتنـەوەی فیکـری– فکر حرکتلری"ی دەرکرد کە کاتی خۆی زۆر کاریگەر بوو (٣٦٤ ژمارە). (١٩٤٨ – ١٩٥٧) هەتا کاتی مردن، ئەرکی سەرنووسەریی (ئولوس)ی هەبوو کە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی پارتی کۆماریی گەل (CHP) بوو. ناوبراو زیاتر لە (٦٠) بەرهەمی نووسراوو وەرگێڕانی هەیە، کە گرنگترینیان: (ژیانی خەیاڵی–١٨٩٩)، (ڕووی ڕاستەقینەی ژیان ١٩١٠)، (بۆچی کەسی تـر فریـو دەدەم–١٩٢٤)، (لـەنێو خەیاڵـدا، ڕۆمـان–١٩٠١)، (ئاژاوەکـانم–١٩١٠–ڕەخنـەیی)، (بیرەوەریە ئەدەبیەکان ١٩٣٠)، (بیرەوەریە سیاسیەکان–١٩٧٦).

[٢٩] بەڵگەکە خۆیو وەرگێڕدراوەکەی:

دەقی بەڵگەکە:

بنکەی ژین
www.zheen.org

((ڕێزداریتان هیوای منه

ڕێـزو سوپاسـی خـۆم سـەبارەت بـەوەی کـە مـنی کوێلـەو بەنـدەی خۆتـان، لـەنێو دامەزرێنـەکانی بـانکی نەتـەوەیـی تورکیـادا دانـاوە،

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەرگێڕدراوەکەی:

((لەگەڵ ڕێزمدا، لەبەر ئەوەی منی بەندەی خۆشتان خستوەتە ناو کاروباری دەزگای بانکی نەتەوەیی، ڕێزو سوپاسی خۆمتان پێشکەش دەکەم.

بەداخـەوە بـارودۆخی ئـابووریی نەتەوەکـەمان زۆر خراپـەو، بـە بۆچـوونی مـن، هەرجۆرە هەوڵدانێك بۆ چاکسازیی ئەم وەزعە، یەکێکە لە گرنگترین خزمەتـەکان بـۆ نیـشتمان. حـەزرەتی ئەفەنـدی، سـەرباری ئـەوەی کـە بـە سوپاسـێکی فراوانـەوە پێشنیارەکەتان پەسـند دەکـەم، جـێی خۆیـەتی دووبـارە ڕێـزو سوپاسـی خۆمتـان سەبارەت بە هەڵبژاردنی من بۆ پێکهێنانی ئەم ئەرکە نیشتمانییە پێشکەش بکەم.

١٩ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٤

محەمەد جاوید

پێشکەش دەکەم. هەموو هەوڵدانێك کە بێتە هۆی چاکی و پێشکەوتنی بـــاری ئـــابووریی گەلەکـــەمان، بـــە شـــتێکی گرنگـــی لەقەڵـــەم دەدەم.هەرچـەندە پێـشنیازەکەتان بـە ڕێـز سوپاسـەوە پەسـند دەکـەم، هـەورەها سـەبارەت بـەوەی کـە مـنی کۆیلـەی خۆتـان بـۆ بـە پێکهێنـانی ئـەرکی نەتـەوەیی ئامـادەکردووە، دەمـەوێ دووبـارە ڕێـزو سوپاسـی خۆمتان پێشکەش بکەم)).

٩ای کانوونی یەکەمی ١٩٠٨

محەمەد جاوید

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی دووهەم

دوورخرانەوەی ئارەزوومەندانە بەرەو ئەرووپا ...

بەشـێوەیەکی گـشتی، هەرچـەندە تەماشـای ڕابـردووی درێژخایـەن دەکرێت، ڕۆژهەلات مێژوو و بەسەرهاتی سەیروسەمەرەی هەن. بۆ نموونە، جاری وا هەیە پادشایەك بەرچاو دەکەوێ کە تا ئاسمان بەرزو پیرۆز کراوە، یاخود دیاردەیەکی نائاسایی گەورەییەکی خەفەتاویی دراوەتێو، هەندێك جار نەهامەتیـەکانی ئافاتێکی ڕاگوزاریو وێرانکەر دەردەکەونو، هەندێك جاری تریش دەرکەوتنو کوژانەوەی هەزاران خراپە کە ویـژدان دەلـەرزێننو مـرۆڤ تووشـی سەرسـوڕمان دەکـەن، دەبینـرێن. لەبـەر ئـەوەی ئـەم هـەموو تایبەتمەندیانەی ڕۆژهەلات، پشت بە زانیاریو کولتوور نابەستنو پابەندی بیرو بۆچوونو ویژدان نین، هەر کە پەیدا دەبن، مەحکوومی مەرگو نەماننو لـە مـەزاری فەرامۆشـیدا دەنێـژرێن. بـە شـێوەیەکی ئاسـایی، لەبـەر ئـەوەی لەسـەرەتادا ژیـریو دانـاییو لـەجێی خـۆدا نـەبوونو، بـە دانـاییو ژیـری نـەکراون، نابـێ لـە ئـەنجامو کۆتاییـدا بـەدوای پەنـدو ئەزموونـدا بگـەڕێین. بەداخـەوە سـەرتاپای ئەوساتە پڕ لـە ئازار و دوودڵییـەی کـە لـە پاشاوە تـا وەزیـرو، لـە تـاکێکی ئاسـاییەوە تـا دەسـتبژاردەکان، هـەموومانی تێـدا

ژیاوین، لەگەڵ هەزاران ڕووداوی تاڵو مێژووی پڕ لە کینەو تووڕەییماندا، هیچ ئەزموونێکمان پێنابەخشن و پڕن لەو شتانە کە دەبنە مایەی شەرمەزاری. ئەوەتا دیارە، بگرە پەندێکی بچکۆلانەیش، لەناو ویژدانماندا بەدی ناکرێ. تەنانەت زۆر سەیرو بێچارەین، هەر دینێك فەرمانی ملکەچیی بەرامبەر بە زوڵمو زۆرداری دابێ، دینەکەی ئێمەش ئەمەی کردووە بە ئەرکێکی سەرشانمان.

بەڵام ئێمە وەك ئەوەی دڵی زۆرداران و تێرنەخۆران بدەینەوە، وەها هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەین. ئیسلامەتی و زۆردارای، بە هیچ جۆرێك پێکەوە ناگونجێن. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا وڵاتەکەمان بووە بە مەیدانی جێبەجێکرانی کارە گڵاوو پۆخڵەکانی زۆرداران. کەس ناتوانێ، بەپێچەوانەوە، لافی هەبوونی شتێکی تر لێبدات.

با زۆر بەرەو ڕابردوو نەگەڕێینەوە. مەگەر دیاردە خراپەکانی شەڕێکی ژیانی درێژخایەن لەم سێ ساڵەی دواییدا بە باشترین شێوە ئەم ڕاستییە ناخەنە ڕوو ؟!

لەکاتێکدا بە کاریگەریی ئەم بۆچوونانە کە پێکەوە هەڵناکەن و بەریەك دەکەون، بە خەمو ئازارێکەوە بەرەو ئەورووپا دەڕۆیشتین، بە هەموو نیگەرانی و دڵشکانێکمەوە، تەنیا بۆ ساتێکیش بیری نیشتمان و داهاتوومانم لەیاد دەرنەدەچوو. سەدان نەفرەت لەو کەسانە بێ، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان، تەنیا هیواو تیشکی درەوشاوەی ڕزگاریی ئێمەیان لەڕێی وتارێکی کۆنەپەرستانەوە کوژاندەوە !

هەرچەندە ئەو نەوە نانکوێرو نەخۆشەم دەهێنایە بەرچاوی خۆم، کە بە هەڵەشەییەکی زۆرەوە گەمەیان بە چارەنووسی وڵاتێکی فرە

بنکەی ژین
www.zheen.org

پێکهاتەو ناجۆری وەکوو عوسمانی دەکرد، بە هەموو مەترسییەکی خۆیەوە ترسی نزیکبوونەوەی لەناوچوونی خۆمانم لێ دەنیشت.

بە قسەی هەندێك کەس، گوایە ئێستا قۆناغی مەشرووتییەتو، بە شێوەی وتنی تایبەتی خۆمانیش قۆناغی (دڵئارایی‌ی مەشرووتییەت) لە ئەستەنبووڵ لەئارادایەو، ئێمەش بە تووڕەیی‌و خەفەتێکی پڕ لە حەسرەتەوە هەموو وردەکاریەکانی ژیانی ئەو هەشت مانگەمان دەهێنایە پێش چاوی خۆمان. لەوەش تێدەگەیشتم کە ئەم ڕەوتە هیچ پەیوەندییەکی بە بەختیاری‌و ڕزگاری‌ی ئێمەوە نییەو، بە هیچ جۆرێکیش شایستەی ئەوەش نییە. لەو هەشت مانگەدا، ئەگەر پەردەی مەشرووتییەتت لەسەر هەر کردەوەیەك‌و هەر ڕووداوێك لابدایە، ئەوا بەرژەوەندی‌و ملهوڕی‌و پەرۆشی بەئاشکرا دەردەکەوتن. دیارە ئەوانەی وا دەبوون بە هۆی ڕوودانی ئەم کارەساتانە، ورەو ئازایەتی‌ی خۆیان لە هێزی سوپاوە وەردەگرت، کە کردبوویان بە هاوبەش‌و هاوکاری خۆیان لە کاروباری سیاسیدا. بەشداری پێکردنی سەربازو سوپاو دەستوەردانیان لە کاروباری سیاسی، خۆی‌لەخۆیدا مانای ئامادەکردنی مەزارێك بۆ حکوومەت‌و مەشرووتییەتی دەگەیاند. بە بۆچوونی من، گەڕان بەدوای بەڵگەی تردا بۆ ئەم مەسەلەیە پێویست نییەو، هەمووشتێکی بە روونی لەبەر چاوە. هەرکاتێك وەجاخی (یەنی‌چەری) [سەربازەکانی حکوومەتی عوسمانی، وەرگێڕ] دەستی وەرداوەتە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات‌و ویستوویەتی سیاسەت بکات، ئەم خەڵکە تووشی بەڵاو نەهامەتی‌و وەجاخکوێری بووە.

ئەو هێزە بەختیارەی وا لەڕێگەی پاراستنی نیشتمانداو لە قۆناغی داگیرکاریەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، مێژوەکەمانی پڕکردووە لەو

ڕووداوانەی کە گەلی هەڵبژێردراوی ئێمە شانازییان پێوە بکەن، تەنیا لە زەمینەی ئەو کارە پڕ لە دژواری و زەحمەتیەدا کەڵکی هەبوە. بەپێچەوانەوە، کاتێك خۆی تێکەڵی کاروبای سیاسی کردووە، بووە بەهۆی کەوتن و دۆڕان و زیاتربوونی زەرەرو زیانەکانمان.

خۆڕزگارکردن لە پەنجەی نەخۆشی و درمی بڵاوی سیاسەت لەنێو سوپادا، کە بنەماکانی فەرمانبەرداریی عەسکەری تێك دەدات، شتێکی ئاسان نییە. بەڵام کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، لەبەر سەودای حکوومەت و بوون بە پارتی گوێڕایەڵ نەبوو کە بەتایبەت سەرچاوەی هەموو خراپیەکانی ئێستایەو، لەپێناوی ویست و داخوازی پاراستنی بەرژەوەندەکانی خۆیدا، چاوپۆشیی لەم ڕاستییە مێژووییە سادەیە کردو کەوتە دوژمنایەتی ئەوانەش کە ئەمەیان دەهێنایە سەر زمان.

لە شیکردنەوەکانی خۆمدا سەبارەت بە هەلومەرجی کات و ئەنجامە خراپ و ڕووخێنەرەکانی ئەو ڕێگایەی کە گرتوومانەتە بەر، لەو باوەڕەدا نەبووم کە زەمان هۆی وازهێنانەکەی من و ئەوشتەی وا لافی پێوە لێدەدرا، بەزوویی و بە شێوەیەکی خوێناوی بخاتە مەیدان. بەڵکوو وامدەزانی مەترسیەکان زۆر نزیك نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمزانی ئەنجامی قورسیان لێ دەکەوێتەوە. بەڵام لەناکاو دەستێکی شاراوە بە فیشەکێکی دەمانچە مێشکێکی کون کردو برینی کردە دڵی مەشرووتییەت و تێپەڕ بوو.

لەمەودوا، ئیدی بیرو قەڵەم بوون بە تاوانبارانی سزای مەرگ. تاوانێکی سەیر ڕووی دابوو، "حەسەن فەهمی بەگ"[٣٠]، وەك

---

[٣٠] ساڵی ١٨٦٦ لەدایك بووەو، ٥ی نیسانی١٩٠٩ لە ئەستەنبووڵ کۆچی دوایی کردووە. یەکێك بووە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە سەردەمی مەشرووتییەت کۆمەڵەی

شەهیدێکی بێتاوان، بەڵام ئەو بکوژە ناپیاوەی کە ئەو تاوانەی کردبوو، دیار نەبوو. پێم وایە دادو دادپەروەریی هەمیشەیی، ئەمەش پەیدا دەکات. لەوەدەچێ یەکێکی ژەهراویکراوی ناو کۆمەڵگەیەکی سەرشێتو بێسەرەوبەرە سزا نەدرێ، بەڵام ئاشکرایە کۆمەڵەی بکوژە ڕاستەقینەکانی سزای خۆی هەر دەدات. هەر دوابەدوای ئەم مەرگەساتە، کارەساتو تراژیدیای ٣١ی مارت دێتە ئاراوە.

کاتێك ئەستەنبووڵو "کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی"م بەجێدەهێشت، وەك چۆن لە داوانامەی دەست لەکارکێشانەوەکەشمدا ڕشوونم کردبووەوە، پێم وابوو ((بەپێی بەڵگەو ڕووداوە مێژووییەکان، دەستوەردانی چینی سەرباز لە کاروباری سیاسیدا، مەترسیو زیانێکی گەورەیە بۆ بەرژەوەندەکانی وڵاتو نیشتمان)).

هەروەها ئاماژەیەکیشمان کردبوو بۆ دیاردە خەماوییەکانی ئەوکاتەو، ئەوەشم وتبوو کە" ((بارودۆخی ئێستای ئێمە، نموونەو بەڵگەیەکی بەرچاوی ئەمەیە)).

ئیتیحادو تەرەقی کوشتی. لە قوتابخانەی زانستی بەڕێوەبەرێتیدا خوێندنی تەواو کردووە. لەکاتی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەمدا، ڕای کردوەتە پاریسو، لەوێشەوە چووەتە میسر. لەگەڵ ژۆن تورکەکانی تردا، دژ بە ئیدارەی سوڵتان عەبدولحەمید، کەوتووەتە کارو خەبات. دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووهەم، گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبووڵو، لە ڕۆژنامەی "سەربەستی"دا بووە بە سەرنووسەرو بەرامبەر بە ئیدارە ستەمکارەکەی ئیتیحادو تەرەقی ڕاوەستاوەو ناڕەزاییی خۆی دەربڕیوە. لە ئەنجامیشدا، بەهۆی نووسراوەکانی لەدژی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، لەسەر پردی (غەڵەطە) کەوتوەتە بەر دەستڕێژی گوللەی نەیارانیو، کوژراوە.

لـه هەموولايـەكی ولاتو ئـەو جێگايانـەدا كـە كۆمەڵـە زۆرداریو ستەمی تێدا دەكردو، سەرباز دەستتێوەردانی نایاسایـیی هەبوو و كێشەی بۆ پارتـەكان دروست دەنايـەوەو، لـەو پارێزگايانـەدا كە ڕەگو ڕیشەیان داكوتـابوو، وشـەی ئاسايش بـوو بـە خـەياڵێكی بێپاراستنو شتێكی بێواتا.

بەشێوەيەكی گشتی، نيشانەكانی نارەزايی لە هەموولايەكەوەو لـە گـشت پارێزگاكانـدا بـە ئاشـكرا دەردەكـەوتن. بەڵـگە خوێناويـەكانی بـێئيرادەیی و كەمتەرخـەمـیی نەزانانـەی ئەوكاتـەمان، ڕووداوەكـانی كـوژرانی شـەهيدی بێتـاوان حەسـەن فـەهمی بـەگو تراژيـديای ٣١ی مارتو ڕووداوە تاڵەكانی ئەدەنە (ئەطەنە)يە.

٣١ی مارت

چـەند ڕۆژێـك دوای سـەفەرەكەی ئێمـە بـۆ ئـەوروپا و دوای شـەهيدبوونی حەسـەن فـەهمی بـەگی شـەهيدی ئـازادیی ڕاگەيانـدن بـە شـێوەيەكی ناسـۆراوی و جـەرگبڕ، ڕاپـەڕينو كودەتايـەكی عەسـكەری لـەدژی گرووپـی ئيتيحاد كە بەڕێوەبردنی دەوڵـەتی عوسمانيی تێكەڵوپێكەڵ كردبوو و لەبەر بەرژەوەندی خۆی ولاتی بەتالان بردبوو، تەقييـەوەو مەترسييەكی بە خوێن ڕەنگكراو بوو بۆ ولاتەكەمان، بـە چەشنێك كـە تا ئەمڕۆكـەش هـەر بووينەتـە بێچارەو لێقەوماوی دەستی ئەم ڕووداوە. هـەر لەبـەر ئەمـەش زنجيرەی ئەو ستەمانەی كە كراونو ئەو خراپە بێكۆتاييانەی وا بە كەڵكوەرگرتن لـەم هەلـە لە مێژووی شۆڕشەكەماندا كەوتوونەتە بەرچاو، چەندين لاپـەڕەی ڕەشيان پڕ

کردوەتەوە کە مایەی شەرمەزاری و ترسی گەلەکەمانن. ئەمڕۆ کە ئەم لەکە ڕەشە پاکنەکراوانە دێنینەوە پێش چاوی خۆمان، ناتوانین لەوە تێبگەین کە بە چ شێوەیەك دەتوانین لە دەست ئەم سەرهەڵدان و دەرکەوتنە پڕ لە تووڕەیی و تۆڵەی دادو عەدالەتی هەمیشەییە ڕزگارمان بێ. ئەمە دادو ڕاستییەکە، بەناوی ئەو کەسە سووك و هیچ و پووچانەوە کە ئاوا ئێمەیان تووشی بێچارەیی و پەرێشانی کردووە. هەروەهاشە، لەبەر ئەوەی بەرامبەر بە چەندایەتیی کاری ئەوان، چاوەڕوان ماینەوەو تەماشامان کرد، ئێمەش هەموومان تاوانبارین. ئەمە زیانێکی زۆری بۆ وڵات و خەڵك هەبوو. بەداخەوە هەندێك لە (ئەفسەرە سیاسیەکانمان)، بۆ غرووری پارێزگاریکردنێکی فراوانی بێمانا و، بە وروژاندن و هاندانی گرووپێکی بەرژەوەندپەرست و خوێڕی، خۆیان ون کردو، بوون بە سۆنگەی دروستبوونی ئەم ڕووداوە لە ڕاپەڕینەکەدا کە هێشتا پەندی لێ وەرنەگیرابوو.

بەبێ دەربڕینی ناسنامەی خاوەنی ئەو قسانەی کە دەیەوێ ئەم ڕووداوە تاڵە لەژێر پەردەیەکی فەرامۆشیدا بشارێتەوە، دەمەوێ دووبارە ئەم قسانە بهێنمەوە ڕوو: ئەم ڕووداوە دەیەوێ نیشان بدات، کاتێك ئەو سیاسەتەی وا وەکوو شتێکی شیرین دێتە بەرچاو، دەکەوێتە ژێر دەستی سوپا و سەربازن لە چ ئاستێکدا دەبێ بە هۆی لەناوچوون و، تا چەندە وێرانکەر دەبێ. ئەگەر بە کەمێك ئینساف و ویژدان و بەزەییهاتنەوە بە بارودۆخی خەڵکی لێقەوماوی ئەم وڵاتەوە، بڕوانینە ڕووداوی خەماوی و تراژیدیی ٣١ی مارت[٣١]، ئەوا بە

---

[٣١] ئەو ڕاپەڕینەیە کە دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووهەم لەدژی ئیدارەی ئەسەنبوولێ بەرپاکرا. لەبەر ئەوەی ڕاپەڕینەکە، بەپێی ساڵنامەی ڕۆمی، لە ٣١ی مارتی ١٣٢٥دا (١٣ی نیسانی١٩٠٩) کرا، هەر وا ناونراو بوو بە ڕووادوی ٣١ی

ئاشکرا دەردەکەوێ ئەم ڕووداوە چەندین ڕۆڵەی ئەم وڵاتەو ئاپۆڕەیەك بێچارەی لەناوبردو بەدبەختی کردن.

مارت. شەوی ١٣ی نیسان لە (تەقسیم قشلەسی) هەندێك سەباز بەرەنگاری ئەفسەرەکانیان بوونەوەو، لەبەردەم مەجلیسی مەبعووساندا کۆبوونەوەو، داواکاریەکانی خۆیان لەسەر بەڕێوەبردنی وڵات بەپێی شەریعەت ڕاگەیاند. حکوومەتی حوسێن حیلمی پاشا ڕێگەی پێکهاتنی لەگەڵ سەرهەڵداوندا گرتەبەرو، وەزیرانی کابینەکە یەکە بە یەکە دەستیان لەکار کێشایەوە.
ئەم ڕاپەڕینە کاری کردە سەر مەجلیسی مەبعووسانیش و، ئەو ئەندامانەی کە سەر بە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بوون، لە ئەستونبوڵ چوونە دەرێ و ڕایان کردو خۆیان شاردەوەو نەڕۆیشتنە ناو ئەنجومەن.
هەندێك لەو ئەفسەرو نوێنەرانەی کە دەستگیر کرابوون، لەوانەی کەسەر بە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بوون، کوژران. بەرامبەر بەمە، کاتێك کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی کۆنترۆڵی ئەستەنبووڵی لەدەست دەرچوو، لە (سەلانیك) کە ناوەندی هێزەکەی بوو، سێ سوپای خستە جموجووڵ بۆ سەرکوتکردنی سەرهەڵدانەکەو سوپای پاکسازی دامەزرا. ئەم سوپایە شەوی ٢٤ی نیسان ڕژایە ناو ئەستەنبووڵ و بارودۆخەکەی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دەشێ بگوترێ کە دەیان لایەن زیاتر لەپشت ئەم ڕووداوەوە بوون، چونکە هەموو ئۆپوزیسیۆن پشتگیریی ئەم ڕاپەڕینەیان دەکرد. بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەم ڕووداوە، لە هەموو لایەنێکی تر زیاتر، بە قازانجی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی تەواوبوو.
هەموو ئۆپۆزیسیۆن لەناوبراو، ئەو کەسانەی وا ڕۆڵیان لە ڕووداوەکەدا هەبوو، بە شێوەیەکی قورس سزادران و، لەوەش گرنگتر، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم لەسەر تەختی دەسەڵات لابراو دوورخرایەوە بۆ سەلانیك و، بەو جۆرەش کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لە مەیدانی سیاسیدا بوو بە هێزی یەکەم.

٣١ی مارت ڕووداوێکی کۆنەپەرستانە نییە

هەر لە زووەوە لە ڕاگەیاندنەکانی خۆمانو هەندێك ئۆرگانی ڕاگەیاندنی دنیای دەرەوەشدا، سەبارەت بەوەی کە ڕووداوی ٣١ی مارت شتێکی کۆنەپەرستانە بووە، هەندێك بۆچوونی بەمەبەستو تاکەکەسی خراونەتە بەرچاو.

ڕۆژنامەکانی وەك "طەنین"و "لاپەڕە پیسەکان- أوراق ملوثە" هەمیشە هەوڵی ئەوەیان دەدا ڕووداوی ٣١ی مارت بە کاردانەوەی کۆنەپەرستان بەرامبەر بە شۆڕش لەقەڵەم بدەنو، بەو جۆرە بە دنیای بناسێنن. سەبارەت بەوەش کە ئەوروپا لایەنگری ئازادیو مەشرووتییەتی گەلەکەمان نییە، شتی زۆری گەوجانەیان بلاودەکردەوە. بێگومان هۆیەکی سەرەکیی بلاوبوونەوەی بەرژەوەندپەرستی وەك هێزێکی سەیر لە هەمووولایەکی ئەم وڵاتەدا، دنیای تاریکی نەزانیی خەڵکەکەمانو بێبەشبوونیانە لە زانستو زانیاری بە شێوەیەکی ئاسایی. نەزانیو کەمتەرخەمیی خەڵك، تەنیا چەکی سەرکەوتنی دوژمنانی مەشرووتییەتو خوێڕیەکانە. لەڕاستیدا نەزانیو کەمتەرخەمیی خەڵك، گەیشتە بەرژەوەندەکانی خۆشیان.

٣١ی مارت، وەك ئەنجامی ژیانێکی پڕ لە خۆسەپاندنو گوشارو تەنگ پێهەڵچنینو پاوانخوازیو زۆرداری هاتە مەیدان، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە دەوترێ، (کاردانەوەیەکی کۆنەپەرستانە) نەبوو و، لەم بارەیەشەوە چەندین هۆو بەڵگە هەن کە دەرفەت بۆ هیچ گومانێك ناهێڵنەوە.

ئـــەو کۆنەپەرســـتیەی وا ئێمـــە لێـــی تێدەگـــەین و هـــەموو بیرمەنـدەکانیش لەسـەری هـاوڕان، ڕاپـەڕین و هەوڵـدان بـۆ لابردنـی حکوومـەتی خـەڵك کـە ڕێـز لـە ئـازادیو مەشـرووتییەت دەگـرێ، هێنانەوەی حکوومەت و دەسەڵاتێکی ڕەها[٣٢] و دیکتاتۆرییە.

ئەو ڕاپەڕین و سەرهەڵدانانەی کە بەم جۆرە مەبەستانەوە دەکرێن، بە کۆنەپەرست و دواکەوتوو لەقەڵەم دەدرێن. گرووپی کۆنەپەرستان ئەو کەسانەن کە دژی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرێتییەکی ئازادیخوازن. هەر بۆیە ئەم گرووپە کۆنەپەرستە، لە سەرەتای کارەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ (مەجلیسی مەبعووسان)ی لابرد. ئێمە بەبێکەموکوڕیو بەم مانا سادەیەوە کۆنەپەرستی دەناسێنین. لە هیچ جێگەیەکی ئەم دنیایەدا دیندارێکی ئاسایی یا دەمارگرژ بە خۆڕایی بە کۆنەپەرست لەقەڵەم نادرێ.

ئەگـەر وابـێ، پێویـستە ئینگلیزەکـانیش کـە هـەموو مرۆڤـە ئازادیخوازەکـان وڵاتەکـەیان بـە پێـشەنگی شارسـتانی و خـاوەنی بەڕێوەبەرێتییـەکی باش و بـەختیار دەزانـن، بـە کۆنەپەرسـت لەقەڵـەم بـدرێن، چـونکە هـەم دینـدارن، هـەم لـە بـاری دینیـشەوە تاڕادەیـەك دەرمارگرژییان هەیە. بەڵام ئایا دەتوانرێ ئەو مرۆڤانە حاڵی بکرێن کە هەموو کێشەیەك دەکەنە شتێکی واتا نادیارو مایەی تێنەگەیشتن ؟ یاخود سەپاندنی ئەم ڕاستییە بەسەر ئەو مێشکانەدا کە خۆیان لە

[٣٢] سیـستەمێکی سیاسـییە کـە هـەموو دەسـەڵات لـە دەسـتی تاکەکەسـێکدا کۆدەکاتەوە. تایبەتمەندی بەرچاوی ئەم سیستەمە ئەوەیە کە دەسەڵات لەڕێگەی هیچ دەزگایەکی دادوەری، یاسایی، دینی، ئابووری و سیاسییەوە کۆنترۆڵ ناکرێ.

وشكە بیروباوەڕیدا خنكاندووەو زۆر بە باشی لەم شتانە تێدەگەن، مومكینە یان نا ؟

لە ٣١ی مارتدا چی كرا ؟ ستوونە ڕاوچییەكان كە بە (هێزی كۆمەڵە)و ڕێپیشاندەری مەشرووتییەت ناونرابوون و، ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خۆیان بەرامبەر بە ئیدارەی پێشوو ڕاگەیاندبوو، ئەركی پاراستنی مەشرووتییەتیان دژ بە هەر جۆرە دەستدرێژییەكی چاوەڕوانكراو پێ سپێردرابوو. شایانی باسە، ئەم هێزە تا ڕووداوەكانی ٣١ی مارت، جگە لە كاری زۆرداری و گوشارو تەنگ پێهەڵچنین، بۆ هیچ كارێكی تر بەكار نەبرابوو.

دەستەی (فیداكارانی گەل) كە وایان زانیبوو ئازادی لە وڵاتدا هەیەو، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێكخستنیان بۆ خۆیان پێك هێنابوو، لەبەر تۆمەتەكانی كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، بەهۆی (چەكی ئازادی)یەوە لەناوبران.

ڕێزو سوپاس بۆ ئەو كردارانەی كە قارەمانە ئازاكانمان لە خانەی میهرو بەزەیی یەوە تا پەرلەمانی نوێنەرانی خەڵك (مەجلیسی مەبعووسان)و وەزراەتی جەنگ ئەنجامیان دابوون ! بەتایبەت بۆ دواڕۆژەكانی ڕووناكی و ئازادی !

لە كۆبوونەوەی شەوانەی مەیدانی وەزارەتی جەنگ و زۆر جێگەی ترو، تەنانەت نێو دیمەن و وێنەی گوزەرەكانیشدا، دوور لە فەرمانبەری عەسكەری، ئەم جیدییەتە عەسكەرییەیان نواند. ئەم بێچارانە بە پارێزگاری و چاودێری وەزارەتی جەنگ و، بەتایبەت

لەڕێی ئاسانکاریەکانی مەحمود موختار پاشای قارەمانەوە[٣٣] بۆ ڕیفۆرمی عەسکەریو هەوڵەکانی بۆ پێشخستنو گەورەکردنی سوپا، توانییان هەلی خۆنیشاندانو دەرکەوتن بدۆزنەوە. ئەمانەش بەشێك بوون لە کردەوەکانی ئەو هێزە پیرۆزو ڕێپیشاندەرەی مەشرووتییەت لە ئەستەنبووڵ !

هێزێکی عەسکەری کە فەرمانبەری عەسکەری لەناودەباتو، بەتایبەت جەستەی مەشرووتییەت بریندار دەکاتو دەست لە

---

[٣٣] مەحمود موختار پاشای قاترچی ئوغڵوو، ساڵی ١٨٦٧ لە ئەستەنبووڵ لەدایك بووەو، ساڵی ١٩٣٥ لە ئەسکەندرییە کۆتایی بە ژیانی هاتووە. یەکێکە لە فەرماندەکانی سوپای عوسمانییو، وەزیفەی باڵوێزیو وەزیریی بینیوە. کوڕی غازی ئەحمەد موختار پاشاو نەوەی محەمەد پاشای قاترچی ئوغڵووی بورسایییە. لە ئەستەنبووڵ لە ئاکادیمیای جەنگو، لە قوتابخانەی جەنگی (Metz) ئەڵمانیا دەرسی خوێند. دواتر لە لیوای تایبەتی پرووسیادا دەستی بەکار کرد. دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیا، لە دایرەی ئەرکانی جەنگ ئەرکی پێسپێردراو، لە وەزراەتی جەنگیش دەرسی گوتەوە. لە سوپای تاسالیادا وەك سەرهەنگ (فەرماندەی تیپ) لە شەڕەکانی فەلەستینو چەتاڵجەو دەمەکەدا بەشدار بوو. دواتر بوو بە دووهەمین سەرۆکی هێزی پیادەی سوپا (١٩٠٠). دوای مەشرووتییەتی دووهەمیش، وەك فەریقی یەکەم، بوو بە فەرماندەی لقی یەکەمی سوپای تایبەت. نێوان ساڵانی ١٩١٠ -١٩١٢ ئەرکی پارێزگاریی شاری ئایدینو پۆستی وەزیری هێزی دەریاییی وەرگرتو، دوای هەموو ئەمانەش بوو بە باڵوێزی گەورە لە بەرلین (١٩١٣). بەڵام پاش ساڵێك دەستی لەکار کێشایەوەو، ئیدی وەزیفەی ڕەسمیی وەرنەگرت. هەندێك بەرهەمی بەم ناوانەوە (ڕۆژنامەی شەڕ، چاوپێداخشانێك بە ڕابردوودا، بیرەوەرییەکی تاڵ، Eve'mentsd' Ocient, La Turquie I' Allemagne– کە بە زمانی فەڕەنسی نووسراون) هەیە.

کاروباری بەڕێوەبردن وەردەدات، ئەوان کە بە هاوکارێك ناوی دەبەن، شتێکی ئاسایی‌یە. نەکرووزانەوەو سکاڵانەکردنی ویژدانی ئەندامانی عەسکەری‌و بەشی ئابووریی کۆمەڵە لە ئاستی چۆنیەتی مردن‌و دیمەنی مەرگی خەماویی ئەفسەرە نەزان‌و بێچارەکاندا، شتێکی سەرسوڕهێنە (ئەڵبەتە هێشتا ئالوودەی پیسترین جۆری شەرمەزارین).

سوپاو سەرباز کە لەم جۆرە خزمەتە ئایەخانەدا بەکار دەبران، لەبەر قسەو باسی سەبارەت بە کارەساتی مەرگی حەسەن فەهمی بەگ کە ئامانجی سەرەکیی کۆمەڵە بوو، بەلاساییکردنەوەی کۆبوونەوەی (فیرۆزویك) [٣٤] لە مەیدانی (ئایاسۆفیا)دا کۆبوونەوەیەکیان سازکرد. وەك چۆن لە سەرەتاکانی ئەم بەشەدا باسمان کرد، لە دوانامەی دەست لەکارکێشانەوەی خۆمدا داوام کردبوو سەربازو سوپا دەست لە کاروباری سیاسی وەرنەدەن. هەر لەبەر ئەمەشە کە هیچ کاتێك (ڕاپەڕین‌و سەرهەڵدانە ئارامگرەکەی) ٣١ی مارت پەسند ناکەین‌و

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٣٤] کۆبوونەوەیەك بە بەشداری زیاتر لە بیست هەزار کەس، بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی سیاسەتی گشتی‌و سیاسەتی ڕێگەی ئاسنی نەمساو هەوڵدانی بۆ دزکردنە ناو ئەلبانیا، لە فیزرۆڤیك (Firzovik) سازکراو، هەر بەناوەش ناوبانگی دەرکرد. کۆبوونەوە، بە دەست تیۆردانی ئیتیحادیەکان، بە پێشکەشکردنی داوکارییەك لە حکوومەتی عوسمانی بۆداڕشتنی دەستووری بنچینەیی، کۆتایی هات (٧ی مایسی ١٩٠٨).

بەندەکانی ئەم دەقە هەشت بڕگەییە زیادکران‌و، ئەمەش لە پشتەکەی نووسرابوو: ((داوا لە پاشا –شاهنشا–ی بەڕێز دەکەین بۆ جارێکی تر دەستووری بنچینەیی‌و نەریتی ڕاوێژکاری بەڕێوە بەرێ‌و، ڕێگە لەبەردەم دروستبوونی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکدا بکاتەوە..)و، لە هەمووولایەکی وڵاتدا بڵاو کرایەوە.

چەپڵەی بۆ لێ نادەین، چونکە هێشتا پێداگری لەسەر بیرو بۆچوونی پێشووی خۆمان دەکەین و دەڵێین ئەم ڕووداوە شتێکی کۆنەپەرستانە نییە. بەڵام کامەن هۆو بەڵگەکانی ئەم قسەیە ؟

بەر لە هەمووشتێك پێویستە ئەوە بگوترێ، کۆنەپەرستان تەنیا دوژمنایەتیی چوارپێنج کەسیان نەدەکرد، بەڵکوو هی هەموو نوێنەرانی خەڵکیان دەکرد. بە واتایەکی تر، پێویست بوو وەها بێ. بەڵام سەربازە ڕاپەڕیوەکان داواکاریە گونجاوەکانی خۆیان (داواکاریی گونجاو شتێکی جیاوازەو، خراپبوونی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی عەسکەریش[٣٥] لە بنەڕەتدا شتێکی جیاوازە) لە پادشا نەدەویست، بەڵکوو ڕووی قسەیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵك بوو. ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر ئەمانە کۆنەپەرست بوونتیە، ئەوا تەنیا لەبەردەم (کۆشکی یلدز)دا کۆدەبوونەوەو، دوای ماوەیەکی تر ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکیشیان بەتاڵان دەبرد. بەڵام وەهایان نەکرد. لێرەدا وەڵامی لافوگەزافێکی ڕێتێچوو دەدەینەوە، ئەویش ئەوەیە کە ڕاپەڕیوەکان جاڕی (شەریعەتمان دەوێ)یان دەدا کە بوو بەهۆی ئەوەی بگوترێ (بەکارهێنانی دین بۆ سەرهەڵدان و ڕاپەڕین شتێکی کۆنەپەرستانەیە)و، تاوانبارکردنی ئەو کردەوەیە بێتە ئاراوە.

---

[٣٥] داواکاریەکانی ڕاپەڕینەکە، بەپێی ڕۆژنامەکانی ئەکاتە، لە پێنج بەنددا کۆدەکرایەوە: ١- لەسەر کار لاچوونی کابینە (بەتەواوەتی)، ٢- وازهێنانی ئەحمەد ڕەزاو جاهید حوسین بەگو تەلعەت بەگ، لە پۆستی لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵك (پارلەمان)، ٣- ..... ، ٤- پێڕەوکردنی یاساکانی شەریعەت، - لێبوردن لە بەشدارانی ئەم ڕاپەڕینە.

ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە کە تێگەیشتن و زانیاریی کۆمەڵی ڕاپەڕیو لە چ ئاستێکدایە، ئەوا ناتوانرێ داوای شەیعەت کردنی ڕاپەڕیوان بە کارو چالاکییەکی کۆنەپەرستانە بژمێردرێ. ئەگەر دوای کردەوەکانی کۆمەڵەی نەفرەتیی ئیتیحادو تەرەقی، گرووپێک ڕۆشنبیری ناو خەڵک ئەم سەرهەڵدانەیان دەست پێبکردایە، دروشمی (شەریعەتمان دەوێ) بە شێوەیەکی ئاسایی پشتیوانییەکی بە خۆوە نەدەبینی. ئەو پێشەنگانەی کە بارودۆخەکەیان ئاسایی کردەوە، کەسانی زاناو ڕۆشنبیرو، سەربازە سەرهەڵداوەکانیش کەسانی بیرتەسک و نەزان بوون. ئازادیی و مەشرووتییەت و، بە کورتی هەموو ئامانجێکی ئازادیخوازی، لە چاوی ئەوسەربازەوە، لەژێر چەمکی شەریعەتدا کۆدەبنەوە. وەك ئەوەی دەگوترێ داواکردنی شەریعەت، مانای گەڕان بەدوای ملهوڕیی و ستەمکاریدا ناگەیەنێ. شتی سەیر ئەوەیە کە هەندێك لە مرۆڤە بیرئازادەکانیش، لە هەندێك بارودۆخی مەترسیداردا، پەنا بۆ دین دەبەن وەك چەکێکی بەئەنجام گەیاندنی گۆڕانکاریی و ڕیفۆرم.

داواکارییەکانی تری سەربازە ڕاپەڕیوەکان، خستنی کابینەو لەسەر کار لاچوونی حکوومەت و وازهێنانی چەند کەسێك لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵك و دەرکردنی لێبوردنێك سەبارەت بە خۆیان بوو.

کێشەی کوژرانی شەهیدی بێتاوان حەسەن فەهمی بەگ، ڕای گشتیی هێنابوە جۆش و خرۆش و، ئەمەش کەوتبوە ناو بەشێکی سەربازان و سوپا. سەربازەکان زیاتر باسی ناوی ئەو شەش کەسەیان دەکرد. بۆچی ناوی ئەو شەهیدە پیرۆزو پایەبەرزە لەسەر زمانی هەموان بوو، چونکە ڕای گشتیش داوای تۆڵەسەندنەوەیی دەکرد.

بەڵام، لەڕاستیدا، چارەنووس لەم بارەیەوە سەرهەڵداوانی تووشی دوو هەڵەی گرنگ کرد. نازم پاشای وەزیر داد[٣٦] و ئارسلان بەگی نوێنەری ئەنجومەن[٣٧]، دوو قوربانیی ئەم هەڵەیە بوون. پێمان وایە ڕوونکردنەوەکانی ئێمە سەبارەت بە ڕووداوە دڵتەزێنە، هەموو وردەکاریەکانی دەگرێتەوە. بە هاندانی هەندێك کەسی نیازخراپ و بەرژەوەندپەرست، ویستیان ڕەنگ و شێوەیەکی تر بدەن بە ڕووداوەکەو، لە بەرگێکی کۆنەپەرستیدا نیشانی ڕای گشتیی بدەن و، خۆ و بەخت هەموو خراپیی و گەندەڵیە سیاسیی و ئیداریە دووبارە زیندووکراوەکانی حکوومەتی پێشووی پێبشارنەوەو، دوژمنانی خۆیان لەژێر پەردەی کۆنەپەرستیدا لەناوبەرن.

٣١ی مارت، ڕووداوێکی کۆنەپەرستانە نەبوو، بەڵام پەتایەك بوو بۆ نیشتمان و، تاوانێکی گەورەش بوو. شتی جێی مەبەست لێرەدا

---

[٣٦] نازم پاشا، ناوی ڕاستەقینەی مستەفا و بەرپرسێکی حکوومەتی عوسمانی بووە. ساڵی ١٨٦٢ لەدایك بووەو، ساڵی ١٩٠٩ لە ئەستەنبووڵ کۆچی دوایی کردووە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە ماف و یاسادا، لە بەشی قەڵەمی وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا دەستی بەکار کرد. دواتر ئەرکی یاریدەری دادوەری گشتیی شووڕای دەوڵەت و مامۆستاییی مەکتەبی یاسا و سەرۆکایەتیی دادگای تەمیزی شووڕای دەوڵەتی پێسپێردرا. دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت، کرا بە وەزیری داد. سەرهەڵداوەکان، لە سەروبەندی ڕووداوەکانی ٣١ی مارتدا، وایانزانی ئەحمەد ڕەزایەو، کوشتیان.

[٣٧] ئاسلان بەگ، ناوی ئەمیرو، ساڵی ١٩٠٩ لە ئەستەنبووڵ مردووە. نوێنەری شاری (لاذقییە) بووەو، کاتی ڕووداوەکانی ٣١ی مارت، سەرهەڵداوان وایانزانی حوسین جاهید بەگەو، کوشتیان. ناوبراو کوڕی "مستەفا ئاسلان بەگ"ی یەکێك لە پیاوماقووڵانی شاری (لاذقییە) بوو. تەرمەکەیان بە کەشتی ناردوەتەوە بۆ شارەکەی و، لەوێ بە خاك سپێردراوە.

ئەوەیە، سەرباز بە چ شێوەیەك چاونەترسییەكی وەها دەنوێنێ كە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ فەرمانبەریی عەسكەریدا ناگونجێ ؟! شایانی باسە، لێرەدا باسی ڕەوایی یا لەسەرهەق بوونو، بە پێچەوانەشەوە ناڕەوایی‌ی داخوازییەكان ناكرێ، بەڵكوو قسە لەسەر ئەوەیە كە ئەم جۆرە كارانەی سەرباز، خوا نەكردە، دەتوانێ ببێ بە هۆی لەناوچوونو پەرێشانیو بەدبەختیمان. ئێستاش لەبەر ئەم گومانو دوودڵییەی كە نائومێدیمان بەسەردا دەسەپێنێ، بەتەواوەتی لە داهاتووی مەشرووتییەتەكەمان دڵنیا نین، چونكە هێشتا سەرباز بە هەموو هێزێكی خۆیەوە خۆی تێكەڵی كاروباری سیاسی‌ی وڵات دەكات. بەڵگەو شێوەی بەهانەهێنانەوەی ئێستامانو، بە شێوەیەكی بنەڕەتی مەشرووتییەتەكەشمان، لەم داخوزایەوە سەرچاوە دەگرن. هەندێك لە كەسە نیازخراپە بەرژەوەندپەرستەكان دەیانەوێ ئاراستەی جیاواز بە تراژیدیای ٣١ی مارت بدەنو، هەر جۆرە درۆو دەلەسەیەك دەكەنو هەمووشێوە ناپیاوییەكیان لێ دەوەشێتەوە بۆ دەستهێنانی بڕێك پارەی بێنرخ. ئەمرۆ ڕاستی لەئارادایە. سەرباری ئەمە، ئەو كەسانەی كە تا ئاستی نیازخراپیو پێ لێهەڵبڕین ڕۆیشتوون كە مایەی شەرمەزاری‌ی مرۆڤن، هەمان ئەوانەن كە كینەو ڕقی پێشوویان لەدڵدایە. پێمان وایە چیتر درۆو دەلەسەكانی ئەمانە، لە دنیای عوسمانیدا، پەسند ناكرێن.

سوپای حەرەکەت

وەك لەسەرەوە باس کرا، تراژیدیای ٣١ی مارت لە ژی سیستەمو پەروەردەی عەسکەری بوو. پادشایەکی گێژو ترسنۆك لە سەرووی دەوڵەتەوەو، لەنێوانیشدا هەندێك ئەندامی ئەنجومەن هەبوون کە یان پاڵیان پێوەنرابوو، یا زۆر کەسیان سوێندو پەیمانی خۆیان سەبارەت بە ئازادیو شەرەف فەرامۆش کردبوو و، خۆیان خزاندبوە کونێکەوە. ئەوەش کە مابوەوە، کۆمەڵێکی بێبایەخی ئەندامانی کۆمەڵە بوو.

وڵات لەنێو ئاڵۆزیدا بوو، خوایە ! لەکوێ بوون ئەو قارەمانانەی ئازادی، لەکوێ بوون لایەنگرانی پارێزگاری ! پێمان وایە کۆمەڵەی نەفرەتی کە ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتەی تا دەرنگانێکی شەو لەسەر پردەکە ڕادەوەستاند و بۆ کوژرانی دەبردن، لەوەیانەوە کە خۆی بە شەرەفمەند دەزانێ، تا ئەوەیان کە خراپی ناویانە، تاقە کەسێکی وا پەیدا نابێ لەوکاتەدا بیرو بۆچوونێکی باش سەبارەت بە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بەدەستەوە بدات.

چەند ڕۆژێك دوای تراژیدیای ٣١ی مارت، لەودیو دیوارەکانی ئەستەمبووڵەوە، گرووپێکی گەورەی خۆبەختکەری خۆنەویستی ئەلبانی، بولغار، یەهوودی، یۆنانیو مەسیحی، لەگەڵ چەندین ستوونی عەسکەریدا کە چادریان هەڵدابوو ڕاوەستابوون، گوایە لە دڵی خۆیاندا دەیانویست ئازادیو مەشرووتییەت لە مەترسی ڕزگار بگەن.

لەم سەدەیەدا، شێوەی چوون بۆ شەڕی خۆبەختکەرانەی کوڕانی ئیسرائیل، بە شێوەیەکی نایاب، تەنیا لە دەوڵەتی عوسمانیدا بینراوە.

ئەم سوپا تێکەڵەی حەرەکەت[٣٨] کە بە نەزانی یا شێوەیەکی زانایانەو، بە هاندان و پشتیوانیی هەندێك لایەن، بەرەو دیوارەکانی شاری ئەستەنبووڵ بەڕێ کەوتبوو، خۆی پێی وابوو بۆ پتەوکردنی بنانەی مەشرووتییەت هاتوەتە ئەستەنبووڵ. ئەم سوپایە، بەرلەوەی بڕژێتە ناو شاری ئەستەنبووڵ، بەڵێنی ئەوەی دابوو کە بەشێوەیەکی

(٣٨) سوپای پاکسازی، دەستەیەکی عەسکەری بوو، ساڵی ١٩٠٩ بە مەبەستی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی ٣١ی مارت پێك هێنرابوو. کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵی ئەستەنبووڵی لەدەست دەرچوو بوو، لە (سەلانیك) کە ناوەندی هێزی خۆی بوو، سێ سوپای بۆ سەرکوتکردنی سەرهەڵدانەکە ئامادەکرد. دەستەیەکی عەسکەری بە یارمەتیی "ساڵح خولوسی پاشا"ی فەرماندەی دووهەمی سوپا، بە فەرماندەییی سێهەمین فەرماندەی سوپا، سازوتەیار کرا. ئەم دەستەیە کە بە سوپای پاکسازی ناودەنراو، کەسانی واشی تێدابوو کە بە دڵی خۆی بەشداریی کردبوو، یەکەمین تاقمەکانی لە ١٥و ١٦ی نیساندا گەیشتنە چەتاڵجە. (مەجلیسی مەبعووسان)و (مەجلیسی ئەعیان) بەناوی پارلەمانی گشتیی نەتەوەیییەوە لە (یەشیل کۆی) کۆبوونەوەو، بڕیاری تەسلیمکردنی شاریان دا بە هێزی چەکداری سوپاو، بۆ ئەمەش تەلگرافیان بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم کرد. سوپای پاکسازی لە ٢٣ی نیساندا ڕژایە ناو ئەستەنبووڵ‌و، دوای گرتنی سەربازگەکانی ڕامیو داود پاشا، وەزارەتی جەنگیشیان داگیرکرد. جێی گوتنە، پارێزەرو پاسەوانە تایبەتەکانی سوڵتان عەبدولحەمید، بەپێی فەرمانی ئەو، هیچ جۆرە بەرگرییەکیان نەکرد. سەربازگەی تاش‌و تابووری ڕاوچیی تەقیسم، لە ئەنجامی تۆپبارانێکی زۆردا، تەسلیم بوون. ئەم سوپایە، لە ماوەیەکی کورتدا، جڵەوی کاروباری ئەستەنبووڵی گرتە دەستی خۆیو ئیدارەی باری نائاسایی لە شاردا ڕاگەیاند. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم لەسەر تەختی دەسەڵات لابراو، هەموو هێزی ئۆپۆزیسیۆن لەناوبران‌و، جارێکی تر هێز کەوتەوە دەستی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی.

بێلایەنــە هــەوڵی ســەقامگیرکردنی ئــازادیو پاراســتنی مەشــرووتییەت دەدەات. بەڵام هەر لە یەکەم ساتەکانی هاتنیدا، لە خوتو خوڕاییو بە هاندانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، کەوتە خوێنڕشتنو دەستگیرکردنی مرۆڤە ئازادیخوازەکانو، بەو جۆرە بەڵێنەکانی خۆی بە جێنەهێنا. لەگەڵ ئەمەشدا، وەك پەلاماری خاچپەرستەکانو لەڕێگەی بەرژەوەندپەرستیو تالانکاریی تایبەت بە هەندێك لایەنەوە، بەپەلە دەستی بە هێرش وتالان کرد. ئەم قارەمانانەی ئازادی، لەماوەی چەند ڕۆژێکدا، بەناوی (هەڵمەتو پەلاماری سەر کۆنەپەرستی)یەوە، لە کۆشکەکانی یلدزەوە بگرە تا ماڵو جێگەی حەوانەوەی نوێنەرانو، تەنانەت ماڵی کۆمەڵێك بێچارەو داماویش، هێرشیان کردە سەر هەموو جێگەیەك (!).

یەكبەیەك سەریان لە قوتابخانەی هەموو گەڕەکەکان داو، بە هەزاران مامۆستای بێچارەیان گرتو تەسلیمی دەستەکانی "بەکر ئاغا"یان کردنو، دواتریش زۆر بێبەزەییانەو بە بێدەنگی، هەموویان خستنە ناو زیندانی مەزارەکان. داخۆ ئەو کەسانەی کە ئەم هەموو دڕندەییە ئەنجام دەدەن، دەبێ چ جۆرە ناسنامەیەکیان هەبێ ؟

www.zheen.org

لە ڕواڵەتدا، مەبەستیان لەم کردەوانە پاراستنی مەشرووتییەتو ئازادی بوو، بەڵام لەڕاستیدا ئامانجی سەرەکی خۆشکردنی ئاگری گەندەڵیو خراپەکاریی کۆمیتە بوو. ئەو بوودەڵانە بە چ جۆرە ڕێگەیەکی گلاوو ستەمکارانە گەیشتنە ئامانجەکانیان ! هەرچەند بیری لێ دەکرێتەوە، ویژدانی مرۆڤ زیاتر دەلەرزێو تووشی نیگەرانی دەبێ. ئایا ئەم ئیدارەیەی ئێستا لەبنەڕەتدا لەڕێگەی ستەمو خیانەتکاریو، بەتایبەت چەپەڵیی سەد ئەوەندە زیاترەوە لە حکوومەتی کۆن، خۆی

بەسەر خەڵکدا نەسەپاند ؟ ئایا ئەگەر بەڕاستی ئامانجی سوپای حەرەکەت پاراستنی ئازادایو مەشرووتییەت بوایە، ئەمڕۆ بەم ئاستە دەگەیشتین، یا بێهێز دەبووین ؟

دوورخستنەوەی زانایانو تەفروتوناکردنی پارتە مەشرووتییەتخوازەکانو لەناوبردنی مرۆڤە ئازادیخوازەکان، بە هەڵبەستنی درۆی کۆنەپەرستی بەدەمیانەوەو بە بەهانەی ڕاپەڕینی ٣١ی مارت، شتێکی شایستەی ئەو کەسانە نییە کە لەبەر ئازادی خۆیان بە دارو بەردا داوەو چاوەڕێی سوودو زیانیش دەکەن. بەڵکە بەپێچەوانەوە خەوشێکی گەورەیە. ئەم سوپای حەرەکەتە، خۆی لەبنەڕەتدا کەسانێکی سافو سادە بوون، بەداخەوە لەڕێگەی بیرو بۆچوونی پارێزگارییەوە خۆیان تووشی تاوانو خوێنڕشتن کردو، بەبێئەوەی هیچ ترسێکیان هەبێ کە مێژوو تاوانباریان دەکات، دەستی خۆیان وەشاند. ئەم تاریکاییو نەهامەتییەی ئێستا، ئەنجامێکی دڵتەزێنی ستەمو زۆرداریەکەی ئەوکاتەیە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێستا وڵاتە عوسمانییە بێچارەکەمان نە ئازادیو نە مەشرووتییەتی تێدایە. ئێستا دەسەڵات بەدەست ئیدارەکانی باری نائاساییو ئارەزوو و ویستو، بەتایبەت زۆردارییەوەیە. ئاخۆ چی نەکرا، یا ئەوە چ شتێکە کە ئێستا ناکرێ ؟

ئەلبانیە بێچارەکان، کە بۆ پاراستنی ئازادی ڕژابوونە ئەستەنبووڵو، بە شێوەیەکی ئازاد چاویان بڕیبوە ژیان، دواتر سزای دڵتەزێنی کردەوەکانی خۆیان وەرگرتەوە. ئەو بێچارانە، دوای هەموو شتێك، جێگەو واری خۆیان لەدەست داو، تەنانەت گۆشەیەکیشیان بۆ

نەمايەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئیتر هاوڵاتیە ئەلبانیەکانمان تێگەیشتوون ئەو بێڕەوشتانە بە چ شێوەیەك گەمەیان پێکردوون‌و، ناوەڕۆك‌و شەخسیەتی ئەوانەیان بەڕوونی بۆ دەرکەوتووە. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، ئەنجامی ئەو هەموو ڕووداوە خوێناویە دڵتەزێن‌و جەرگسووتێنە سەیرانە، لەوە زیاتر کە چەتەکانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی‌یان زیندوو کردەوەو وڵاتەکەمانیان بەرەو مەترسی‌ی نەمان‌و لەناوچوون برد، هیچ شتێکی تریان پێ‌نەبوو. بێگومان پەیوەندییەك لەنێوان سەرەتا‌و کۆتاییدا هەیە. ئەو جۆرە سەرەتا‌و دەستپێکردنانە تاوان‌و خوێنیان تێدا بووە، بۆیە ئەمڕۆ ئەنجامی پڕ لە نەهامەتی‌و بێخێری‌و ئاژاوەگێڕی دەکەوێتە ڕوو. ئێستا هەمووشتێك، هەموولایەنێك‌و هەموو جێگەیەکیش شایەت‌و بەڵگەی ڕاستەقینەی ئەمەن.

ڕاستی‌ی حکوومەت‌و دەوڵەت‌و ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵك‌و ڕاگەیاندن، بە شێوەیەکی ئاشکرا، پەردەی لە ڕوو هەڵماڵراوە. تەنانەت تێڕوانینێکی سەرپێییش، دەتوانێ زۆر بەباشی ئاستی ئازادیەکانمان دیاری بکات. ئێمە سەدان لەعنەت‌و نەفرینمان لەم کردەوانەی سوپای حەرەکەت کرد کە دەیان ڕووداوی ستەمکارانەیان لێ کەوتەوە، بە جۆرێك کە موچڕك دەخەنە گیانی مرۆڤەوە. مێژوو هیچ کاتێك ئەم خیانەتکاری‌و تاوانانە کە مەشرووتییەتەکەی عوسمانییان لەوناربردو وەك پەڵەیەکی هەمیشەیی بەسەر نامووسی نەتەوەییمانەوە ماونەتەوە، فەرامۆش ناکات.

گرفتی سەربەستی

کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، لەڕێی پراکتیزەکردنی دووبارەی زوڵمو ستەمەکانی دنیای عوسمانیو، بەتایبەت دروستکردنی تراژیدیای ٣١ی مارتو ڕووداوەکانی ترەوە، بەتەواوەتی خۆی لە وڵاتی عوسمانیدا سەپاندو، ئیدی لەبەر ئەوەی مەیدانی بۆ چۆڵ بوو و ڕووبەڕووی هیچ ناڕەزاییەك نەدەبووەوە، بەئاشکرا کاری بۆ بەدیهاتنی ئامانجو ئارەزووی بەرژەوەندپەرستانەی خۆی دەکردو، هەموو ناوەڕۆکێکی خۆی دەخستە مەیدان.

منیش، بە ڕەچاوکردنی ئەم بارودۆخە، بۆ پاراستنی مەشرووتییەتو، بە تایبەت بۆ ڕوونکردنەوەی مێشكو بیری خەڵك، بەرنامەی دەرکردنو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکم لەگەڵ ئازادیخوازانی تردا داڕشت. ئەوکاتانە "مەولان زادە"[٣٩]ش لە میسرەوە هاتبوو بۆ پاریس. لەگەڵ ئەودا باسی

---

[٣٩] مەولان زادە ڕفعەت، یەکێك لە ڕۆژنامەنووسانو سیاسەتمەدارانی قۆناغی مەشرووتییەتی دووهەمە. لە ڕۆژنامەکانی "سەربەستی"و "حوقووقی عومووممییە"دا، وەك بەرپرسو نووسەر، کاری کردووە. لە کۆمەڵەو پارتەکانی وەك کۆمەڵەی "فیداکارانی میللەت"، "فیرقەی ئەحراری عوسمانی"، "پارتی ڕیفۆرمی بنچینەییی عوسمانی"، "دەستەی عەوامی ڕادیکاڵ– رادکال عوام فرقەسی"دا ئەندامێتیو بەڕێوەبەرێتیی کردووە. دوای ڕووداوەکانی ٣١ی مارت، لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقییەوە، درایە دیوانی دادگای جەنگو، بۆ ماوەی دە ساڵ دوورخرایەوە.

خــەرجی‌ی بڵاوكردنــەوەی ڕۆژنامـــەی "سەربەســتی"[٤٠] مـــان كـــردو، پـەیمانێكمان لەسـەر ئـەو بابەتـە بەست. ئێمە لـەم مەسـەلەیەدا، بەرامبـەر بـە هــەموو مرۆڤــە بیرئازادەكــانی قۆنــاغی ڕابــردوو كــە وا دیــاربوو كاریــان بــۆ ئـازادی‌و مەشـرووتییەت كـردووە، خـاكیبوون‌و سـادەیـی‌ی خـۆمـان نوانـدو، ڕێگامان بۆ كردنەوە. هەر لەبەر ئەمەش، بۆ ئەو مەسەلەیە، سەربەخۆییەكی تەواومان بە مەولان زادە دابوو.

پەیمان

ئـەم پەیمانـە، سـەبارەت بـە دەركـردن‌و بڵاوكردنــەوەی ڕۆژنامــەی سەربەستی، بەپێ‌ی ئەم مەرجانـەی خـوارەوە لـەنێوان شـەریف پاشـای كـوڕی خوالێخۆشـبوو سـەعید پاشـای سـەرۆكی شـوورای دەوڵــەتی پێـشوو و مــەولان زادە ڕفعــەت بــەگی خــاوەنی ئیمتیــازی ڕۆژنامــەی "سەربەستی"دا، لە دەرەوەی وڵاتی عوسمانی مۆركراوە:

١. شەریف پاشا تا ئەوكاتەی بەناچاری لە دەرەوەی وڵاتی عوسمانی دەمێنێتــەوە، بــەڵێنی دەدات مانگانــە بــڕی (٢٥٠٠) فرانكــی فەرەنــسی بــۆ

---

[٤٠] سەربەســتی، ڕۆژنامەیەكــە نێــوان ســاڵانی ١٩٠٨-١٩١٣ مــەولان زادە ڕفعــەت دەریدەكرد. ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕیزی ئۆپۆزیسۆنداو لەگەڵ فیرقەی ئەحرارو دەستەی فیداكارانی میللەتدا دژی كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی ڕاوەستا. سەرنووسـەری ئـەم ڕۆژنامەیە حەسەن فەهمی بەگ بوو، كە چەند ڕۆژێك بەر لە ٣١ی مارت، بە دەستی كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی كوژرا. ڕفعەتیش بەهۆی ڕووداوەكانی ٣١ی مارتـەوە، بـۆ ماوەی ١٠ ساڵ دوورخرایەوە. ڕۆژنامەكە، چەند ڕۆژێك دوای داخرانی، (ژمارەكانی ١٩٢-١٩٧)ی بەناوی "ئەهالی"یەوە دەرچوو. شایانی باسە، هەوڵدانی دەركردنی ڕۆژنامەكە لە ئەورووپا، وەك پێشتر باس كرا، ئەنجامی نەبوو.

www.zheen.org

پێویستیەکانی ڕۆژنامە دابین بکاتو، بەرامبەر بەمە، داوای تاقیکردنەوەو جێبەجێکردنی ئەم بەرنامانەی خوارەوە لە ڕۆژنامەکەدا دەکات.

٢. ڕۆژنامەی "سەربەستی" هەفتەی جارێك لە پاریس دەربچێ.

٣. پاراستنی هەمیشەیی مەشرووتییەتو ناساندنی بنەماکانی مەشرووتییەت بە خەڵك، ئەرکی ڕۆژنامەکە بن.

٤. ڕۆژنامەکە، داوای قەدەغەکردنی دەستتێوەردانی سەربازو سوپا لە کاروباری سیاسیدا بکاتو، لەوبارەیەوە خەڵك ئاگادار بکاتەوە.

٥. ڕۆژنامە، دەبێ پێکنەهێنانی کۆمەڵەی نهێنیو دەستتێوەرنەدانی ئەم جۆرە کۆمەڵانە لە کاروباری حکوومەتدا بپارێزێ.

٦. پێویستیو چاکیی بوونی پارتە سیاسیەکان، بە مەرجی دەستوەرنەدانیان لە کاروباری حکوومەتدا، بۆ خەڵك شیبکاتەوە.

٧. لەبەر ئەوەی دەستوەردراوەتە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵكو فێڵی تێدا کراوە، داوای نەمانی ئەم ئەنجومەنەی ئێستاو سازکردنی هەڵبژاردنێکی تر بکات.

٨. هەروەها پێویستە داوا بکات سەربازو سوپا، بەپێی یاساکانی ئەوروپا، مافی هەڵبژاردنیان نەبێ.

٩. دەبێ لە یاساییکردنی وازهێنانی کەسێکی سوپایی لە پۆستەکەی، لە کاتی هەڵبژێردراندا بۆ نوێنەرایەتی پارلەمان، بدوێ.

١٠. دەبێ بەرامبەر بەو ماف و دەسەڵاتەی کە مەشرووتییەت بە بەڕێوەبەرێکی دەدات، مافی پادشایەتیش بپارێزرێ.

١١. دەبێ کۆمەکی پارەو نووسینەکانی کەسێك بۆ ڕۆژنامە کە گومانی بێناموسیی لێ دەکرێ، وەرنەگیردرێن.

١٢. پێویسته هەردوولا ئاگایان لە بڕی ئەو پارانە بێ کە وەك یارمەتی لە دەرەوە دێت.

هەردوولا سوێند بە شەرەفی خۆیان دەخۆن کە مەرجەکانی ئەم پەیماننامەیە بەجێبهێنن‌و، دوای مۆرکرانی، پێکەوە دەست بەکار دەکەن.

پاریس ٢٢ی تەمووزی ١٩٠٩

شەریف

بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەسەرەوە باسیان کراوە، بڕی پارەی داواکراو درا بە مەولان زادە. ئیتر لەوەبەدوا خەرجیی بەکرێگرتنی خانوویەك‌و پێویستیەکانی نیشەجێبوون‌و نەخۆشی‌و قەرزو گەشتەکان، لە خەرجیەکانی تر زیاتر بوون.

مەولان زادە، ٢٣ی ئابی١٩٠٩ لە نامەیەکی خۆیدا، دوای هەندێك خوێندنەوەی خۆی بۆ ڕووداوەکان، دێتە سەر باسی ئەمانە: ((بڕی ئەو پارەیەی کە پێمان درابوو، لەبەر گواستنەوەی ئاپارتمان‌و خەرجیی هوتێل‌و ئەو کۆمەکانەی کە دراونەتە هەندێك کەس کەوا گومان لە هاوڕێیەتییان دەکرێ، تەواو بوو (!!!) لەبەر ئەمەش، بۆ پاراستنی ئابڕووی ڕۆژنامەکەو، بۆ ئەوەی بتوانین ژمارەی پێنجەمی ڕۆژنامەکە دەربکەین، تکایە تەواوی یا بەشێکی بڕی ئەو پارەیەی کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی ئەیلوولدا (٢٣ی ئاب) بدرێ، بەبێ درەنگ‌خستن بۆمان بنێرن (!!!) هەروەها داواکارم (١٠٠) فرانکی پاشماوەی خەرجیەکانی مانگی ئاب بخەنە سەر ئەو بڕە کە بە گەیشتنی نامەکە بۆمانی دەنێرن)).

شایانی باسە، ناوبراو، لە دوا دێڕەکانی نامەکەیدا، ئەمانەی خوارەوە دەخاتە بەرچاو: ((هەمووکاتێك چاوەڕوانی زیادبوونی بەخشندەیی بەڕێزتان دەکەین و، تکام وایە، بۆ ئەوەی کاروبارەکانمان دوانەکەون، داخوازیەکانمان بەجێبهێنن. چاوەڕوانی بەڕێزتان دەکەین، دەستوور...)).

ناوبراو لە نامەیەکی تریدا کە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٩ نووسیویە، دوای ئەوەی دێتە سەر باسی ئەو قەرزە کە لە ئەنجامی گەشتەکەی پاریسەوە بۆ ئەتینا لە "مەکی بەگ"ی وەرگرتووەو، ئەو خەرجیانەش کە بۆ سێ هاوڕێی خۆی کردوون کە هێشتا بەتەواوی شارەزای پاریس نەبوون و، دوای ئەوەی چەندین هۆی تریش دەهێنێتە بەر باس، وەها بەردەوام دەبێ: ((بەکورتی، ئێستا بودجەکەمان ٧٠٠ فرانکە(!!!)و خەرجیەکانی پێشتر (!) سەد یا دووسەد فرانکێك ماوەتەوە (!!!) بەکورتی کەمی بودجە هاتوەتە پێشەوە. بەرامبەر بەمە، لەلایەکەوە بە هیوای ئەوەی کە یارمەتییەکمان بۆ بێ، چاوەڕوان ماینەوە (!) بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، من دەستم کرد بە دانانی ڕێوشوێنی ئیداریی پێویست. بەداخەوە نە کەس یارمەتیی دەداین، نە من بۆ قۆنتەرات و بەڵێندەرایەتی سەرم لە هیچ لایەنێك دەدا. بیرم لە بەکارهێنانی بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ ژیانی خۆم کردەوە. خۆی ئەو بڕی پارە تەرخانکراوە، بەزۆری بەشی خەرجی ژیانی دەکرد، بەڵام کاتێك سەد فرانکم لێ کەم کردەوە [و: بۆ ڕۆژنامە] زیاتر تووشی گیروگرفتی کردم.

لەبەر ئەوەی کاتی خۆی لەژێر ئەشکەنجەدا ئازاری زۆرم بینیبوو، لە باری تەندروستیشەوە وەزعێکی باشم نەبوو. پێویست بوو تەگبیرو

ڕێوشوێنی تەندروستیش دابنێم. هەموو ئەمانەش، پێویستییان بە پارە هەیە. هەروەها پێویست بوو بە گۆڕانو ساردبوونی هەوا، هەندێك جلو پۆشاكی گەرمیش بكڕم. ئەگەر چەندین جاریش سەرنجی ئەوانم سەبارەت بەم مەسەلەیە ڕاكێشابێ (!) بەڵام دوایی تێگەیشتم، ئەم خەرجییە زیادەی ئەوان قازانجو سوودی ئێمەی تێدا نییە (!!) لەدواییدا قەناعەتم پەیدا كرد كە بەوەی هەیە ئیدارە بكەین. بەڵام دواتر هەر نەخۆش كەوتم.

لەبەر ئەوەی كەلوپەلی ژووری نوستنو تەختەكان (تەختی نوستن) زۆر تۆكمە نەبوونو بەرگەی سەرمایان نەدەگرت، بەناچاری دەستێكی تری سێ كەسیم (بۆ خۆمانو خزمەتكارێك) كڕی. (بەڵام، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دیسان دەكرێ هەر بەمانەشەوە ئیدارە بكەین). سەرەڕای ئەمانە، سێسەدو پەنجا فرانكی تریشم خەرج كرد. هەموو پسووڵەكانی ئەمانەم لەلایە (!!!) بەم شێوەیە، ئیتر بودجەكەمان زیاتر ڕووی لە كەمی كرد (یا ئەمە چ ئارامگرتنو قەناعەتكردنێكە) خۆ هەموو كەلوپەلەكانیش، هێشتا هەروا ماونەتەوە. بەڵام پێویستیمان بە پارەی ئامادە هەیە. (بەم شێوەیە!).

لەبەر ئەوە من ڕاستگۆیانە هاوكاری لەگەڵ هەمووكەسێك (نەك تەنیا ئەو كەسانە)دا بە دەكەم. بۆ ئەوەی كەمی بودجەكە (بەوشێوەیەی كە دیاریكراوە) پڕبكرێتەوە، تەنیا یەك ڕێگەچارە شك دەبەم، ئەویش ئەوەبوو كە نامەیەكم نووسی بۆ دایكم لە ئەستەنبوڵو داوام لێ كرد ئەو خانوەی وا نیو دانگی بە میراتی بۆ من ماوەتەوە، بیخاتە بارمتەو پارەكەیم بۆ بنێرێ.

من دایکی خۆم باش دەناسم، هیوام وایە، ئەو ژنە بەجەرگ‌و ئازایە، هەرچۆنێك بێ لەماوەی (٢٠-٢٥) ڕۆژدا پارەکەم بۆ بنێرێ‌و، بەو جۆرە کەمی‌ی بودجەکە پڕببێتەوە)).

ناوبراو، لە درێژەی نامەکەیدا، وەها دەڵێ: ((بەڵام تا ئەوکاتە، بەهۆی ئەو هەلومەرجەوە کە هاتبوە پێشەوەو، لەبەر ئەوەی نەدەتوانرا ڕۆژنامەکە بەبێ‌وەستان‌و دوابەدوای‌یەك دەربکەین، (خۆی لە خۆیدا ئەو هەلومەرجە دەرکردنی ڕۆژنامەکە شیاو نەبوو)، ئەو هەفتەیە دەرکردنی ڕۆژنامەکەمان دواخست (یانی بەپێچەوانەی پەیمانەکەوە نەجووڵاینەوە).

لەبەر نەبوونی پارە، نەمتوانیبوو ژمارە یانزەی ڕۆژنامەکە دەربکەم. دەبێ بەناچارییەکی پڕ لە ئازارەوە چاوەڕوانی گەیشتنی پارە لە ئەستەنبووڵەوە بکەم، تا ژمارە دوانزەی ڕۆژنامەکە دەربکەم (ئەگەر بە شێوەیەکی کراوەتر بدوێم، پێم وایە ئێوەش هەستتان بەو ناچارییە دڵتەزێنە کردووە!). بە کورتی، ئەوانەی وا باسم کردن، ناوەڕۆك‌و چۆنیەتی ڕووداوەکان بوون.

(لەبەر ئەمە درەنگ کەوتنی گەیشتنی پارە، دەبێ بەهۆی جیابوونەوەمان). ئێستا ئەگەر بڕی هەزار فڕانکمان بەڕێگەی حەواڵەی تەلگرافییەوە بۆ بنێرن، زۆرباش دەبێ. شایانی گوتنە، دەتوانرێ بڕی ئەم پارەیە، لە بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ مانگی داهاتوو هەڵبگیرێ. بەم جۆرە ڕۆژنامەکەش بە شێوەیەکی بەردەوام دەردەچێ‌و، سەرنجی کەس ڕاناکێشێ. هەمووکاتێك چاوەڕوانی متمانەو سەرنج‌و بایەخ‌پێدانی نەجیبانەی ئێوەم بەرامبەر بە خۆم)).

www.zheen.org

ماوەیەك پاریسم بەجێهێشت و، ڕۆیشتم بۆ کەنارەکانی دەریا لە (هەندای). مەولان زادە لە تەلگرافێکدا، بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەك، داوای هەزار فرانکی لێ کردم. منیش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی ئەم تەلگرافەم دایەوە: ((لەبەر ئەوەی کێشەیەکی گرنگی وەها پێویستیی بە گفتوگۆو ڕاوێژێکی زیاتر هەیە، تکام وایە تا گەڕانەوەم لەماوەی چەند ڕۆژێکی تردا، چاوەڕوان بمێننەوە-شەریف)).

بەرامبەر بەم وەڵامەی من، دووبارە بەرێگەی تەلگرافەوە شتێکی تری بۆ ناردم و، باسی تێدا بۆ کردم کە بەپەلە پێویستیی بەو پارەیە هەیە.

منیش دووبارە، لەرێگەی تەلگرافێکەوە، بۆم ورد کردەوە کە تا ڕوونکردنەوەی پێویستی لێ وەرنەگرم و هاوڕا نەبم لە هەر کارێك کە دەکرێ، هیچ شتێك ناکەم: ((مەولان زادە ئەفەندی، تکایە بەهۆی نامەوە ڕوونکردنەوەی پێویستمان بۆ بنێرن-شەریف)).

دوابەدوای ئەمە، بۆ ئەوەی گوزارشت بکات لە دڵگرانیی خۆی بەرامبەر بە ئێمە، نامەیەکی بۆ کاتبی تایبەتی من ناردبوو:

((ئاغای گەورەو ئازیزم"

ئێوە لە من باشتر ئاگادارن کە هەموو کاروبارە هاوبەشە سیاسیی و ئابووریەکان و.. هتد، هەمووی لەسەر بنەمای ئاسایش و متمانە بەڕێوە دەچن.

بەناچاری من هەندێك بەندی پەیمانی مۆرکراو لەگەڵ حەزرەتی پاشادا* و، هەندێکی تریش حەزرەتی پاشا خۆی جێبەجێ و پێڕەوی نەکردوون. بەمانە، هەندێك ئاستەنگی دەرەکیش زیاد بوون. ئەوسا ئیتر بێبڕوایییەك لەنێوان هەردوولادا پەیدابوو. لەبەر ئەو هەستی

* مەبەست شەریف پاشایە.

www.zheen.org

ڕێـزو حورمەتـەی کـە مـن بەرامبـەر بـە حـەزرەتی پاشا هەمـە، ئـەم شـتـەم پـێ بـاش نییــەو لێــی دڵــگرانم. لەبــەر ئــەوە، ڕێکخــستنەوەو داڕشــتنەوەی سەرلەنوێی پەیمانەکە بۆ بەڕێوەچوونی کارەکان، پێویستییەکی گرنگن.

ڕاییکردنــی حیــسابی ڕابــردوو، بــەپێی فــەرمانی بــەڕێزتان لــە نامــەی پێشوودا، شتێکی پێویستە. حیسابی ڕابردوو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

هـەموو ئـەو بـڕی پـارەی ئاقـچە[**] یـەی کـە حـەزرەتی پاشـا داویـە بـە مـن، بەگشتی، بەشی دەرکردنی (١٣) ژمارەی ڕۆژنامەکەی کردووە. پارەی (١٠) ژمـارە لەمانـە، دراوە بـە چـاپخانە. پێویـستە بـوترێ، ژمـارەی (١٣) هێـشتا دەرنەچوەو، پارەی ئـەو دوو ژمارەیـەی تـریش، بەپێی ئاگادارایو مۆڵـەتی حەزرەتی پاشاخۆی، بۆ هەندێك وردە پێویستیو چەند لاپەڕەیەکی تر کە چاپم کردوون، وەك قەرزی چاپخانە لەلامان ماوەتەوە.

وەهام بیستووە کە حەزرەتی پاشا دوای نامەکەی من کە ڕوونکردنەوەی پێویستی تێدا هەبوە، پارەی ژمارەی (١٢)ی ڕۆژنامەکەی، بەناوی خودی بەڕێزو گەورەیانەوە داوە. پارەی ژمارەی یانزەی ڕۆژنامەکەش، ئەگەرچی لەنێو بەڵـگەو دەفتـەری قـەرزەکانی حـەزرەتی پاشـادا نووسـرابوو، بەڕێزیان پەسـندی نـەکرووەو، بـە لێزانـیو تێگەیـشتوویی خۆیانـەوە، قەرزەکـە بـە ئاگادارییـەك دووبـارە کەوتـەوە ئەسـتۆی مـن. شـایانی گوتنـە، لەوبارەیـەوە تووشی شەرمەزارییەکی گـەورە بووم. بـەم شێوەیە، ئێستا نزیکـەی (٦٠٠) فرانك قەرزاری کابرای خاوەنی چاپخانە. ئەمەش بەگوێرەی پەیماننامەکە وا دەکات، ئەم قەرزەو پارەی ژمارەی (١٣) کە هەمووی دەکاتـە (١٦٠٠) فرانك، لەلای حەزرەتی پاشا وا بێتە بەرچاو کە بودجەکە کەمەو نەماوە.

[**] جۆرە پارەیەکی عوسمانیی بەکارهێنراوی سەردەمەکە بووە.

بەم جۆرە، ئەمە هەمووی باری ڕاستەقینەی چۆنیەتی مەسەلەکان بوو کە پێشکەشی حەزرەتی پاشای دەکەم. بەڵام ڕاستیەکەی لەبەر ئەوەی لە نامەکانی پێشتردا باسی ئەمانەم بە هەموو وردەکاریەکانەوە کردبوو، دووبارەکردنەوەیان بە شتێکی پێویست نازانم. بەگوێرەی پەیماننامەکە، من قەرزاری حەزرەتی پاشا "شەریف پاشا"و کابرای خاوەن چاپخانەشم. بەڵام ئەگەر پارەی کرێی خانووی لێ کەم بکرێتەوە، کە پێشتر حەزرەتی پاشا بەڵێنی دابوو بیگرێتە ئەستۆی خۆی‌و، دواتر خستوویەتیە سەر بودجەی گشتی‌و، ئەگەر سێسەد فرانکی پارەی لاپەڕە چاپکراوەکانیشی لێ دابشکێنرێ کە بەڕەزامەندیی پاشا خۆی چاپ کراون، ئەوا کۆی هەموو قەرزەکە، لەگەڵ پارەی هەردوو ژمارە (١٣)و (١١)دا، خۆی لە هەشتسەد فرانك دەدات. بە واتایەکی تر، بودجەکەمان بڕی هەشتەسەد فرانك کورتی هێناوە (بڕی حەوت سەد فرانکی ئەمەش، بۆ دانەوەی قەرزەکەی ئەتینا خەرج کراوە، یانی بە شێوەیەکی ڕاستتر، بودجەکەمان تەنها سەد فرانکی کەمیی هەیە). ئەگەر حەزرەتی پاشا بیانەوێ، دەتوانم سەبارەت بەو سەد فرانکەش بەڵگەیەکی ڕەسمیی قەرزیان بۆ مۆر بکەم‌و، کاتێك، وەك پێشتر باسم کردبوو، پارەکەم لە ئەستەنبووڵەوە گەیشت، پێیان دەدەمەوە. ئەگەر هات‌و پارەکەم نەگەیشت، ئەوا ئەمە دەبێ بە قەرزێك کە پێویستە لە یەکەم هەلی گونجاودا بدرێتەوە.

ئێستاش لەبەر ئەوەی کە سەری مانگە، ئەگەر وردەکاریی شاراوەی حیسابەکانی ڕابردووتان لاپەسند بێ، پێویستە بەڕێزتان بایەخ بەم داواکاریە پچووکەی بەندە بدەن بۆ بەردەوامیی

کاروبارەکان، بە مەرجێك پەیوەندیی ڕەسمیمان لەگەڵ حەزرەتی پاشادا هەر لە سنووری کاروباری ڕۆژنامەکەدا بمێنێتەوە. پێویستە حەزرەتی پاشا ئەم حیسابەی خوارەوە، کە لەگەڵ حیسابەکەی ڕابردوودا هیچ جیاوازییەکی نییە، ئیمزا بکەن، بۆ درێژەپێدانی کارو، بۆ ئەوەی کە هەستی گەورەیی دەروونم بریندار نەبێ و، کاروبارەکان بە خۆشی و ئاسوودەیی بەڕێوە ببەم.

حیساب:

- فڕانك

١٦٠٠ فڕانك وەك کرێی مانگێك بۆ دەرکردنی چوار ژمارەی ڕۆژنامە. بۆ (٤٠ تۆپ لاپەڕەی کاغەزو پێداویستی ترو، هەروەها بۆ خەرجی چاپکردنی لاپەڕەی جیاواز کە هەر دانەیەکی بە ٤٠ فڕانك چاپ دەکرێ. جێی قسەیە، خەرجیی ١٦٠ پۆستەی گشتی و پۆستەی تایبەت، هەریەکە بە ٤٠ فڕانکە).

٦٠٠ فڕانکیش بۆ دابینکردنی خەرجیی ژیان و کرێ و نووسەرو کرێخانوو.

- کۆی گشتی دەکاتە ٢٤٠٠ فڕانك.

تا ئەوکاتەی داوای بەشداریم لە کاروباری کۆمەڵەدا لێ دەکرێ و، لەم بارەیەشەوە داوای دەکرێ ڕاستەوخۆ یارمەتیی هیچ لایەن یاخود کەسێکی تر وەرنەگرم (تەنانەت ئەگەر بڕە پارەیەکی زۆریش بێ)، پێویستە داواکاریەکانمان، کە هەندێك جار دێنە پێشەوە، بە زووترین کات جێبەجێ بکرێن و، دواتر داوای حیساب بکرێ و، ئەمەش بە مافێك

دابنرێ، چونکە لە هەندێك بارودۆخدا دەرفەتی ڕوونکردنەوەمان نابێ. درەنگ خستنی کاروبارەکانیش تا بەرچاوخستنی ڕوونکردنەوە، دەبێ بەهۆی زەرەرو زیانێکی گەورەتر.

براگیان، تکایە بە شێوەیەکی شایستەو دروست ئەم شتانە بە حەزرەتی پاشا ڕابگەیەنن‌و، دواتریش بڕیاری بەڕێزیان‌و چۆنیەتی هەڵس‌وکەوتی من بەشێوەیەکی نووسراو دیاری بکەن‌و بۆم بنێرن. ئەفەندم، هەمووکاتێك بە هیوای سەرنج‌و بایەخ پێدانی برایانەی زیاتری ئێوەم)).

مەولان زادە ڕفعەت

سەرەتا کاتێك مرۆڤ ئەم نامەیەی مەولان زادە دەخاتە پێش چاو، ڕفعەت ئەوەی بۆ دەرناکەوێ کە کام لایەن بەڵێنەکانی خۆی بەجێنەهێناوە ؟

بە خوێندنەوەی نامەکانی مەولان زادە، بە ئاشکرا ڕوون دەبێتەوە کێ لەپێشدا ئەو پەیمانەی شکاندووە کە خۆی شێوەی (پەیمانی شەرەفمەندانە) ناویی هێناوە.

لە هەموو ئەمانەش بەدەر، لەماوەی چەند مانگێکدا بە ڕوونی ئەوە بۆ خەڵك دەرکەوتووە کە مەولان زادە کەسێکە زۆر حەز لە ڕابواردن‌و خۆشگوزەرانیی خۆی دەکات. ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە داواکاریە بێکۆتاییەکانی بەو ئەندازەیەی کە باسی کردوون، پێویست نەبوون. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، لەکاتێکدا زۆر پێویستیمان پێی هەبوو، لەناکاو ڕۆی بۆ سەفەرو گەشت‌وگوزارو، بەو جۆرەش بوو بە مایەی بێزاریی هەموولایەك. تازەبەتازە لە نامەیەکدا کە پڕە لە شتی

www.zheen.org

پڕوپاگانتــە، لــەوە دەدوێ کــە لــەژێر ســایەی پارێزگــاریی کۆمەڵــەی "ئیتیحادو تەرەقی"دایەو، ئەوەشی لێ زیاد دەکات کە کاتی خۆی دژی بە (کۆنە برایان) ڕاوەستاوە.

دواتـر لـەپڕ هەڵـگەڕایەوەو، ئـەمجارە بـە شـانوباڵی خـاوەنو ئاغـاو ئەفەندیە تازەکانی خۆیدا هەڵیدایەوەو، بەو جۆرەش خۆی سووك کرد.

دوژمنــانی کــۆنو تازەمــان کــە بــەردەوام ویــستوویانە خۆیــان بــە کەسـانی ڕەوشـتبـەرز لەقەڵـەم بـدەنو، هەمیـشە هـەوڵیان داوە کـارو چـالاکیەکانمان، لـەپێناوی نەتـەوەو مەشـرووتییەتدا، بـە شـێوەی تـر نیشان بدەنو، بە ڕەنگی جیاوازترەوە بیخەنە بەر دیدەی خەڵك. تەنیا بۆ جارێکیش لێبوردەییو ئازایەتیی ئەوەیان نەبوو، بەپێی ویژدانو باوەڕی خۆیان، بڕواننە کارو کردارەکانی ئێمە.

ئێـستا خەفـەت بـەوە دەخـۆم کـە کـاتی خـۆی، لەبـەر پێویـستی، سووکایەتیمان بە خۆمان کردووەو لەوانە دوواوین، چونکە ئەمانە لە جـۆری ئـەو مرۆڤانـەن کـە بێڕەوشـتنو هـیچ کەسـێتییەکی ئـەوتۆیان نییــەو، لــە بــاری مــاددیو مەعنەویــشەوە، لــە زەلکــاوی بوودەڵــەییو داماویـدا دەژیـن. ئێمـە تـەنیا لەبـەر ئـەوەی بتـوانین، هەنـدێك ڕاسـتی ئاشـکرا بکـەینو بیخەینــە ڕوو، باســی ئەوانــەمان کــرد، ئــەگینا هــیچ شتێکی تر لەئارادا نییە.

بەشی سێهەم

بەرەو مەشرووتییەت

دوای ئەوەی کارە نابەجێو مایەی بێزاریەکانی مەولان زادە، بەو شێوەیەی کە باسم کردن، کۆتاییان پێهات، بڕیارم دا، بۆ درێژەپێدانی ڕچەشکێنیەکەی خۆم، ڕاستەوخۆ بەناوی وڵاتی عوسمانیو نیشتمانەوە کاربکەم. بۆ ئەو مەبەستە، دەستم بە بڵاوکردنەوەی مەشرووتییەت کردو، بەو جۆرە خۆمم خستە ناو مەیدانی کێشمەکێشەکان. شایانی باسە، هەر لەگەڵ ئەمەدا، دوژمنانیشم بە چەکی فێڵو درۆو تۆمەت هەڵبەستن، بە هەموو هێزێکی خۆیانەوە هێرشیان کردە سەرم. جاران بە شێوەیەکی شاراوە دژایەتییان دەکردم، بەڵام ئەمجارە ئیتر گەیشتنە ئەو ئاستەی کە بە ئاشکرا بکەونە دژایەتیمو، زۆر نامرۆڤانە وەك مار خۆیان بۆ پێوەدانم ئامادە بکەن. جاران بە (وڵاتپارێزی گەورەو هێژا) (نەجیبزادەی ئازادیخواز) (گەورە پیاوی بەرپرسی دەوڵەتی عوسمانی) ناویان دەهێنایەن. بەڵام هەر کە، بە تێپەڕینی کات، مافی ڕەوای خۆمم بۆ دژایەتیکردنو پاراستنی بەرژەوەندی خەڵك بەکارهێناو، ئازادانە بیرو بۆچوونی خۆمم دەربڕی، ئیتر ئەو کەسو قەڵەمانەی کە هەمیشە

قسەیان لەسەر تایبەتمەندییە چاكو هەڵبژێردراوە دوانەهاتوەكانی من بـوو، كوتـوپڕ بەپێـچەوانەوە دەسـتیان كـرد بـە تۆمـەتباركردنو پڕوپاگەنـدەی گـڵاو دژ بـە ئێمـە. لەسـاتێكدا ئێمـەیان كـرد بـە كۆنەپەرستو هەواڵگرو سیخوڕو، بە كورتی كردینیان بە هەمووشتێك. سەرەڕای ئەم هەموو كینەو نەفرەتانە، كمەوتنە زماندرێژی بەرامبەر بە نـامووسو شـتە پیرۆزەكانیـشمان. كـورتو پـەتی، ئێمـەیان كـرد بـە خـاوەنی هـەموو ترۆیـیو سـووكیو ڕەوشـتخراپیـەكی نـاو دنیـای مرۆڤایەتی.

ئەگــەر ئێمــەش لــە ئاســتی ویــستو داخــوازیو بۆچــوونی بەرژەوەندپەرسـتانەی كۆمەڵـەی سـووكو ناڕەسـەنی "ئیتیحـادو تەرەقی"دا بێدەنگ بماینایەوە، یا پێبەپێی ئەوانە هەڵسوكەوتمان بكردایە، ئێستا ئێمەش دەبووینە یەكێك لەو پیاوانەی كە بە گەورەییو ماقووڵی دەناسرێن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە زمانێكی نەرمی ڕەخنەمان بەگشتی بەرامبەر بە پارتی بەدخوویيو خراپەكاری بەكارهێنا، بۆ پاراستنی مـاف ڕاستەقینەی خـەڵك، یەكسەر بووین بـە خیانـەتكاری نیشتمانو، بە تایبەت بە خیانەتكردوو لە مەشرووتییەت دانراین.

ئەگەر ئەو كەسانەی كە كاتی خۆی یا سەردەمی حكوومەتی پێشوو بڕوایـان بـە ئێمـەو هەسـتی نیشتمانپەروەریمان هـەبوو و، پـەنایان بـۆ بیرو بۆچوونەكانی ئێمە دەبرد بۆ كێشەی دادو ئازادی، لەبەر پاكیو دروستیو چاكییەكانمان، نانكوێرییان نەكردایەو، بەتایبەت كەمێك شەرمیان لە خەڵك بكردایـەو نەكەوتنایەتـە نـاو ئـەو هـەموو گـڵاویو سـووكایەتییە، سـەرەڕای بێمێشكیو نەزانی، دەیانتوانی نیشانی بدەن كە، با تۆزێكیش بێ، دیسان

هەر ویژدانو دادیان لەلا ماوە. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەمانە ئەوەندە بێشەرم بوون، توانییان تۆمەتی هەواڵگەییێنیو سیخوڕیو کۆنەپەرستیو بێدینی بخەنە پاڵ کەسێکی وەك من، کە لە هەموو ژیانیدا بە شێوەیەکی نیشتمانپەروەرانە خزمەتی گەلەکەیی کردووە.

سیخوڕی ئێمە

سەرەتا نەمدەویست باسی (سیخوڕان) بکەم، کە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بە مەبەستی هەڕەشەکردنو ناوزڕاندنو تۆڵەسەندنەوە، لەکاتێکدا هێنابوویە بەر باسی ڕۆژانە.

لەلایەکەوە، دوژمنە ناسراوەکانی من دەرهەق بەو کەسانە کە لەگەڵ بەرژەوەندیاندا ناگونجێن، بەتایبەت کەسێکی وەك من کە بەرامبەر بە تاوانو ستەمەکانی ئەوان بە ئاشکرا نارەزایی خۆم دەردەبڕم، زۆر بێشەرمانەو بە هەستی پڕ لە کینەو تۆڵەسەندنەوەوە، هەموو ڕۆژێك دەست بە تاوانبارکردنو فرتوفێڵ دەکەن. بەڵام لەلایەکی ترەوە، خەڵکی عوسمانی، بە گەورەییو هێمنیی خۆیەوە، بە چاوی نەفرەتەوە دەڕوانێتە ئەم پڕوپاڵانتەو درۆو دەلەسانە. منیش لەبەر ئەمانە ئەم شتە هەڵبەستراوانەم بەشیاوی ئەوە نەدەزانی قسەیان لەسەر بکەم. لەگەڵ ئەمەشدا، بە مەبەستی هەم ڕوونکردنەوەو خستنە ڕووی شەخسیەتی ئەم مرۆڤە پیسو هەڕەشەکەرانە کە مەسەلەی سیخوڕی وەك کارتێك بەرامبەر بە کەسانی نەیار بەکاردەهێننو، هەم پاراستنی شەخسیەتی خۆم، لە نووسینەکانمدا هەوڵی ڕوونکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی بیرو زەینەکانم دابوو لەمانە. هەر لەبەر ئەمە، لێرەدا تەنیا چەند قسەیەك دەهێنمەوە.

بەشێك لەم جورە شەخسیەتە بێداروبارانەی وەك ئەحمەد ڕەزا بەگ و هاوڕێكانی كە دەسەلاتیان تەنیا بەسەر هەندێك بێچارەی سووك و داماودا دەشكێ، هەتا دوێنی بوو، یانی تا ڕابردوویەكی نزیك، شانازییان بە دۆستایەتی ئێمەوە دەكردو یارمەتیەكانی ئێمەیان بە گەورەیی و ڕەوشتبەرزی نواندن لەقەلەم دەدا. كەچی ئەمڕۆ هەموو یاساكانی دۆستایەتی و برایەتییان خستوەتە لاوە، بە پێشیلكردنی مافە ڕەواكانی هاولاتیبوون، ئەم تۆمەتی (سیخوڕی)ـەیان خستە پاڵ ئێمەو، هیچ شەرمێكیان لە خۆیان نەكرد.

ئەگەر دوژمنانی من تۆزێك ویژدانیان هەبوایە، بە ڕێگەو شێوازی ڕەوای یاسایی مامەڵەیان لەگەڵ هاوولاتیەكدا دەكرد كە پەردەی لەسەر ڕووی ڕاستی خراپەو گلاویەكانیان هەموو ڕۆژێكیان بۆ بەدەستهێنانی دەسەلات و خۆشگوزەرانی و ڕابواردن لاداوە. هەروەها ئەگەر كەمێك بە ئینساف بوونایە، بەبێ ئەوەی ڕەوشتی گفتوگۆ بشێوێنن، لایەنی هەڵەی لافوگەزافەكانی ئەو هاوولاتیەیان نیشان دەدا.

ئەو تاوانی (سیخوڕی)یەی كە خستوویانە پاڵ من، دەتوانرێ ئەوەی پێدەربخرێ كە ئەم بێچارە بێمێشكانە كە بە باس وخواسی مەشرووتییەت گوێی جیهانیان كەڕ كردووە، كاتێك تەنگاو دەبن و ناتوانن خۆیان بپارێزن، یەكسەر پەنا دەبەنە بەر شێوازی نایاسایی و ناڕەوای بەرەنگاربوونەوە[٤١]. لەكاتێكدا گەورەپیاوانی كۆمەڵەی

[٤١] ڕۆژنامەی "طەنین" كە ئۆرگانی ڕەسمیی كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بوو، ڕۆژانی ١٢ تا ١٦ی ١٣٢٥، هەندێك ڕاپۆرت و هەواڵی بلاوكردوەتەوە، گوایە ئەمانە ئەو ڕاپۆرتانەن كە شەریف پاشا بە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەمی داون.

ئیتیحادو تەرەقیی ئاڵابەدەستانی قۆناغی ڕابردووی دەوڵەتی عوسمانی، زانییان هەڕەشەو تاوانبارکردنی ئەمو ئەو بە (سیخوڕی) هیچ واتایەکی نابێ؛ لەکاتێکدا کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی کەسانی وەك مەلا نەجمەدین[٤٢] و حەقی پاشا[٤٣] و مەحموود شەوکەت

---

[٤٢] ئیبراهیم حەقی پاشا، ساڵی ١٨٦٢ لە ئەستەنبووڵ لەدایك بووەو، ساڵی ١٩١٨ لە بەرلین مردووە. یەکێکە لەو دواین کەسانە کە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی عوسمانییان کردووە. کوڕی ڕەمزی ئەفەندیی سەرۆکی مەجلیسی شەهرئەمانەتی (شارەوانی) بووە. خوێندنی خۆی لە مەکتەبە حەربییەی بەشکتاش تەواو کردووە. مەکتەبی زانستی ئیدارەی سیاسیی بە پلەی یەکەم بڕیوە (١٩٠٨). بە وەزیفەیەکی کاتی ڕەوانەی ئیتالیا، یۆنان و ئەمریکا کراوە. لەکاتێکدا لە کۆشکدا کاری وەرگێڕانی ڕادەپەڕاند، لە کولیژی یاساشدا وانەی یاسای بەڕێوەبەرێتی و یاسای دەوڵەتانی دەگوتەوە. دوای ڕاگەیەندرانی مەشرووتییەتی دووهەم، پۆستی وەزارەتی زانست و وەزارەتی ناوخۆی وەرگرت، کاتێك وەزیفەی باڵوێزی ڕۆمای دەبینی، لەباتی حوسێن حیلمی پاشا، کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (سەدری ئەعزەم) (١٩١٠). دواتر ساڵی ١٩١٦ لە بەرلین کە وەك باڵوێز لەوێ بوو، ژیانی خۆی لەدەست دا. هەندێك بەرهەمی بە ناوەکانی: مێژووی یاسای دەوڵەتان، یاسای بەڕێوەبەرێتی (دوو بەرگ)، یاسای دەوڵەت (بە شێوەیەکی فراوان)، پێشەکیی زانستی یاسا، کورتەیەك لە مێژووی عوسمانی، کورتەیەك لە مێژووی ئیسلام.

[٤٣] ناوی ڕاستەقنەی "محەمەد موختاری کۆجاتاش"ـەو، ساڵی ١٨٧٥ تا ١٩٤٩ ژیاوە. یەکێك بووە لە بەڕێوەبەرە ناودارەکانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی. کوڕی (شێخول ئیسلام) ئەحمەد موختاری تەرشیحی زادە بووە. مەلا نەجمەدین، خوێندنی خۆی لە مەکتەبی یاسا تەواو کردووەو، کاری پارێزەریی و دادوەریی کردووە. دوای مەشرووتییەتی دووهەم، بوو بە پارێزگاری بەغداو، دواتر بە وەزیری داد (١٩٠٩). ماوەیەك بوو بە سەرۆکی شووورای دەوڵەت و، وەك نوێنەری (قەستەمۆنۆ) بوو بە ئەندامی مەجلیسی مەبعووسان و پارلەمانی گەورەی تورکیا (TBMM).

پاشا[٤٤]ی لەخۆیدا جێکردوەتەوە کە لەڕاستیدا لەکەی ڕەشی سەر هەر ئیدارەیەکی ئازادیخوازن و هەمیشەش دەبن بە مایەی شکستهێنان، چۆن دەتوانێ تۆمەتی سیخوڕی بخاتە پاڵ ئەم و ئەو ؟ ئایا ئەمانە پێیان وایە مێشکی خەڵك تا ئەو ڕادەیە کار ناکات کە ڕاستیەکان لێك بداتەوە ؟!

ئەفەندیەکان ! بۆ ئەوەی لەمە زیاتر نەبنە گاڵتەجاڕی ئەم و ئەو، کۆتایی بەم کۆمیدیا کۆن و دووبارەیە بهێنن.

---

(٤٤)ساڵی ١٨٥٦ لە بەغدا لەدایك بووە. ساڵی ١٩١٣ لە ئەستەنبووڵ مردووە. کەسێکی عەرەب و بەرپرسێکی دەوڵەتی عوسمانی بووە و ئەرکی فەرماندەیی سوپا، وەزیری، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ سپێردراوە. دوای ئەوەی خوێندنی خۆی لە ئاکادیمیای عەسکەری تەواو کردووە، لە دائیرەی ئەرکانی جەنگ دەست بەکار بوو. لە (کریت) ماوەتەوەو، ماوەی ساڵێکیش لە (گۆلزو کامپۆفنەر) لەبەر دەستی پاشاکاندا کاری کردووە. دواتر بە پلەی ژەنەراڵ وەرگیرا بە یاریدەدەری فەرماندەی دائیرەی پشکینن و ئەزموونی تۆپخانە. ساڵی ١٩٠١ بوو بە فەریق و، ساڵی ١٩٠٥ یش بوو بە فەریقی یەکەم و بە پارێزگاری کۆسۆڤۆ. دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووهەم، ئەرکی سێهەمین فەرماندەی گشتیی سوپای پێ سپێردرا. کاتی ڕووداوەکانی ٣١ی مارت، بوو بە فەرماندەی سوپای پاکسازیی و، دەورێکی کاریگەری لە لەسەرکارلابردنی سوڵتان عەبدولحەمیددا هەبوو. لە کابینەکەی حەقی پاشادا، بوو بە وەزیری جەنگ و، کاتی داگیرکرانی بابی عالی لەلایەن ئیتیحادچییەکانەوەو، دوای لەسەرکارلابرانی حکوومەتەکەی کامیل پاشا، کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (١٩١٢). دوای ساڵێك لە مەیدانی بایەزیددا بەدەستی کەسێك تیرۆر کرا. چەندین بەرهەمی هەمەجۆری لەبارەی بابەتی عەسکەرییەوە هەیە، کە گرنگترین ئەمانەن: (ڕێکخستن و شێوەی عەسکەریی عوسمانی).

وەڵامـی پرسـیارو ڕەخنـەکان، بەشـێوەیەکی یاسـایی و بـەپێی مافـەکان، بدەنـەوە، چونکە وەك ئـەوەی کـە پێشتر نموونـەی بینـراوە، ئـەوی هـەوڵی هەڵخەتانـدن و ڕاڕاکردنـی ڕای گـشتی و خـەڵك بـدات، دواجار تووشی شەرمەزاری دەبێ.

من لەکاتێکدا دوژمنانی خۆمم بە تاوانبارو خیانەتکار ناوبرد کە تەرمی ڕۆڵە ڕەوشتبەرزەکانی نیشتمان و نووسەرەکان وەك بێژنگ بە کـونکراوی لـە کۆڵانەکانـدا داکـەوتبوون و، بەشـێکی وڵاتەکـەمان لـە جێگەی ئەلبانیەکان و کراوتیەکانەوە بگرە تا ئەدەنە وێران کرابوو. ئایا ئێـستا بەڕاسـتی دەسـتی سـەبەبکاری ئـەو هـەموو کـردارە بـێخێرو خراپانـە نەکەوتوەتـە ڕوو ؟ مـادام بـاس و قسە لەسـەر خیانەتـەکانی دوژمنـانی منـە بەرامبـەر بـە وڵات و نیـشتمان، ئـەم پرسـیارەش دێتـە پێشەوە کە ئایا هـەر ئـەم کۆمەڵـەی "ئیتیحـادو تـەرەقی"یـە نـەبوو کـە تەڕابلوسی ڕۆژئاوای کرد بە قوربانی سیاسـەتەکانی خۆی و بوو هـۆی ئـەوەی کـە ئـەم بەشـە دڵـگیرەی خـاکی عوسمـانی بکەوێتـە ژێـر پـێی دوژمنـــان ؟! ئێـــستا هاووڵاتیـــە ئـــازاو بەجەرگـــەکانمان، لەڕێگـــەی قارەمـانـی خۆیانـەوە، ئـەو نەهامەتیـە سیاسـیەمان پـێ فـەرامۆش دەکـەن و سـووکایەتی و بێخێریـەکانی کۆمەڵـەی ئیتیحـادو تـەرەقی بـە خوێنی خۆیان کەم ڕەنگ دەکەنەوە.

با ئیتر دوژمنانی ئێمە واز لە دژایەتیکردنی ئێمـە بهێنن. خۆ ئەگەر بتـوانن پاسـاوێکی گونجـاو بـۆ ئـەم هـەموو نەهامەتیـە سیاسـیانە بهێننەوە، ئەوە دەبێ بە مایەی خۆشحاڵی ئێمە !

کێشەی ڕێکخراو (کۆمەڵە)ی نهێنی

کۆمەڵـەی ئیتیحـادو تـەرەقی،دوای ڕووداوە تاڵەکـەی ٣١ی مـارتو لەناوبردنی "فیرقەی ئەحرار"و، دوای لەسێدارەدانی هەندێك بێچارەو بێتـاوانو بـەردەوامبوونی ئـەو هـەموو زوڵـمو زۆرداریيـە، لـەڕێی ڕاگەیانـدنی ئیـدارەی بـاری نائاسـایـیـيـەوە، مەیـدانێکی سـیاسـیی گونجاوی بۆ پێکهاتنی ئارەزوو و تەماعەکانی ڕەخساندبوو.

لەگـەڵ ئەمەشـدا، دوای کـوژرانی "سـەمیم"[٤٥] بـە شـێوەیەکی خوێنمژانـە، نیـشانەکانی گـەڕان بـە دوای دادو مافـدا لـەنێو خـەڵکی پارێزگاکانو ئەستەنبووڵیشدا پەیدا بوونو، دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بە هەندێك ئەفسەرو کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بەرزتر بووەوە.

هەر لەم کاتانەشدا بوو کە هەندێك وڵاتپارێز کەوتنە هاوکاریمانو، بەشینەوەی بڵاوکراوەکانی ئێمەیان بە ئەرکی نیشتمانی خۆیان دانا.

ئـەم خزمەتـە نیـشتمانییە جـێی ڕێـزەی هاووڵاتیانمـان، بووبـوو بـەهۆی تـرس لێ نیشتنی بەرپرسانو لایـەنگرانی کۆمەڵـەی ئیتیحـادو تەرەقی لە هەبوونی کۆمەڵەی ئیتیحادی نهێنی.

---

[٤٥] ئەحمـەد سـەمیم، سـاڵی ١٨٨٤ لـە پیرزەریـن لـەدایك بـووەو، سـاڵی ١٩١٠ لـە ئەسـتەنبووڵ کۆچـی دوایـی کـردووە. یـەکێك بـووە لـە ڕۆژنامەنووسـانی قۆنـاغی مەشرووتییەتو، کوڕی سەرهەنگی خانەنیشن تەوفیق بەگ بووە. لە خقوتابخانەی غەڵەگهسەرایو کولێژی ڕۆبەرتی ئەستەنبووڵ خوێندنی خۆی تـەواو کـردووە. لەبەر نووسـراوەکانی لـە ڕۆژنامـەی "سـەدای میللـەت"دا، کـە زۆرتـر لـەدژی کۆمەڵـەی ئیتیحادو تەرەقی بوون، لەلایەن هەمان ڕێکخستنەوە کوژراوە.

لـه ئـەنجامی کـاری سـیخوڕیی هەنـدێك سـیخوڕی بێڕەوشـتەوە، کۆمـەڵێك هاولاتیمـان ڕووبـەڕووی ئـەو تۆمەتانـە بوونـەوە کـە کۆمەڵـەی ئیتیحادو تەرەقی بۆ هەر نەیارێك بەکاریان دەهێنێ. ژمارەیـەکی زۆری هاوولاتیـان بـە ژن و پیـاوەوە بـەو جـۆرە ئەشـکەنجانە سـزادەدران کـە نموونـەیان لـە هیچ جێگەیـەکی دنیادا بەرچاو ناکەون. بۆ نموونـە، بە شفرەی بەراز هەڵیان دەواسین، یا نینۆکیـان دەردەهێنـان. هـەروەها لـەم کاتانەدا باسی گرفتی ڕەزا نوور بەگی ئەنـدامی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی خـەڵك کـە مرۆڤیکـی نیـشتمانپەروەر بـوو، بـە خوتوخـوڕایی قـوت کرایــەوە. شــایانی باســە، ئــەم درۆو دەلەســەیە هــەمووکاتێك، وەك پەڵەیـەکی ڕەشـی ملهوڕییـەکی مەترسـیدار، بـە نێوچـاوانی کۆمەڵـەی ئیتیحادو تەرەقیی دڕندەوە دەمێنێتەوە.

دوژمنـانی ئێمـە کـە بـە ڕووکـەش هـیچ کـەس و لایـەنێکی دەرەوەی خـۆی بـە مەشـرووتییەتپەروەر نـەدەزانی، لەڕاسـتیدا هـەموو جـۆرە خراپی و زۆرداریيەکیان دەنواند. بەبێ ئەوەی هیچ هۆیـەکی یاسایی و هیچ چاوەڕوانییەك لەئارادابێ، مرۆڤەکانیان دەستگیر دەکرد. تەنانـەت بە پێشیلکردنی یاسای بنەڕەتی و گوێنەدانە مەشرووتییەت، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکیان دەگرت و ئەکەنجەشیان دەدا.

هەڵبەت ڕۆژێك دادێ ئەو بێچارانەی وا بە بۆنەی کێشەی (کۆمەڵـەو ڕێکخـراوی نهێنـی[٤٦])وە ئەشـکەنجەیان لـە دەسـتی ئـەم کۆمەڵـە مرۆڤـە

---

[٤٦] کۆمەڵە (ڕێکخراو)ی نهێنی، ئەمە ناوێك بوو ئیتیحادچییەکان بۆ تاوانبارکردن و لـەناوبردنی نـەیارانیان بـەکاریان دەهێنـا. نـاوی دامەزرێنـەکانی کۆمەڵـەش بـەکار دەهـات. بـەگوێرەی بۆچـوونی ئیتیحادچـییەکان، ئـەم ڕێکخـراوە لەلایـەن شـەریف

تـەماعكارو دڵـڕەق‌و بێڕەوشـتە كێشاوەو وەجاخیـان كـوێر بوەتـەوەو ســزای دوورخــستنەوەیان بــۆ دەركــراوە، چــاویان بــە پەیــدابوون‌و سـەقامگیربوونی دادو هـەقخوازی دەكـەوێ. ئایا لەڕاستیدا ئـەو كینـەو تووڕەیی‌و نەهامـەتی‌و بێبەشیەی كـە ڕووبـەڕووی كۆمەڵـەی ئیتیحـادو تەرەقی‌ی شاراوە دەبوەوە، ئەنجامی بێعەدالەتی نەبوو ؟

لەگـەڵ ئـەوەدا كـە ئەنجومـەنی نوێنـەرانی خـەڵك داوای لێكۆڵینـەوەی تایبەت بە كێشەی (كۆمەڵەی نهێنی)ی كردبوو، بەڵام شەوكەت مـەحموود پاشاو داروەدستەكەی، لەڕێی فێڵ‌و تەڵەكەبازی‌و هەڕەشـەكردنەوە، دوایـن زەبری خۆیـان بـە دادو هـەقخوازی گەیانـدو، كۆسـپ‌و تەگـەرەیان لەبـەردەم بەڕێوەچوونی ئـەو لێكۆڵینەوەیـەدا دروسـت كـرد. لـە ئەنجامـدا ئەوانـەی وا لێپرسینەوەو كـاری لێكۆڵینـەوەی ئەنجومـەنیان پـێ سـپێردرابوو، تەنانـەت لـەوەش ترسـان كـە –بـە ڕواڵـەتیش بـێ– خۆیـان بـە لایـەنگری ماف‌و یاسـا

پاشـاوە بـۆ مەبەسـتی تایبـەتی لـە ئەسـتەنبووڵ دامـەزراوە. بەقسـەی ئـەوان، ئـەم ڕێكخراوە كە دكتۆر ڕەزا نوورو مستەفا ناتیق بەڕێویان دەبرد، بەرنامـەی كوشتنی مـەحموود شـەوكەت پاشـا‌و تەڵعـەت بـەگ‌و مـەلا نەجمـەدین‌و ورووژانـدنی خـەڵكیان لەڕێگەی قەحپە جگەرەكێشەكانی (مەیدانی فاتیح)ـەوە داڕشتووە.

ساڵی ١٩١٠ دكتۆر ڕەزا نوورو نەوەد كەسی تری بەم تاوانانـەوە لـە دادگـای جـەنگی یوسف كـەنعان پاشا كـە هـەموو دادوەرەكانی ئیتیحادچی بوون، موحاكەمـە كـران. دادگـا ٤٥ كەسـی بـە سـزای جۆراوجـۆری زینـدانیكردن‌و دوورخـستنەوە گەیانـدو، پێنج كەسی تریش كـە دكتـۆر ڕەزا نووریشی تێدا بوو، بـە بێتـاوان دانـا. بـەڵام ئـەو ڕۆژەی كە بڕیار بوو دكتۆر ڕەزا نووریان دەستیگر كردەوەو، ماوەیەكی تر خستیانە ژێر چاودێری‌و ئەشكەنجەوە. ئەو كاتانـە دكتـۆر ڕەزا نـوور نوێنـەری پارلـەمان بـوو، بەڵام تەنانەت مافی ئەوەشی پێنەدرا پارێزەرێك بۆ خۆی بگرێ.

بناسێنن. بێگومان کاتی هێنانەوە یادی ئەو ڕووداوە تاڵو دڵتەزێنانەی مێژووی مەشرووتییەتی عوسمانی، نەفرەتو لەعنەت لە سەبەبکارەکانی ئەو کارەساتانە دەکرێ.

لە لایەکی ترەوە، با ئەم پرسیارە بکەین کە کۆمەڵەی نهێنی چ واتایەکی هەیە ؟ ئایا شتێکی لەوە زیاتر مایەی پێکەین لە دنیادا هەیە کە نەیارە کەللەپووتەکانمان تۆمەتی بنیاتنانی کۆمەڵەو ڕێکخراوێکی نهێنی بخەنەپاڵ کەسێك کەوا هەر لەسەرەتاوە بەتوندی دژی کارە شاراوەکانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی ڕاوەستاوەو، لەو ڕێگەیەشدا هەمووجۆرە لەخۆبوردنێکی نیشان داوە.

بەر لە هەمووشێك کۆمەڵە (ڕێکخراو)ی نهێنی، بە کۆمەڵەیەکی وەك ئیتیحادو تەرەقی دەگوترێ کە ژێربەژێر ڕێکخراوی نهێنی پێك دەهێنێو ئاسایشی وڵات تێك دەداتو، لە ڕێگەی چەتەکانی خۆیەوە، مرۆڤ بە شێوەیەکی دڕندانە لە ناوەڕاستی کوڵانو شەقامەکاندا دەکوژێو دەستەپیسەکانی خۆی تەنیا بۆ جەردەیی و دزی وەردەداتە ناو کاروباری حکوومەت. بە کورتی، ڕێکخراوێکی یاخییە کە کرداری ناشایستەی لە سەدەی بیستەمدا لێ دەوەشێتەوەو، وەك لەکەیەك بە نێوچاوانیەوە دەمێنێتەوە.

زۆر شوکرو سوپاس بێ کە ئێمە لەم پێناوەدا هیچ تاوانێکمان نەکردووەو، کەسیش نەیتوانیوە مەسەلەی داواو ئارەزوویەکی تایبەتی ئێمە بخاتە ڕوو. بەپێچەوانەوە، ئەمڕۆ بەرنامەیەکمان هەیە، هەموو دنیای شارستانی دەیزانێو پەسندی دەکات. هەروەها بەو ئەندازەیەش دۆستو لایەنگری یاساییمان هەیە.

به واتایەکی تر، لەبەر ئەوەی دادو هەقخوازی هەمیشە جێی خۆیان دەکەنەوە، ئێستا لایەنگرانی ئێمە لەوە زیاترن کە چاوەڕوانمان دەکرد. جا ئەگەر ئەم دەرکەوتن و خۆنواندنەی مێژوو بە دڵی دوژمنانمان نییە، ئێمە چی بکەین ؟ خۆی لەڕاستیدا هەوڵ و کۆششی کۆمەڵەی نەفرەتلێکراوی ئیتیحادو تەرەقی کە خۆی بە چارەنووسسازێک دادەنێ بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەوەی (پارتی ڕیفۆرمی بنچینەیی عوسمانی)[٤٧] بە ڕێکخراوێکی کۆنەپەرست لەقەڵەم بدات، بەڵگەیەکی ئاشکراو زیندووی زۆرداریو پاوانخوازییە.

دیوانی عورفیی جەنگ لەبارەی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەوە کە بەناوی (کۆمەڵەی نهێنی)وە تاوانبار دەکران، چ جۆرە بەڵگەیەکی کۆکردەوە ؟ هیچ شتێك !

ئەویڕاستیبێ، پێویستە مرۆڤ شێت بێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەرنامەی "دەستەی ڕیفۆرمی بنچینەیی" بە بەرنامەی "کۆمەڵە یان ڕێکخراوێکی

---

[٤٧] گرووپی ڕیفۆرمی بنچینەیی، ناوی تەواوی پارتی ڕیفۆرمی بنچینەیی عوسمانییە، ساڵی ١٩٠٩ شەریف پاشا لە پاریس دایمەزراند. ناوی فەرەنسیی ئەم پارتە (Le parti Raditolottompn) بوو. کەسانی وەك عەلی کەمال، مەولان زادە ڕفعەت، پەرتەو تەوفیق، دکتۆر ڕەفیق نەوزاد. ئالبەرت فوا، کەمال عەونی ئەندامانی دەستەی دامەزرێن و بەڕێوەبەری ئەم پارتە بوون.
لەڕێگەی "مەشرووتییەت"ەوە کە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی ئەم پارتە بوو، دژایەتییەکی ئاشکرای دژ بە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی دەکرد. لایەنگرانی ڕێکخستن لە ناوەوەی وڵاتدا بە تاوانی ئەندامێتیی ڕێکخراوێکی نهێنی درانە دادگاو سزای قورسیان بۆ بڕایەوە. ئەم پارتە ساڵی ١٩١٣ لەگەڵ پارتی "حوڕڕییەت و ئیئتیلاف" دا بوو بەیەك و شەریف پاشا بوو بە سەرۆکی پارتە تازەکە.

شاراوە" دابنێ. بێگومان قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەیەك لەنێو وڵاتدا لەلایەن کۆمەڵێك نوێنەری پاوانخوازەوەو، هەڵکێشانی نینۆکی مرۆڤەکان، کوشتن و بڕین و ئەشکەنجەو دوورخستنەوەو، کاتێك ڕێکخراوێکی بێ خێرو شاراوەی وەك "ئیتیحادو تەرەقی" لەئارادابێ کە ملهوڕی و گەندەڵییەکی لەبیرنەکراوی لێدەوەشێتەوە، تاوانبارکردنی لایەنی تر بە کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی، نموونە هەمەجۆرە نەبینراوەکانی جەردەیی و خراپەکاریی ئەون.

هەروەها هەوڵی لەناوبردنی هەموو ئەو کەسانەیان دا کە کەم تا زۆر لە هەرچوار لای وڵاتی عوسمانییەوە، لەسەر ئەم کێشەیە، دژایەتیی ئەوانیان دەکرد. لەم بارەیشەوە، تا ئەندازەیەك کارەکانیان بە سەرکەوتوویی هەڵسووڕاند. بەڵام پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کە کاتی خۆی پادشای لەسەردەسەڵاتلابراویش "سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم" سەرکەوتوو دەبوو. بەڵام لەکۆتاییدا چیی لێ هات ؟ هیچ نەبوایە پیویست بوو چارەنووسی ئەو کابرایە هەستێکی لەواندا دروست بکردایە. بەڵام مخابن ! کەسە سەرکەوتوەکانی ئێمە دەرك پێکردنێکی لەم شێوەیە لە وزەیاندا نەبوو. دوای ئەوەی هەموو خوێندنەوەکانی خۆمان لەسەر ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە خستە بەرچاو، ڕوونکردنەوەی خاڵێکی تاریکیش بە ئەرکی خۆمان دەزانین. هیچ کاتێك و بە هیچ شێوەیەك، پەیوەندیمان بە (کۆمەڵەی دامەزرێنەکان)ەوە نەبوە کە مەولان زادە ڕفعەتی خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی "سەربەستی"ی ویژدانفرۆش بە برە پارەیەك دایمەزراندووە.

تاوانبارکرانەکەی ئێمە

کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، هەمووکاتێك بە هەموو فرت وفێلێکی خۆیەوە، ئێمەی بە کۆنەپەرست و (سیخوڕ)و ملهوڕ تاوانبار دەکردو، دەیویست لەکەدارمان بکات. لەئەنجامیشدا بۆ تۆڵەسەندنەوە، لەڕێی کێشەو مەسەلەی کۆمەڵە (ڕێکخراو)ی نهێنییەوە، ئێمەیان تاونبار کرد. جێی باسە، ئەو حکوومەت و بڕیارانەش لای ئێمە هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان نییە.

بڕیارە بەجێ و دوور لە دادەکانی ئەو ساختەچیانە دژ بە ئێمە، کە بەناوی ئازادیی و سات وسەوداوە دەیکەن، لای ئێمە بە نیشانەیەکی ولاتپارێزیی و شەرەفمەندیمان وەردەگیرێن. لەبەر ئەوەی ئێمە لە ئاستی بێڕەوشتی و ستەمکاریی ئەواندا نارازی بووین کە مرۆڤە بەناموسەکانیان دەکوشت و ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی ئەم ولاتەیان لە ناوەراستی شەقامدا وەك بێژنگ کون کون دەکردو لاوەکانیان ئەشکەنجە دەدا" مافە مەدەنیەکانیان لە خوت وخۆڕایی و بەبێ هیچ شتێك لە ئێمە وەرگرتەوەو بڕیاری زیندانیکردنی هەتاهەتاییان[٤٨]

---

[٤٨] زیندانیکردنی هەتاهەتایی، ئەمە سزایەك بوو لەکاتێکدا فەرمانبەرانی دەوڵەتی عوسمانی تاوانێکیان بکردایە، بەسەریاندا دەسەپێنرا. بەپێی یاسای سزای عوسمانی، ئەوانەی وا بەم جۆرە سزا دەدران، دەبوو ماوەی سزاکەیان لەناو قەلایەکی سەرداپۆشراودا بەسەر ببردایە. ساڵی ١٨٥٨، گۆڕانکاری لە یاسانامەی

بەسەردا سەپاندین. لەوەش زیاتر، وەك بڵێی هەموو ئەمانە کەم بێ، ئەو هەموو دوژمنایەتیو خیانەتانەیان دەرهەق بە هاوسەرەکەشم کردو، بەناوی دادو هەقخوازییەوە دەستدرێژیو سووکایەتییان پێکردین. لەبەر ئەوەی ئاگامان لە باری دەروونیی دوژمنانی ئازادی هەبوو و، دەمانزانی تا چ ئاستێك لە تایبەتمەندیو شتی باش دوورن، ئەم پەلامارە دڕندانەمان بە شتێکی ئاسایی لەقەڵەم دەدا.

بێگومان ئەوانەی وا لە مەشرووتییەت هەڵدەگەڕێنەوە، دەبن بە دوژمنی مرۆڤە ئازادەکان. ئایا باپیرە بەناوبانگەکەیان، یانی سوڵتانی لەسەر کارلابراو "عەبدولحەمیدی دووهەم"، هەمان مامەڵەیان بە هەمان مەبەستەوە لەگەڵ ئێمەدا نەکرد ؟

نەمتوانی بەبێ هێنانەوەی کورتەیەکی بڕیاری دادگاو چەند قسەیەك لەسەر ئەوانە، درێژە بە باسەکەم بدەم. دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر کارەساتی (کۆمەڵەی نهێنی)داو، ماوەیەك بەر لە ئێستا، بڕیاری دادگاکەیان بە من ڕاگەیاند کە پڕ لە درۆو دەلەسەو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بەگوێرەی ئەو بڕیارنامەیەی کە ((یەکسەر پشت بەستوو بە ڕاستیی ڕووداوەکە نووسراوە))، باسی ئەوە دەکرێ کە لەبەر ئەوەی،

شاهانەدا (ئەوی ساڵی ١٨٤٠) کرا. بەڵام دیسان هەر ئەو سزایەی تێدا مایەوەو، سزای کارکردن (لەگەڵ زیندانیکردندا) بۆ کەسانی ئاسایی (سڤیل) زیادکرا. ئەم سزایە بۆ ئەو کەسانەش دەبڕایەوە کە ئەرکی سیاسیی خۆیان بۆ خراپەکاری بەکار دەهێنا.

ئەم تاوانبارانە مافی ئەوەیان نەبوو چاویان بە هیچ کەسێك بکەوێو، هەمیشە چاودێری دەکران. ئەم سزایە دوو جۆری هەبوو: یەکێکی هەتاهەتایی، ئەوی تریش بۆ ماوەی (٣-١٥) ساڵ بوو.

www.zheen.org

بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی پلە (دەرەجە)، پلەکەمانیان تا ئاستی فەرماندەیی‌ی خوارووتر لە فەریقی یەکەم دابەزاندووە، ئێمە دڵ نیگەران و تووڕە بووین و، لە ئەنجامی ئەوەشدا، بۆ (ویست و داخوازیەکانی خۆمان) بەرامبەر بە دەوڵەتی پیرۆز، ڕێکخراوێکی شاراوەمان بەناوی ڕیفۆرمی بنچینەیی‌یەوە دامەزراندووەو، لەبەر ئەوەش، بەپێی نازانم چەندەمین بڕگەی یاسای سزای مەدەنی !!! (ئەوانەی وا بە سەرباز لەقەڵەم نادرێن)، هەموو مافە مەدەنیەکانیان لێ وەرگیراوەتەوەو، بڕیاری سزای زیندانی هەمیشەیی‌یان بەسەردا سەپاندووین.

بەر لە هەمووشتێك، پێویستە باسی ئەوە بکرێ کە چوارپێنج مانگ پێش ئەوەی یاسای وەرگرتنەوەی پلە لە ١٢مارتدا بکەوێتە مەیدانی جێبەجێکردنەوە، من داوانامەی دەست لەکارکێشانەوەی خۆم پێشکەش کردووەو، ئەمەش بە شێوەیەکی یاسایی تۆمارو پەسند کراوە. بۆیە ئەم جۆرە بەڵگەو پاساوهێنانەوەیەی دادوەرە قارەمانەکانمان، بەتەواوەتی درۆو دەلەسەیە.

لەلایەکی ترەوە، باسی ئەوە دەکرێ کە ئێمە لەبەر ویست و داواکاریەکانی خۆمان دژ بە "حکوومەتی پیرۆز ڕاوەستاوین" لەمەشدا هەڵەیەکی ئاشکرا لەئارادایە، چونکە من ئەم خەباتە پیرۆزو پڕ لە خۆشییە بەرامبەر بە حکوومەتی پیرۆز ناکەم، بەڵکوو ئەم کارە لەدژی سووکترین جۆری بوونەوەرەکان دەکەم، کە لەناوەوە وەك کرم خەریکی خواردنی جەستەی ئەم وڵاتەن.

ئەو بوودەڵانەی کە حکوومەتی پیرۆزو بوونی دەوڵەتی عوسمانییان خستوەتە بەر مەترسی و بە ئاشکرا لەبەر چاون، زۆر شوکر کە ئێستا

زۆرینەی خەڵك بە گەورەو بچووکەوە دەزانن چ کەسانێك دەیانەوێ ڕۆژبەڕۆژ خەڵك کوێلەتر بن‌و هەزارویەك چەشنی زوڵم‌و ستەمیان لێبکەن‌و بیانکەنە دیلی دەستی خۆیان. پێشتر باسی کێشەی کۆمەڵەی شاراوەم بە ڕاشکاوی ڕوون کردەوە. دوای خوێندنەوەی بەرنامەو پرۆگرامی پارتی ڕیفۆرمی بنچینەیی، ئەگەر کەسانێك پەیدابن‌و وەك چۆن لە دەقی بڕیارنامەکەدا باس کراوە، تۆمەتی وەك "خراپەکاری‌و ئاژاوەگێڕی" و هەوڵدان بۆ لەسەرکارلابردنی کابینەی حکوومەت‌و وەزیران‌و بڵاوکردنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵك‌و تێکۆشان بۆ ئاژاوەنانەوەو بەرپاکردنی ڕاپەڕین‌و سەرهەڵدان لە وڵاتدا، بخەنە پاڵ ئەم ڕێکخستنە، ئەوا پێویستە دوعای ئەوەیان بۆ بکرێ کە خوای بەخشندەی عەقڵ‌و تێگەیشتن کەمێك ئاستی فامکردنیان بەرزتر بکاتەوە. پێش هەمووشتێك، لەبەر ئەوەی لەسەرکارلابردنی کابینەی حکوومەت‌و وەزیران، ئامانجی سەرەکیی هەر پارتێکی سیاسییە، دانانی ئەم خاڵە بە تاوانێك، شتێکە بە بیرکردنەوەیەکی ئاسایی‌و خۆڕسك پەیدا نەبوە. خاڵی دووهەمیش ئەوەیە، ئایا ئەمە یاسازانییەکی پێکەنیناوی نییە ؟ کوشتنی هەندێك مرۆڤ‌و تێکدانی ئاسایش‌و ئاسوودەیی‌ی ویژدانەکان، کارێکی شێتانەیە. پێمان وایە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، بۆ ئەو ستەم‌و ئازارەی کە بە ویژدانە پاکەکانی چێشتووەو، بۆ ئەو خوێنە پاك‌و بێتاوانانەی کە وەك لەکەیەکی شەڕەنگێزی‌و خراپەکاری ناوچاوانی خۆی پێ سوور کردوون، هۆی جیاجیا دەهێنێتەوە. هەر کەسێکی ناڕازی بەرامبەری ڕابوەستێ، بە تاوانباری دادەنێ. بەکورتی، دەتوانین بڵێین: ئەمانە هەمووی ترسێکی سەیری تۆڵەسەندنەوەیە.

لەئەنجامـدا دەردەكـەوێ، تاوانبـاركرانی ئێمـە تـەنیا بەرهـەمی خیانـەتكاریو بەربـەرەكانـیی دوژمنـانی منـە. ملـی ئێمـە، لـە ئاسـتی بڕیـاری دادگـای گـەورەی نەتـەوەییو ویـژدانی خەڵكـدا، لـە مـوو باریكیترەو سەری ڕێزی بۆ دادەنێین.

كە چاومان پێ دەكەوێ وا هاوولاتیانمان دەستە دەستە بەشداری خەباتو كاروبارەكانمان دەبن، هەست بە شادیو بەختیاری دەكەین.

ئـەم تـامو چێژە كـە شتێكی تایبـەتی مرۆڤـە ئازادەكانـە، لای ئێمـە سـەدقاتی ئـەو تاوانباركردنـە سـەیرو سـەمەرانە گـرنگترە. بڕیارەكـانی دوژمنـانی ئـازادی، كـە پـڕن لـە ملـهوڕیو سـتەمكاری، سـتەملێكـراوە ئازادیخوازەكان بە نیشانەی شەرەفمەندیو نیشتمانپەروەریی لەقەڵەم دەدەن. هـەر لەبـەر ئەمـەش، بەخۆشـییەوە پێـشوازیمان لـە بڕیـاری ملهوڕانەی ئەو دادگا نیازخراپە كرد. هەر بژی مافو داد.

ڕاستی

ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێ چەرخی ڕۆژگار ولاتەكەمانی خستوەتە ناو قۆناغێكی بێسەروبەرەوە. بۆیە لەوكاتەوەی كە ولاتەكەمان لەناو ئـەم ئـاڵۆزیو قەیرانەدایـەو، ناچـاری ئـەوە كـراوین لـەژێر دەسـەلاتی مشتێ ناكەسی هیچوپووچدا بینو، نەزانیو سووكایەتیو داواكانیان دەرببـەین، ئێمـەش بڕیـاری دەسـتپێكردنـی ئـەم خەباتـە پیـرۆزو خۆڕاگرانـەمان داوە. لـەم پێناوەشـدا، هـیچ جـۆرە كۆسـپێك نـەیتوانیو ناتوانێ كەلەبەرو ناتەواوی بخاتە ناو كارو چالاكیەكانمان.

دوژمنـەکانم، هەمیـشە باسـی پاشـکەوتوویی و پـاوانخوازی منیـان دەکردو، تەنانەت ئەم ماوەیەی دواییش باسی هەڵگەڕانەوەی منیان لە دیـن هێناوەتـە ئـاراوە. هـەروەها بـەردەوام هـەوڵی ئـەوەیان داوە کـارو چـالاکیەکانم لـەپێناوی مـافو ئـازادیی نیـشتماندا، بـە خیانـەتکاری نیشان بدەنو خەڵکی وەها تێبگەیەنن. وەك ئەوەی ئەم هـەموو کردەوە نابەجێو ناشایستەیە کە بەناوی ماف و دادو ڕەوشتو مرۆڤایەتییەوە دەیـانکرد، بـەس نـەبێو کـەم بـێ، بـەبێ شـەرمییەوە باسـی ئەوەشـیان دەکـرد کـە گوایـە ئـەم خەباتـە نیـشتمانییەی ئێمـە تـەنیا گەمـەو ڕابـواردنێکی دەوڵەمەندانەیـەو، ئێمـە لەبـەر ئـەوەی پارەیـەکی زۆرمـان هەیە، ئەم کارانە بۆ خۆسەرقاڵکردن دەکەین ! باشە، خۆیلەخۆیدا لەوە زیاتر چاوەڕوانی هیچ شتێکی ترم لەوان نەدەکرد.

بـەلام ئایـا ئەگـەر مـرۆڤ زۆر بێعـەقڵو کەللـەپووت نـەبێ، دەرکـەوتنو دژایـەتیکردنی ئـەم دەسـتە فێڵبـازو ساختەچیە بـە مەبەسـتی ڕابواردنو خۆشی، کارێکی منداڵانە نییە ؟ ئامانجی دوژمنە نەفرەتیەکانمان لەم شتەدا ئەوەیە کە لەڕێگەی نیشاندانی ئەرکی نیشتمانـی ئێمەوە بە سـەرگەرمیو ڕابوردان، ڕای گشتیی خـەڵك بخەنە گومانو دوودڵییەوەو، وای دەربخەن کە کەسی تر لە خۆیان بەدەر بایەخ بەم نیشتمانو نەتەوەیە ناداتو، بەو جـۆرەش ڕێگـر بـن لەبـەردەم کەسـێکدا کـە پارێزگـاری لـە ئـازادیو خاوەنایەتیی مەشرووتییەت بکاتو، بە هـەمان شێوەش، وڵاتی بێچارەی عوسمـانـیی ڕوو لـە نـابووتیو لەناوچـوون ، بخەنـە خزمـەتی ویـستو داواکاریـەکانی خۆیـان. مەگـەر بـە شێوەیەکی ئاشکرا باسـی ئەمـە ناکـەن ؟ ((ئەگەر لەناو دەچێ، با بە دەستی ئێمە لەناو بچێ)) !

ئێستا منیش بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنم کە ئەو ڕێگەیەی وا گرتوومانەتە بەرو ئەو هەموو کارەی کە بە ئەنجامی دەگەیەنین، هیچیان لەبەر دەوڵەمەندی نییە، بەپێچەوانەوە، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە هەستمان بە ئەرکی پیرۆزی نیشتمانیی خۆمان کردووەو، ویژدانمان وەهای دەوێ. ئەو خەرجیانەی کە لەپێناوی وڵاتو مەشرووتییەتدا کردوومە، هەمووی هی داهاتی خۆمە کە بەزۆر و نارەحەتی بەدەستی دەهێنم.

زۆر شوکر کە ئێمە وەك ئەوان سەروەتو سامانێکمان نییە، بەزۆر لە خەڵك وەگیرابێ و لە سامانی نەتەوەیی دزرابێ. تائێستا هێندەی پێم کرابێ خەرجی زۆرم لەپێناوی نیشتماندا کردووەو دەیکەم. لەڕاستیدا، لەبەر ئەوەی ئەرکی سەرشانی خۆم لەم ڕێگەیەدا بەجێهێناوە، زۆر خۆشنوودو خۆشحاڵم. بە دڵێکی سووتاو بە ئاهی نیشتمانەوە کە بۆ ئازادی لێدەدات، گەیشتومەتە ئەم ئاسوودەییە گیانی و خۆشنوودییە ویژدانییە. ڕاستیەکەی، خەزێنەکەی ئێمە لەنێو ئەم شتە پیرۆزو خۆشەویستانەدا شاردراوەتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەندێشەی ئاینده

ئێستا کۆمەڵەیەکی نەزانکردو خراپەکار لە وڵاتدا باڵادەستەو، ڕۆڵەکانی وڵاتی عوسمانی دەکوژێ‌و، بە کردەوەکانی خۆی هێزمان لێ دەبڕێ. لەلایەکی ترەوە دوژمنەکانمان لە دەرەوە بەرنامەی پارچەپارچەیی و دابەشکردنی نیشتمانەکەمان دادەڕێژن. پادشای بولغارستان، بەم جۆرە بۆچوونانەوە دەستی بە دانوستاندن کردبوو

لەگەڵ دەوڵەتی نەمسادا. حکوومەتی ڤیەنناش، بە کەڵکوەرگرتن لەم بێهێزییەی ئێمە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیو داگیرکردنی وڵاتی ئێمە دەدات. هەرچەندە هەستی نەتەوایەتیمان زامداریش بکات، پێویستە باسی ئەم ئەندیشانە بکرێو ئەو فێڵو خراپەکاریانەش کە لەدژی ئێمە دەکرێن، ڕوون بکرێنەوە.

پلانی دابەشکردنی وڵاتی عوسمانی، بەگوێرەی دوایین هەواڵەکان، بەم شێوەیەیە: نەمسا لەلایەکەوە دەیەوێ ئەلبانیەکانی باکوور بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیو، بەو چەشنە بگاتە سەلانیك" لەلایەکی ترەوە، بیر لەوە دەکاتەوە بەلگراد کۆنترۆڵ بکات، چونکە ئەگەر سربستان بێتە ناو چنگی پاشایەتیی مۆنتینیگرۆ (قەرەداغ)، ئەوا پاشایەتییەکی تازەی سربی دادەمەزرێ. ئەم پاشایەتییە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ قەرەداغدا دەبێ بەیەك، سنوورەکانی خۆی تا کەنارەکانی (ئادریاتیك) فراوانتر دەکاتەوە. شایانی گوتنە، سربەکانیش هەروا نامێننەوەو، دەکەونە هەوڵو تەقەلای خۆیان. بەشێکی سنووری سربەکانیش دەچێتە ناو قەڵەمڕەوی ڕۆمەکان. ئیتاڵیا دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەلبانیای باشوورو، بولغارستان دەکەوێتە هەوای فراوانکردنی سنوورەکانی خۆی تا (دەدە ئاغاجیو کاواڵا). یۆنانیەکان دورگەی کریتو هەندێك دورگەی ترمان لێ دەستێنن. ڕووسیایش، دوای ئەوەی مەسەلەی ملەو یالە سروشتیەکان، لەگەڵ جێگەکانی تردا، بە قازانجی خۆی کۆتایی پێدێنێ، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەستەنبوولیش دەدات. ئەڵمانیاو فەرەنساو ئینگلتەرە، لە سووریاو عەرەبستانو عیراقو، تەنانەت ئەنادۆڵیش، پارێزگا بەکەڵکەکان دەخەنە ژێر دەستی خۆیانو داگیریان دەکەن.

داخۆ ئەم ئیدارەیەی ئێستا کە بووە بەهۆی ئەوەی وا لە کۆڕو کۆبوونەوە سیاسیەکانی ئەروپاو دانوستاندنە نێودەوڵەتیەکاندا بەئاشکرا باسی ئەم شتانە بکرێ، دەتوانێ چ جۆرە پاساوێك بۆ کردارەکانی خۆی بهێنێتەوەو چ بەهانەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە ؟!

ئێمە بە ڕەچاوکردنی هەر جۆرە ناڕەحەتیو لەخۆبوردنێكو لەڕێگەی ئاشکراکردنی ئەم ڕاستیانەوە، داوا لە هاوولاتیانمان دەکەین هۆشیار بنو ئاگایانە ڕەفتار بکەن. ئەگەر کەسانێك هەبن چاوپۆشی لەم شتانە بکەنو گوێ لە قسەکانمان نەگرن، ئەوا بەرامبەر بەوە، دڵنیام لەداهاتوودا کەسانێك پەیدا دەبن بڵێن: ((پێویستە لایەنگری هەقو ڕاستی بین، ئەم پیاوە هەوڵی ئەوەی دابوو ڕێگەمان پێ نیشان بدات))و، بەباشی دەمانهێننەوە یاد.

بەڵام ئایا ئەو ڕەحمەتەی کە بۆمان دەنێرن، بەشی ئەوە دەکات لە ئاستی بەدبەختیو چارەڕەشیی ولاتی عوسمانیدا دڵمان بداتەوە ؟

ئایا هەموو تەقەلاو خەباتێکمان بۆ ئەوە نەبوە کە بەهۆی ئەو خەباتەوە ڕێ لەم ئازارە گیانییە ؟ بۆ ئەوەی مرۆڤ قەناعەتی بەمانە نەبێ، پێویستە، وەك دوژمنەکانی ئێمە، لە هەموو جۆرە هەستێکی مرۆڤایەتی دوورکەوتبێتەوە. ئەی بێچارەکان ! بەتایبەت هەندێك ولاتی گەورەی ئەورووپا، دەیانەوێ ئەم ناوەندە بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیان. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر بەر لەوەی ئەم جۆرە ئامانجانە بێنەدی، بەئاگا بێینەوەو بەخۆدا بچینەوەو بنەماکانی مەشرووتییەت بنجبەست بکەینو ڕێز لە بچووکترینو گەورەترین بنەماکانی ئازادی بگرینو لە ولاتی خۆماندا دایبمەزرێنین، ئەوا دەتوانین ئەم

کەش‌وهەوا هەڵاوساوە سیاسییە بگۆڕینەوە بە ئاشتی‌و ئاسایش لە وڵاتەکەماندا.

بۆ ئەوەی گەل‌و حکوومەتی عوسمانی لەم مەترسییە ڕزگار بکەین کە ڕۆژ بە ڕۆژ نزیکتر دەبێتەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێك، لە وڵاتەکەماندا ڕێز لە یاسا بگرین‌و، مافەکان بە شێوەیەکی یەکسان‌و هاوبەش سەقامگیر بکرێن. تەنیا شێوازێکی ئازادیخوازانەی بەم جۆرە دەتوانێ ئەم وڵاتە لێقەوماوە لە مەترسیی نابوودی ڕزگار بکات‌و بپارێزێ. بەڵام، مخابن ! وڵاتەکەمان جگە لە دوژمنی دەرەکی کە خەیاڵی جۆراوجۆریان لەسەردایە، هەندێك دوژمنی پاوانخوازی ناوەکی‌و ڕۆڵەی لاسارو نەفرەت لێکراوی هەیە.

ئاگاداری

دوای ئەوەی ئیتاڵیەکان پێی نامۆبارەکیان خستە سەر خاکی عوسمانی‌و، هاتنە ناو گۆشەیەکی خاکی ئەم وڵاتە بێچارەیەو ویستیان تەرابلوسی ڕۆژئاوا داگیربکەن، گەلی عوسمانی ڕاپەڕینێکی شێرانەی شایستەو شیاوی خۆی بەرامبەر بە کەمتەرخەمی‌و خیانەتی حکوومەتی ئێستا بەرپا کرد. بەڵام خۆزگە، هەر دوای ئەوە، پەلامارێکی دوژمنانی ناوخۆیان بدایەو، ئەوانەشیان لەنبردایە.

بێگومان ئێستا تەرابلوس نموونەیەکی جوامێریی ڕۆڵەکانی وڵاتی عوسمانییە، بە شێوەیەکی نموونەیی بەرەو پێشکەوتنی دنیای شارستانی دەچێ‌و، لەلایەکی ترەوە، لەبەر ئەو بانگەوازەی کە لە دنیای عوسمانییەوە بۆ بەرقەرارکردنی دادو ئازادی‌و ڕزگاری دەیکات،

سەرنجی هەموو جیهان بۆ خۆی ڕادەکێشێ. ئەوکاتە دەبوو بگواترایە ((خوێن‌و ڕۆحێکی تازە کەوتۆتە ناو جەستەی دەوڵەتی نەخۆشی عوسمانی)). لەڕاستیدا ئەمە زۆر پێویست بوو بۆ ئێمە. بەواتایەکی تر، زۆر پێویست بوو بۆ ژیان‌و مانەوەمان.

دوابەدوای ئەم خیانەتەی کە گەورە لێپرسراوانی حکوومی لەم وڵاتەیان کرد، چەندین ڕووداوی تری تاڵ‌و خراپ هاتە ئاراوە. بەڵام ئێمە لە یەکەم ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتەکانی خۆماندا، چاپۆشیمان لەم خیانەت‌و بەدکاریانە کرد. یانی نەك هەر هیچ بەرگرییەکمان نەکرد، بەڵکوو جووڵەمان نەکرد لە جێگەی خۆشمان.

ئیتاڵیەکانی ناو خۆمان‌و کۆمەڵی بەدکرداری ئیتیحادو تەرەقی، بە فریودان‌و هەڵخەڵەتاندن، بە شێوەیەکی نایاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکیان بڵاوە پێکرد بۆ درێژەپێدانی خۆشی‌و ڕابواردنی خۆیان. ئەم شێوازی مامەڵەکردنە، بە ئاشکرا بنەماکانی مەشرووتییەت‌و ئازادیی پێشێل دەکرد. بەرامبەر بەم هەڵس‌وکەوتە خراپانە، پێویست بوو وڵاتێکی ئازادیخوازی وەك عوسمانی بە گیان‌و بە دڵ پارێزگاری لە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکردایە. بەڵام ئێمە دەرهەق بەمە، وەك ئەوەی لە خەوێکی شیرین‌و قووڵدا بین، بێدەنگماینەوە.

دواتر ئەم دوژمنە هیچ‌وپووچانە، بەناوی هەڵبژاردنەوە، بە زۆرو تەنگەتاوکردن‌و لێدان‌و کوشتن‌و جنێوپێدان، خۆیان بەسەر خەڵکیدا سەپاند. بەم جۆرە بە شێوەیەکی تاوانبارانە دەستیان کرد بە پەلاماردانی مرۆڤە پاکە بەناموسەکانی ئەم وڵاتە. بەڵام ئێمە دیسان هەر لەناو ئەو بێدەنگییە سەیرو بێجووڵەیەدا ماینەوە.

دنیای شارستانی بەرامبەر بە جوامێریو قارەمانێتیەکەمان لە تەڕابلوس، سەری سوڕمابوو. بەڵام بە هیچ جۆرێك لە بێدەنگیو بێجووڵەییە سەیرەکەمان لەبەردەم ئیتاڵیەکانی ناوخۆماندا تێنەدەگەیشتو عەقڵی بەم دوو ناکۆکییە نەدەشکا، بەڵام بەداخەوە !

چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا، جەردەو ڕێگرە ئیتاڵیەکان ویستیان گوشارەکانی خۆیان بخەنە سەر (چەناقەلعە). بەڵام قارەمانو ڕۆڵە ئازاکانمان وەك هەر جارێکی تر ئەرکە پیرۆزەکانی خۆیان بەجێهێنا. دواتر ئەم جەردەو ڕێگرانە بۆ ئەوەی تۆڵەی ڕووداوەکانی تەڕابلوس بستێننەوە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەرووپا بکەن بەگژی ئێمەدا، (ڕۆدۆس)یان داگیرکرد.

وا دیارە ئەمانە بە شێوەیەکی ترسنۆکانەو بە سوودوەرگرتن لە بێداروباریی هێزی دەریاییمان لە (دەریای سپی)و بێهێزیەکانی ترمان، ئامانجە پیسەکانی خۆیان بەدیدێنن. چ کەسانێکی تر، لەگەڵ ئیتاڵیەکاندا، بوونە هۆی ئەوەی ئەم کارەساتانەمان بەسەردا بێ ؟ لەکاتێکدا دەوڵەتی پیرۆزمان، زیاد لە هەموو جارێکی تر، پێویستیی بە ئاسایشو ئارامی هەبوو، ئەم شتە تاڵانە کە بەرەو نەمانو تێکچوونیان دەبردین، لەبەر کام لایەن هاتنە ئاراوە ؟

پێویستە هیچ گومان لەوە نەکرێ کە پیاوماقوولانو گەورەپیاوانی کۆمەڵەی داماوی ئیتیحادو تەرەقی، لەگەڵ ئیتاڵیەکاندا، بوونە هۆی ئەوەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنانە بەسەر وڵاتەکەماندا بێن.

نیشتمان، چاوەڕوانی خزمەتی زیاترو لەخۆبوردوویی زیاتری ئەو عوسمانیەیە کە بە دەیان ڕۆڵەی قارەمانی پەروەردە کردووە، بە

شێوەیەکی خۆبەختکەرانەی خوداپەسندانەوە لەپێناوی پاراستنی وڵاتدا تێدەکۆشان.

بۆ تیمارو دەرمانکردنی برینە قووڵەکانی خۆی، بانگی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە خەمی بۆ دەخۆنو فرمێسکی بۆ دەڕژێنن، ڕیشەی ئەو برینانەی وا لە دەرەوە خوێنی لێ دەچۆڕێ، لە دەروونەوەیە، یانی خودی نیشتمانە گەورەکەیە. ڕاستیەکەی، ڕیشەی ئەم نەخۆشییە، هەمان گەندەڵیو خراپەکارییە ! ئەو نەهامەتیو کارەساتانەی وا لە دەرەوە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، سەرچاوەی هەمووی، کردەوەی ئیتاڵیەکانی ناوخۆمانە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هێشتا بێدەنگییەکەی جاران باڵادەستە ! هەروەك پێشتر سەرقاڵی تەماشاکردنێکی مایەی بێزارین !

شێوازی ئیدارەو چۆنیەتی کاری حکوومەتی ئێستا، بەرەو دوو ئەنجامی خراپمان دەبات: یا ئەوەیە دوایی بۆ خۆڕزگارکردن لەم کۆمەڵە ملهوڕە، پەنا بۆ هەندێك شێوازو ئامانجی ڕووخێنەرانە بەرین، یا بەردەوامیی ئەم شتە دەبێ بەهۆی باڵادەست مانەوەی سیاسەتی دزیو جەردەیی، کە لەباتی ئەنجامدانی ڕیفۆرمی گونجاو بەپێی ناوەڕۆكو ڕۆحی مەشرووتییەت، گەلانی عوسمانی، لەڕێگەی کینەو نەفرەتو پەردەی نەزانییەوە، لە حکوومەت سارد دەکاتەوەو خەزێنەی دەوڵەت چەپاو دەکات !

لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە سیاسەتە نەفرەت لێکراوە، دەبێ بەهۆی دروستبوونو مانەوەی ئاژاوەگێڕو کەس لە کەسو، کارو بەرنامەی گونجاو بۆ زیادبوونی داهات جێبەجێ ناکرێن" هەروەها لەبەر ئەوەی

پۆستو کاره گرنگەکانیش لە دەستی هەندێك کەسی نەناسراوی تازەپێگەیشتوودان، گەندەڵی هەموولایەك دەگرێتەوە.

ئەگەر ئەم کەمتەرخەمیانە هەر بەم شێوەیە بەردەوام بن، لەکۆتاییدا ئەم هێزە هەموو ڕێگاکانی ڕزگاریمان کوێردەکاتەوە.

لەباتی ئەوەی لەم سەردەمەدا کە سەردەمی شارستانیو ئابوورییەکی گونجاوە، گرنگی بە دیاردە تازەکان بدرێ، خەریکە لەڕێی زوڵمو ستەمی جۆراوجۆرەوە، دەوڵەتێکی گەورە لەناو دەبرێ بۆ بەرژەوەندی چوار کەسی هیچ‌وپووچ.

ئەم کۆمەڵە نەفرەت لێکراوە، بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بە دەسەڵاتو حکوومەتەکەی خۆی بدات، پەیتا پەیتا بە ئەندازەیەکی گەورە قەرز دەکات (بە مەرجی دانەوەی بە سوودی زیاتر)و، لەبەر ئەوە کەوتوەتە ناو زەلکاوی خیانەت، ناتوانێ هەڵی ڕاپەڕاندنی ڕیفۆرمی گونجاو بۆ سووککردنی قەرزەکان بڕەخسێنێ. بەم جۆرە، ئەم قەرزانە بوونە هۆی ئەوەی کە نەتوانین نەك تەنیا بەرژەوەندەکانی خۆمان، بەڵکوو سەربەخۆیی خۆشمان بپارێزینو، هەر ڕۆژەو لایەنێکی لەدەست بدەینو، ببینە هەراجکراوی بازاڕی سیاسەتی جیهانی.

چۆن دەتوانین، بەم هەموو گەندەڵییە ئیدارییەوە، قەرزەکانو سوودەکانیان بدەینەوە ؟ ئایا ئەمە شیاوە ؟ ئەم ڕەوتە، ئێمەو ئەم وەزعە ئابوورییەی ئێمە بەرەو بێ‌هێزی دەباتو، وامان لێ دەکات ملکەچی دەسەڵاتی ئەورووپییەکان ببینو، جارێکی تر چەقبەستنو نابووتیەکەی ساڵی ١٨٧٧مان لەلا زیندووبکاتەوە. حکوومەتەکانی ئەم سەردەمە، لە ژوورێکی بازرگانو بنەماڵەیەك دەچن، ئەگەر وەزعی ئابوورییان خراپو

نالەبار بێ، ئەوا بەرەو قەیران و چەقین و نابووتی دەچن و، وایان لێ دێت واز لە داخوازیەکانیان بهێنن و، ئەوانەشیان لەدەست دەربهێنرێ.

نەوەکا ئێمەش چارەنووسێکی وەهامان لەپێش بێ ! ئایا لەکاتی پارچەپارچەو دابەشکرانی ولاتەکەماندا، لەبەر قەرزکردن لە ئەوروپیەکان، عەقڵمان دێتەوە سەر خۆی و بەهۆش دێینەوە ؟ ئایا بۆ ئەوەی لە گەمە شوومەکانی ئەم کۆمەڵەیە دەرباز بین، دەبێ چاوەڕوانی دەرەنجامێکی وەها بین ؟

دووهەمین شتیش ئەوەیە، کە دورگەکانی دەریای سپی کەوتنە بەر دەستدرێژی ئیتاڵیەکان و، ئێستاش دەیانەوێ داگیریان بکەن.

بارودۆخی سیاسەتی دەرەوەمان، لە هی سیاسەتی ناوخۆمان زیاتر، خراپترو دڵتەزێنترەو، بە هیچ جۆرێك شایستەی ئەم پاشاگەردانییە نییە. خۆی ئەورووپاش، بە شێوەیەکی ئاشکرای بەرچاو، لەبەر بەرژەوەندە تایبەتەکانی خۆی، چاوپۆشی لە کردەوەو دەستدرێژیەکانی ئیتاڵیا دەکات. ئێمە تاق و تەنیا ماوینەتەوە. ئەمە خۆیلەخۆیدا گەورەترین و بەهێزترین بەڵگەیە بۆ شکست و نسکۆی سیاسەتمەدارانمان و، گەڕان بەدوای بەڵگەی ترشیدا جۆرە کەمتەرخەمی و کوێرایی‌داهاتنێکە. ئایا بۆ ڕزگاربوون لەم هەموو خراپییەی کە باسمان کرد، پێویستە بەشێکی خۆشەویستی ولاتەکەمان، وەك تەڕابلوس و دوورگەکانی دەریای سپی، لەژێر دەستی دوژمناندا ببینین ؟ لەم قۆناغە خەماویەدا، لە ئەنجامی ستەم و گوشاری کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقییەوە، ئیتر چاوەڕوانی بڕیاری خۆڕزگارکردنی گەلی بەناموسی عوسمانی و، تەنانەت دنیای

شارستانیش، لەم وەزعە دەكرا. ئەم ڕێگەیە زۆر سەختو دژوارەو ئازارو خەفەتی زۆری تێدایە، بەرەو نابووتیو تێكچوون دەچێ.

لەبەر ئەم كارەساتانەی كە بەسەرماندا هاتوون، دڵم پڕ خوێنە. من بەشبەحاڵی خۆم هەوڵی ڕوونكردنەوەی ئەم بارودۆخەو كێشەو گرفتەكانیم دا. ئەوە ویژدانم بوو كە بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەركە قورسو هیوابڕە هانی دام. بەڵام ئەوەش ڕاستییەكە كە هیوا مافی كەسانێكە دەیانەوێ بژین.

سەرباری هەموو ئەمانە، ئێمە وەك گەلی عوسمانی كەموكوڕییەكی گەورەمان هەیە، ئەویش ئەوەیە كە بەبێئەوەی تەماشای نەزانییە چەپەڵەكەمان بكەین، زۆر خۆمان بە گەورە دەزانینو، بەخۆنازینێكی لەڕادەبەدەرمان هەیە. كۆمەڵەی "ئیتیحادو تەرەقی"ش، هەر لەبەر ئەوەی كە بەهۆی ئەم غەڕاییو خۆبەزلدانانە نەزانانەوە دەستی چووبوە ناو خوێنو تاوان، دەرفەتی بەجێهێنانی كاری چاكی بۆ خۆی نەڕەخساند.

دوژمنی ئەوكاتەمان، یانی ئیتاڵیە هیچوپووچەكان، دەستیان بە شەڕ كرد لەدژی ئێمە. لەكاتێكدا ئەم ڕووداوە توندوتۆڵ پەیوەندیی بە ئایندەمانەوە هەبوو، بە كەمتەرخەمیەكەی جارانەوە مامەڵەمان لەگەڵیدا كردو، زۆر بایەخمان پێنەدا.

ئیتاڵیا، سەرەڕای هەموو هیچوپووچیو ترسنۆكییەكی خۆی، یەكێك لە گەورەترین دەوڵەتەكانی دنیای هەبوو. ئەگەر بەڕاستیو بێپەردە باسی خۆشمان بكەین، حكوومەتەكەی ئێمە، بەگوێرەی دنیای شارستانی، سەربەخۆییی تەواوی خۆی دۆڕاندووەو، لەناو ئاژاوەگێڕیدا بەرەو نەمانو نابووتی دەچێ ! كەچی ئێمە ئێستاش كە

www.zheen.org

ئێستایە، سەرەڕای هەموو ئەم شتانە، خۆمان زۆر گەورە دەبینین. تەنانەت لەبەر ئەوەی ئەوەندە شانوباڵی خۆماندا هەڵدەدەین، هیچ کەس نزیکمان نابێتەوە.

ئیتاڵیا تەنیا بە داگیرکردنی ڕۆدۆس (Rodos)ـەوە نەوەستاو، هەموو دوورگەکانی دەریای سپیی بە شێوەیەکی خیانەتکارانە خستە ژێر دەستی خۆی. کەچی حکوومەتە داماوەکەی ئێمە، هێشتا خەڵکەکەی خۆی فریو دەداتو دەیانخاتە خەو. مەحموود شەوکەت پاشای وەزیری جەنگ، بەر لەوەی ئیتاڵیەکان دوورگەکانی دەریای سپی داگیر بکەن، لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بە قیڕەقیڕەوە ڕایگەیاندبوو: ((تەگبیری پێویستمان بۆ پاراستنو بەرگریو شەڕ کردووەو، ئەگەر ئیتاڵیەکان بۆ ئامانج خراپی خۆیان دەستدرێژی بکەنە سەر خاکی دوورگەکان، ئەوا تووشی شکستێکی خراپیان دەکەین. بەڵام هەر دوای ئەم ڕاگەیاندنە، ئیتاڵیا دوورگەکانمانی داگیر کردو، هیچ خەبەرێکیش لەو هەراو هوریاو دەنگەدەنگەی بەر لە شەڕ نەبوو. سەرباری ئەوەی کە سەربەخۆیی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست دابوو، تەنیا شتێك کە دەبوو بە مایەی دڵدانەوەمان، سەرکەوتنە خەیاڵیەکانی خۆمان بوو.

ئایا نیشاندانی ئەم شکستانە بە سەرکەوتنو، داپۆشینو شاردنەوەی زەرەرو زیانی نەتەوەیی، گاڵتەپێکردن بە خەڵك ناگەیەنێ ؟ هەتا ئەم ئیدارە نەفرەتیە لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوام بێو، ئیدارەیەکی دادخوازو نیشتمانپەروەر نەیەتە سەر حوکم، ئەوا نەهامەتیەکانمان ڕوو لەزیادی دەکەنو، کارەساتو بەدبەختیی

گەورەتریش نزیکتر دەبێتەوە. وەك باسم کرد، ئەگەر حکوومەتێکی دادخوازو مافپەروەر بێتە سەر کارو، لەڕێی کاروباری پەیوەندیەکانی ئەو حکوومەتەوە، بتوانین پشتیوانیی هەردوو وڵاتی گەورەی ئینگلتەرەو فەڕانسە کە هەمووکاتێك پارێزگاریی مافەکانی دەوڵەتی عوسمانییان کردووە، دووبارە بەدەست بهێننەوە، ئەوا دەتوانین مافەکان و نامووس و شەرەف دەوڵەتی عوسمانی بپارێزین و، کۆتایی بەم شەڕە بهێنین. بەپێچەوانەوە، ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە دوابەدوای تەڕابلوسی ڕۆژئاواو دوورگەکانی دەریای سپی، ئەلبانیا و مەقدونیەشمان لەدەست دەردەچێ. ئێستا، لەبەر دوژمنانی ئازادیمان، بەناچاری باسی مەترسیی ئەم لەناوچوون و نابووتییە خەماوییە دەنووسم و، ئەمەش زۆر ئازارم دەدات. ئیتر لەوە زیاتر کە بڵێین خودای توانا لە شەڕی تەماعکاریی دوژمنە دەرەکیەکان بمانپارێزێ، هیچ شتێکی ترمان لەدەست نایە.

تائێستا لە هەموو بەرهەمەکانی خۆمدا (بەرهەمی نووسین)، چ ئەوانەی کە تورکین و چ ئەوانەش کە فەڕەنسین، لە هەموویاندا بەڕاشکاوی گوتوومە: ئەم هەموو هەڵانە ئەنجامی خیانەتی حکوومەتە ستەمکارەکەمانەو، ئەوەشم سەلماندووەو، بەردەوام هەوڵی ئەوەشم داوە خەڵك بە پاك و بێتاوان لەقەڵەم بدەم. بەڵام !

ئەگەر ئەم بێدەنگییە قووڵ و دەربڕدنە نەبڕاوەیەمان ببێ بەهۆی ئەوەی کە لەکۆتاییدا ئەورووپیەکان هیوایان بە ڕزگاربوونمان نەمێنێ، ئەوکاتە نابووتی و لەناوچوون !

دواین خیانەتەکان

ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێ، کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، تاجی حەوت سەد ساڵەی پاشایەتی‌ی عوسمانیی، لەڕێگەی ستەمو زۆرەوە، خستوەتە دەستی هەندێك کەسی بێ‌خێرو هەموو توانایی‌و هێزێکی ئەم وڵاتەی پێ تەفروتوونا کردووە. جێ‌ی باسە، ئەم ماوەیە نەهامەتی ڕووی کردە هەموو بنەماکانی ئەم وڵاتەو تێکی دان. لە ناوەوەو دەرەوە، دوابەدوای یەك، ڕووبەڕووی کارەسات‌و نەهامەتی بووینەوە. ئەم وەزعە گەیشتوەتە ئەو ئاستەی کە هەموو دنیا چاوی بڕیوەتە گۆشەیەکی ئەم وڵاتەو خۆی ئامادەی پەلاماردانی کردووە. ((خودا خۆی بەزەیی‌ی بێتەوەو، نیشانەکانی لەناوچوون‌و نابووتی لە هیچ جێگەیەك نەخاتە ڕوو)).

کاتی خۆی چەندەها جار باسی ئەم چارەنووسەم کردووەو، هەوڵیشم دابوو سەرنجی خەڵك ڕابکێشمە سەر ئایندەو ئامادەیان بکەم بۆ ئەم کارەساتانە. زۆر پێشتر لەوەی کە ئیتاڵیەکان بە جەردەیی‌و ڕێگریی خۆیان هەوڵی بەدیهاتنی ئەم ئامانجە خراپانەیان بدەن، بە زمانێکی توندی ڕەخنە پێشبینی‌و باسی قەومانی ئەم کارەساتەم کردبوو بۆ لایەنی بەرامبەری خۆم. بەڵام کێ بە کێیە، هەر کەسەو بەپێ‌ی بەرژەوەندەکانی خۆی خەریکی تۆمەتبارکردن‌و تاوان بوو و، کەس گوێ‌ی لەمە نەدەگرت.

بنكەی ژین
www.zheen.org

تاوانبارترین کەسانی ڕووداوی شەڕی عوسمانیو ئیتاڵیا، دوای ئەو هەموو بەدکاریو سووکایەتیەی خۆیان، دیسان وەك جاران نەیاندەتوانی بەبێ خراپەکاریو گەندەڵی ئیدارە بکەن. ئەمانە لەلایەکەوە جۆربەجۆر باسی ڕووداوی شەڕەکەیان دەکردو، دەیانویست ناوەڕۆکی ڕووداوی شەڕەکە بە فریودانی خەڵك بشارنەوە. لەلایەکی ترەوە تەنیا بەمەوە نەدەوەستانو لەنێو خەڵکدا بڵاویان دەکردەوە: گوایە من لەسەرەتاوە تائێستا شەڕی ئیتاڵیەکانم بەڕێوە بردووەو، فەرماندەیی گشتی سوپای ئیتاڵیا بەپێی ڕاسپاردەو زانیاریەکانی من جووڵاوەتەوە. پێویستە بڵێم: بە هیچ جۆرێك ئەم شتانەیان دوانەدەخستو، یەکسەر لەڕێگەی بەیاننامەو بڵاوکراوەی جیاوازەوە لە هەموولایەکی وڵاتدا بڵاویان دەکردەوە. ئەویڕاستیبێ، ئیتر تەنیا تاکەکەسێکیش نەماوە نەزانێ ئەم فریودانو هەڵخەڵەتاندنە چ جۆرە ناوەڕۆکێکی گەندەڵو گڵاویان هەیە. ئایا ئەو کەسە شەڕەنگێزو خراپەکارانەی کە دەوڵەتی ئیتاڵیایان بەسەر وڵاتی عوسمانیدا زاڵ کرد، هەر ئەوانە نین کە ئێستا ئیدارەی دەوڵەتیان لەدەستدایەو، کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی پشتیان دەگرێ ؟ ئایا هەر ئەمانە نەبوون تەرابلوسە بێچارەکەیان بێهێز هێشتەوەو، بەو جۆرە ویستو پاوانخوازیی ئیتاڵیەکانیان ورروژاند ؟ پرسیارێکی تر لێرەدا ئەوەیە: مرۆڤێك ڕەخنەی لەم هەموو شتانە گرتووەو، کاتی خۆی ئەمانەی خستۆتە بەردەم پرسیار، چۆن دەبێ ئێستا هاوبیریو هاوکاریی دوژمن بکات ؟

کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، لەباتی ئەوەی ئەم جۆرە تۆمەتە نابەجێیانە بخاتە پاڵ ئەمو ئەو، با حیساب لە کەسانی وەك "ماتیرە

سالەم"و "نەسیم ڕووسۆ"و "قەرەسوو"[٤٩] بپرسێتەوە کە گەورەترین زیانو زەرەریان لەم وڵاتە داو تووشی نەهامەتییان کردووە.

هەڵبەت، من دڵنیام ڕۆژێك حیسابی ئەم بوودەڵەییو هیچوپووچیەیان لێ دەپرسرێتەوە. ئایا ئەوکاتەش کەسانی خاینو بێتاوان ناخرێنە ڕوو ؟ لە سەددا سەد ! ڕۆژێك دێت دادی هەمیشەیی بکەوێتە مەیدانەوە. ڕۆڵە قارەمانەکانی وڵاتی عوسمانی لەلایەکەوە

---

[٤٩] ئیمانووەل قەرەسوو، لە سەلانیك لەدایك بووە. ساڵی ١٩٣٤ لە (تیرەستا)ی ئیتاڵیا کۆتایی بە ژیانی هاتووە. سیاسەتمەدارێکی یەهوودیی وڵاتی عوسمانی بووە. کاتێك لە سەلانیك پارێزەر بووە، بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی. پەیوەندیی لەنێوان ماسۆنەکانو کۆمەڵەدا بەرقەرار کردووەو، بۆ ئەوەی ئەوانە یارمەتیی ماددیی کۆمەڵە بدەن. دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووهەم، بوو بە ئەندامی (مەجلیسی مەبعووسان)و، لەنێو ئەو دەستەیەدا جێی خۆی کردەوە کە لەسەرکارلابرانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەمیان ڕاگەیاند. ساڵی ١٩١٢ دووبارە لە سەلانیكو ساڵی ١٩١٤ش لە ئەستەنبووڵ بوو بە نوێنەرو چووە پارلەمان.

لەکاتی یەکەم شەڕی جیهانیدا، کاری لێپرسینەوەی خۆراكو خواردمەنیی گشتیی ڕادەپەڕاند. دەڵێن: لەکاتی بەڕێوەبردنی ئەم کارەدا، گەندەڵییەکی زۆری کردووەو پارەیەکی زیادی کۆکردوەتەوە. دوای شەڕی مۆندرۆسو، پاش ئەوەی وەك تاوانبارانی جەنگ بەدوای لێپرسراوانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرقیدا دەگەڕان (١٩١٨)، ئەویش بەدزییەوە ڕای کردە ئیتاڵیا. قەرەسوو، سەرکردەیەکی یەهوودیەکانی زایۆنیزم بوو لە تورکیاو، هەوڵێکی زۆری دا بۆ جیگیرکردنی یەهوودیەکان لە فەلەستین.

لە سەرووی هەموویانەوە، تەلعەت بەگو ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی ئەندامی ئەو ماسۆنیەتە بوون کە قەرەسوو مامۆستاییی دەکرد. "مایترە سەلام"یش یەکێکە لەو کەسانە کە نەخشێکی بەرچاوی لە کاریگەربوونی زایۆنیزم لە تورکیادا هەبووەو، سەرۆکی بانکی نەتەوەییی عوسمانیش بووە.

دەرسـێکی جوامێرانـەی ئیتاڵیـەکان دابـدەن و، لەلایـەکی تریـشەوە خاینـان و ئیتاڵییـە ناوخۆییـەکانیش لـەنێو ئـاگری کینـە و نـەفرەتی خۆیاندا بسووتێنن. دەرنگ و زوو کەوتووە، بەڵام لەکۆتاییدا هەر کەسە هۆشیارو بەئاگا دەبێتەوە.

ئـەم هەڵبژاردنانـەی دوایـی کـە وەك بـەزۆرەملا خۆدانـان بـوون، تـا چـەندە دەرفـەتی دابێتـە کۆمەڵـەی گەنـدەڵی ئیتیحـادو تـەرەقی، بـەو ئەندازەیەش سەرکەوتنێکی خراپی پێبەخشین. سەرکەوتنی ئەمانە، لە بـاری نـابووتی و لەناوچـوونی گـشتیمانەوە، ئـەنجامی خراپـی لـێ دەکەوێتەوە. ئەو تاوانانەی کە لەم دوایی هەڵبژاردنانەدا کران، بوون بـەهۆی بەرزبوونـەوەی دەنگـی نـاڕەزایی لـەناو خەڵکـداو پـڕ گرێ وگۆڵتربوونی بارودۆخەکە، کە ڕێی تێدەچێ بە ڕاپەڕین بتەقێتەوە. جا کە وابوو، وای بە حاڵی ئەو نوێنەرانەی ئەنجومەن ! ((کە بەزۆر دیاریکراون)) و، ئەو حکوومەتەی کە دێتە سەر کار ! ئێمە ئەوکاتە، لە هەموو کاتێکی تر زیاتر، پێویستیمان بە حکوومەتێکی شەرەفمەندو ئـازادیخوازو لەسـەرخۆ هـەبوو. بـەڵام مخـابن ! ئـەم گرووپـە پیـسە پاوانخوازە ئەم ئارەزوەشی بە جوانەمەرگی بۆ خستینە ناو گۆڕو وڵاتی عوسمانیشی گیرۆدەی لێقەوماوی و بێچارەییەکی سەیر کرد. یەکەم هەڵبژاردنیش، هەرچەند بە ئەندازەی ئەمەی ئێستا نەبووبێ، دیسان هـەر فێڵیـان کـرد. ئـەوەبوو دوایـی ئەنجامەکـەشمان بـە چـاوی خۆمـان بینی. دەتوانرێ چ کارێك بەو ئەنجومەنە بکرێ کە ڕەنگی خەڵکی پێوە نییـەو پـڕ بـووە لـە فەرمانبـەری وەزیفـەدار ؟ ئێمـە بڕوامـان وایـە، کـە داهاتوویەکی نزیك ئەمەمان بۆ ساغ دەکاتەوە.

لەبەردەم ویژداندا

سەرەتا باسی ئەوە دەکەم کە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بە سەرشێتییەکی سەرسوڕهێنەوە دەوڵەتی عوسمانیی پەرێشان کردووە. من بە شێوەیەکی نەترسانەو بە بارێکی ڕۆحیی پڕ لە خەفەتەوە بەرامبەر بە هەموو ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو، باسی ئەوەشم کردووە کە بەژەوەندە نەتەوەییەکانمان لە مەترسیی کەوتنە ناو هەڵدێرێکی خراپدان. لەڕاستیدا، ئەو هەموو کارەساتانە، بە خراپییەکانی خۆیانەوە، قەومان. کارەساتە دڵتەزێنە مایەی شەرمەزارییەکانی کوژرانی حەسەن فەهمیو ئەحمەد سەمیمو زەکی بەگ[50] بەرودوا هاتنە ئاراوە. زەکی بەگ کە پیاویکی ئازادو بەجەرگ بوو، بوو بە

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[50] زەکی بەگ، ساڵی لەدایکبوونی نازانرێ، بەڵام ساڵی ١٩١١ لە ئەستەنبووڵ کۆچی دوایی‌ی کردووە. یەکێك بووە لە ڕۆژنامەنووسانی قۆناغی مەشرووتییەتی دووهەم. بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەی "میزان"ی "مورادی میزانجی"دا دەستی بە کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە. لە ڕۆژنامەی "دنیای عموومییە"شدا، ئەرکی جۆراجۆری وەرگرتووە.

لە قوتابخانەی مەرجانو کولێژی زانستی ئیدارەی سیاسیدا وانەی زمانی فەڕەنسیی دەگوتەوە. دوای ڕووداوەکانی ٣١ی مارت، دەستگیرکراو، پاش ئەوەی دادگای دیوانی جەنگ موحاکەمەی کر، بە بێتاوان لەقەڵەم درا. بەڵام دواتر لەبەر ئەوەی بابەتی لەدژی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی دەنووسی، لە (باقر کۆی) تیرۆر کراو گیانی دەرچوو.

نیشانەی گوللەکانی دڕندەیەك، یا بە شێوەیەکی تر، بوو بە مەرامی کینەو تووڕەیی‌ی کۆمەڵەی دڕندەی ئیتیحادو تەرەقی. بە دەرنەکەوتنی چارەنووسی (تەڕابلوس)ی ڕۆژئاواش ئەوە کەوتە ڕوو کە ئەم هەموو خراپەکاریە بێکۆتاییانە، چییان بەسەر ئەم وڵاتە ویران‌و نەتەوە لێقەوماوەدا هێناوە.

ئێمە کاتی خۆی باسی هەموو ئەمانەمان کردبوو. بەڵام، ڕاستیەکەی، بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕاستی نەبینێ‌و نەزانێ دادوماف کامەیە، پێویستە وەك دوژمنە ناسراوەکانمان، لە باری بوون‌و بیرەوە، داماوو بێچارەو چاوبرسی‌و سووك بێ.

نەخوازەڵڵا ! ئەگەر ئەم بارودۆخە تا سێ مانگی تر هەروا بەردەوام بێ، ئەوکاتە جێگایەك لەنێو ئەورووپیەکاندا نامێنێتەوە بۆ ژیانی عوسمانیەکان. ئەگەر لە هەموو ژیانی تایبەت‌و گشتی‌ی خۆماندا، لەو بێچارەیی‌و داماوی‌و پرتەوبۆڵەیە ڕزگارمان نەبێ‌و، چارەنووسی خۆمان بنێینە ناو چنگی هەندێك کەسی هەرچی‌وپەرچییەوەو چاوەڕێ بین، ئەوا ئێمەو وڵاتی بێچارەی عوسمانی هیچ ئومێدێکی ڕزگاربوونمان لێ ناکرێ. ئایا چاوەڕێکردنی پاراستنمان لەلایەن ئەم حکوومەتە ستەمکارەوە، خۆی‌لەخۆیدا گێلی‌و گەمژەیی نییە ؟ ئەم زوڵم‌و زۆرداری‌و هەژارییەی کە باڵی بەسەر وڵاتەکەماندا کێشاوە، تەنیا لەو حکوومەتانەدا بەرچاو دەکەوێ کە بەرەو تێکچوون‌و نابووتی دەچن.

پڕ ئازارترین‌و تاڵترین شت کە لەپێناوی ئارەزووی نیشتمانپەروەرانەو خەباتمدا بۆ ڕزگاری‌ی نیشتمان‌و هاووڵاتیانم بەدەست کۆمەڵەی شاراوەو ستەمکاری ئیتیحادو تەرەقی‌یەوە تووشم

هاتووه، ئەوەیە کە هەندێك کەسی بێڕەوشت، بەناوی هاوڕێیەتییەوە، لەگەڵمدا هاتوونەتە مەیدانی ئەم کارانەو، ویستوویانە خیانەتم لێ بکەنو، لەپشتەوە خەنجەرم لێ بدەن. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە، بەرامبەر بە زۆرداریو پەلامارو زەبروزەنگی نەیارانم کە ڕۆژبەڕۆژ ڕووی لەزیادبوون دەکرد، تەنیا ساتێکیش تووشی بێ هیواییو سستیو چۆکدادان نەبوومو، نابم. بەڵام لەناو ئەمانەدا، ڕاست لەبەر ئەوەی کۆنەدۆستێکم کە ماوەی پانزە شانزە ساڵ زیاترە پێکەوە دۆستین، پشتی تێکردمو، لەبەر بەرژەوەندی خۆی، سەری بۆ کۆمەڵەی ئیتیحادی تەرەقی دانەواند. هەرچەندە تووشی بێهیوایی نەبووم، بەڵام دوچاری خەفەتێکی زۆری کردمو سەرم سوڕ ما.

ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەبوو کە ئەم دۆستە بە کەسێکی خراپو هیچوپووچو لە باری ویژدانو عەقڵەوە بێچارە دەرچووبوو. ئایا لەبنەڕەتدا چاوەڕێکردنی پاکیو ڕاستگۆیی لە منداڵێکی نانکوێر کە درێغی دەکاتو کەمێك چاکە دەرهەق بە باوکیشی لێ ناوەشێتەوە، شتێکی زۆر نییە ؟ کاتی خۆی ئەم کوڕە لە ئەوروپا بوو، باوکی هەر مانگێك بە سەدان لیرەی بۆ دەنارد. بەڵام کاتێك باوکی پەکی کەوتو لێی قەوما، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ باوکیدا پچڕاندو، هەڵوێستێکی وەهای نواند کە بەڕاستی مرۆڤ نازانێ چۆنو بە چ شێوەیەك هەڵیسەنگێنێ. ئەو کەسانەی من بەوە تاوانبار دەکەن کە دەمەوێ ناوی خۆم دەربخەمو پلەوپایەپەرستم، تەنیا بۆ ئەوەی پاکانەی هەموو تاوانو کردەوە پیسەکانی خۆیان بکەن، ئاوا تۆمەت دەخەنە پاڵ من. منیش لە هەموو هەلێکدا باسی ئەوەم کردووە کە

ئەگـەر ئـەم وڵاتو نەتەوەیـە بـە نموونـەی هـەرە بـەرزی خـۆی، واتـە مەشـرووتییەت، گەیـشت، ئەوکاتـە مـن داوای هـیچ شـتێك ناکـەمو چاوەڕوانیش نابم.

لەکاتێکـدا زۆربـەی گـەلی عوسمـانی بـە شـێوەیەك، کـە گەیـشتبوە ئاستی پەرستن، لایەنگریی لە کۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقی دەکرد، من بە هەموو لەخۆبردوویی و هەستی نیشتمانپەروەرانەی خۆمەو، لەڕوویدا ڕاوەسـتامو دەسـتم بـە شـەڕ کـرد. هەرچـەندە تـەنیا بـوومو بەتـەنیایی دەستم بـە خـەبات کردبوو، کەچـی هـیچ کاتێك هیوام بە داهـاتوو کـەم نەبوەوە. هەروەها لەوە دڵنیابووم کە گەلی عوسمانی تایبەتمەندییـەکی شـاراوەی هەیـەو هـەمووکاتێك ئامـادەی گۆڕانکـاریو پێـشکەوتنێکی چـاکە. بۆیـە ئەگـەر ڕۆشـنگەری لـە ئاسـتی تێگەیـشتی گـشتیدا بێتـە گۆڕێ، ئەوا وردەوردە ویژدانی تاکەکانیش ڕوون دەبێتـەوە. زۆر شـوکر کە ئەم ئارەزوە پیرۆزەی خۆمم بەدیهێنا. ئـەمڕۆش سـەرەڕای هـەموو درۆو دەلەسەیەك، زۆربەی خەڵك لایەنگری لە مافو دادو ئێمە دەکات.

پێویـسـتە ئـــەو کەسـانەی کــە تائێــستا هەمووشــتێکیان بــۆ هەڵدەبەسـتینو تۆمـەتیان دەخستە پاڵمـان، لـەم بڕیـارەی ڕای گـشتی شەمەزار بن کە دەرهەق بە ئێمەو بە قازانجی داویەتی.

کەسـانێکی زۆر هـەبوون بـە چـاوێکی خراپـەوە دەیانڕوانییـە ئـەم خەباتەی ئێمەو، سەرزەنشتیان دەکردینو، تەنانەت ئاستەنگیشیان بۆ دروست دەکرین. بەڵام بە هیچ جۆرێك نەیانتوانی کارێکی خراپ بکەنە سـەر ئـەم خەباتـە نیشتمانیەمان. هـەموو هـەوڵو تێکۆشـانێکی من، بۆ ئەوەیە کە هاتنە سەرکارو دەسەڵاتی ئیدارەیەکی یاسایی ببینم. تـەنیا

ئەمە دەتوانێ من لەم خەباتە پەشێمان بکاتەوە. ئەوکاتەی ستەمکاران‌و پاوانخوازان واز لە یاریکردن بە چارەنووسی نەتەوەییمان بهێنن، ئەوسا ئەم هەموو خەبات‌و هەراوهوریایەش نامێنن‌و، بە ئاسایش‌و ئارامی جێی خۆیان دەگۆڕنەوە. من کارم بە تاکە کەسەکانەوە نییە، بەڵکوو خەریکم قەرزی خۆم دەدەمەوە بە نیشتمان‌و ئەو خاکە کە لێی پەیدا بووم. تەنیا پاداشتی منیش ئەوەیە کە دوای ژیانێکی پڕ لە خزمەت، هەر لەو خاکەدا بمنێژن.

بەر لەوەی کۆتایی بەم باسە بهێنم، بە پێویستی دەزانم لەبەردەم ڕۆحی شەهیدانی ڕێگەی ئازادی نیشتماندا، سەری ڕێزو حورمەت دانەوێنم‌و، یادی شەهیدانی زیرەك‌و لێهاتوو حەسەن فەهمی‌و سەمیم‌و زەکی بەگ بکەمەوە.

لەکۆتاییدا، دەمەوێ بە هاوولاتیانم بڵێم: ((هاوولاتی، ئەگەر پێویست بکات لەپێناوی نیشتمان‌و مەشرووتییەتدا بمرە. ئەوکاتە مێژوو بە ڕێزو حورمەتەوە یادت دەکاتەوە. تەنیا بۆ ساتێکیش دوور مەکەوە لە دادو ڕاستی، بەپێچەوانەوە، زیان بە ولاتەکەت دەگەیەنی. تەڕابلوسی بەدبەخت‌و بێچارە، نموونەیەکی تاڵ‌و بەئازار ئەمەیە.

تشرینی یەکەمی ١٩١١

شەریف

پرۆگرامی
پارتی ڕیفۆرمی بنچینەیی عوسمانی

١. حکوومەتی عوسمانی، حکوومەتێکی مەشرووتەیە، کاروباری خۆی، بە چاودێریی هێزێکی هاوبەشی یاسادانانی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵك‌و ئەنجومەنی پیاوماقوولان (سناتۆ) بەڕێوە دەبات.

٢. هەموو خەڵکی عوسمانی، لە هەر پێکهاتەو ڕەگەزو ئاینێك دەبن با بن، تێکڕا ئازادانە لەدایك دەبن‌و، ئازادانەش دەژین. هەروەها هەموویان خاوەنی ماف‌و ئەرکی یەکسانن.

٣. زمانی ڕەسمیی حکوومەتی عوسمانی، تورکییەو، دینەکەشی، ئیسلامە. بەڵام لەگەڵ ئەمەدا پێڕەوانی دینەکانی تریش دەتوانن بەپێی یاسای تایبەت بە دینەکانی تر مافیان هەبێ‌و بوونی خۆیان بپارێزن.

٤. هەموو مافەکانی پاشایەتی، بەپێی یاسای بنچینەیی، ئاشکراو جێبەجێ دەکرێن.

٥. ئەگەر فێڵ‌و ساختەکاری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل‌و ئەنجومەنی پیاوماقووڵاندا کران، بڕیاری هەڵوەشانەوەیان دەدرێ‌و، بەپێی بنەماکانی ئازادیی بیرو بۆچوون‌و ویژدان، هەڵبژاردنی تر دەکرێتەوە.

٦. دووبارە ڕێخکستنەوەی یاساکانی هەڵبژاردن، بەپێی نیازە بنەڕەتەکانی وڵات. ئەنجومەنی پیاوماقووڵان، هەر نۆ ساڵ جارێك،

هەڵبـژاردنی خـۆی تـازە دەکاتـەوەو، نیـوەی ئەمانـە پادشـاو نیوەکـەی تریش خەڵك هەڵیدەبژێرێ. جێی باسە، ئەم ئەنجومەنە بە چاودێریی دەستەی وەزیران کاردەکات. بۆچوونی گرووپەکەی ئێمە، سەبارەت بە هەڵبژاردن، ئەوەیە کە ڕای گشتی بە بنچینە وەربگیرێ.

٧. گۆڕانکـاری لـە یاسـای بنـچینەیـیی ولاّتـدا، بـەپێی یاسـاکانی کۆمەڵگەی شارستانیو سەردەمو، گۆڕانی یاساکانی دادیش، بەپێی نیازەکانی نەتەوەکەمانە.

٨. خـەڵك سەرچـاوەی دەسـەلاّتە. هـەر لەبـەر ئـەوە، هـیچ کـەسو گـرووپو لایـەنێك ناتوانـێ بـەبێ ڕەزامەنـدیی خـەڵك هێـزو دەسـەلاّت بخاتە دەستی خۆی.

٩. خـەڵك، مـاڤی ئـەوەیان هەیـە لـە چۆنیەتی کاروبـاری بـەڕێوەبردنی هەر وەزیفەدارێك بکۆڵێتەوەو، لێی بپێچێتەوە.

١٠. هـیچ گـرووپو کۆمەڵـەو لایـەنێك، لـە دەرەوەی ئـەو سـنوورانەی کـە یاسای بنچینەیی دایناون، بۆی نییە دەست لە کاروباری حکوومی وەربدات.

١١. هەمووکەسێکی ولاّتی عوسمانی، بەمەرجی زیان نەگەیاندن بە ماڤی کەسـانی تـر، لـە کردنـی هـەموو کارێـك ئـازادەو، تـەنیا یاسـاش دەتوانـێ سـنووری ئـەم مافانـە دیـاری بکـات. سـەرەکیترین مافـە سـەرەتاییو سروشـتیەکانی مـرۆڤیش ئەمانـەن: ئـازادی، مـاڤی خاوەنـدارێتی، ئاسایـشیماڵو گیان، ماڤی ناودەرکردنو دژایەتیکردنی زوڵمو ستەمکاری.

١٢. ئـازادیی بـیرو بۆچـوونو خوێندنـەوە، یەکێکـە لـە بایەخـدارترین مافەکانی مرۆڤ. بۆیە هـەر کەسێکی ولاّتـی عوسمـانی، بە مـەرجێك پێوانـەی دیـاریکراوی یاسـایی تێنەپـەڕێنێ، مـاڤی ئـەوەی هەیـە ئازادانـە بنووسـێو

بلَیْو شت چاپ بکات. لەبەر ئەمە، پێویستە یاساکانی ئازادیی ویژدان، ئازادیی کۆبوونەوە، ئازادیی قەڵەمو یاساکانی ڕاگەیاندن، بەپێی یاسای وڵاتە پێشکەوتوەکان، بگۆڕدرێنو ناعەدالەتیەکانیان نەهێڵرێ.

١٣. پاکانەکردنو موحاکەمەکردنەوەی ئەو کەسانەی کە بەپێی یاساکانی داد موحاکەمە نەکراون، یا بە خوتوخۆڕاییو بۆ خۆشیی هەندێك لایەن تاوانبار کراون.

١٤. دەرکردنی یاسایەك بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی گەندەڵیو بەکارهێنانی چەواشەکارانەی دەسەڵاتو دیاریکردنی ئەوەی کە ئیدارەی دادگای باری شارستانی دەتوانێ لەوبارەیەوە ئاگاداری بۆ گومانلێکراوان بنێرێ.

١٥. قەدەغەکردنی هەرجۆرە ئەشکەنجەیەکی دڕندانەو، دەستدرێژیکردنە سەر شوێنی نیشتەجێبوونی تاکە کەسەکانو، گوێگرتن لە پەیوەندیەکانیان (پەیوەندیی تایبەت).

١٦. ناتوانرێ هیچ کەسێك، بەدەر لەو چوارچێوەیەی کە یاسا دایناوە، بەپێی هیچ بنەمایەکی تر، دەستگیرو تاوانبار یا زیندانی بکرێ. ئەو کەسانەی کە فەرمانی نابەجێو بێبنچینە دەدەنو جێبەجێی دەکەن، گەورەترین جۆری سزا وەردەگرن. بەڵام ئەو کەسانەی کە بەپێی یاسا بانگ دەکرێن، یا بڕیاری دەستگیرکردنیان دەردەچێو سەرپێچیی لێ دەکەن، بە تاوانبار لەقەڵەم دەدرێن.

١٧. بەبێئەوەی تاوانی ئەنجامدراو دیاری بکرێو گومانلێکراو بەپێی یاسا دەستگیر بکرێ، هیچ کەسێك سزا نادرێ. هەروەها تا ئەوکاتەی یاسا کەسێك بە تاوانبار دادەنێ، هەموو کەسێك بێتاوانە.

١٨. یاسـا، تـەنیا ئـەو کردەوانـە قەدەغـە دەکـات کـە زیانیـان بـۆ کۆمەڵـگەی مرۆڤایـەتی هەیـە. وەك چۆن کردنـی کـاری قەدەغەنـەکراو، یاسا ڕەتی ناکاتـەوە، بە هـەمان شێوە، هیچ کەسێکی ناچاری کردنی کارێك نییە کە یاسا ڕێی پێنەداوە.

١٩. یاسـا، ویسـتو داوای گـشتی دەردەبـڕێ. هـەر تـاکێکی وڵاتـی عوسمانی، ڕاستەوخۆ یا لەڕێی نوێنەرەکانیانەوە، ماڤی بەشداریکردنی لە نووسینی ئەو دەستوورو یاسایانەدا هەیە. هەموو یاسایەك، چ ئەوانەی بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی دانراونو، چ ئەوانەش کە بۆ سزادان دانراون، پێویستە لەلای هەموان ڕوونو ئاشکرا بن.

٢٠. هـیچ کەسـێك، بـە مـەرجێك ئاسایـشی گـشتی کـە یاسـا دیـاریی کـردووە، تێـك نـەدات، لەسـەر بـیرو بۆچـوونەکانی بـەرپرس نابـێو سـزا نادرێ.

٢١. بــوونی گرووپــی ســیاســی جۆراوجــۆر، لــە حکوومەتــە مەشرووتیەکاندا، شتێکی پێویستە. لەبەر ئـەوە، هـەر کەسـێکی وڵاتـی عوسمـانی مـاڤ پێکـەوەنانو دروسـتکردنی گرووپـی سیاسـیی هەیـە، بــەڵام پێویــستە پرۆگــرامو پێــڕەوی نــاوخۆی خــۆی پێــشکەش بــە لێپرسراوانی دیاریکراو بکات.

٢٢. لەبـەر ئـەوەی ئـەم سـەردەمە (سـەردەمی ئـابووری) سیاسـەتی یەکلایەنەی هاوبەشمان هەیە، تا پـەیمان ببەسـتینو بـەرە پێـك بهێنین. بۆچـوونی گرووپەکـەی ئێمـەش لـەم بارەیـەوە، ئەوەیـە کـە بازنەیـەکی پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ فەڕنساو ئینگلتەرەدا دروست بکرێ.

٢٣. بەگشتی، هەموو پەیمانە ناونەتەوەییەکان پەسند دەکرێن.

٢٤. بۆ ئەوەی یاسایەکی گونجاو بۆ وەرگرتنی باج بێتە ئاراوە، پێویستە وەزارەتی دارایی یاساکانی دارایی ئەورووپا ڕەچاو بکات.

٢٥. هەر تاکێکی وڵاتی عوسمانی، پێویستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەڕێی نوێنەرەکانیەوە، ئاگای لە چەندایەتی و چۆنایەتی ئەرکە گشتیەکان بێ.

٢٦. پێویستە هەموو ڕێکخراوێکی شاراوە، بە هەر ناوێکەوەو لەڕێگەی هەر کەسێکەوە بێ با ببێ، قەدەغە بکرێ. یاسا ڕێ بە کۆکردنەوەی هەرجۆرە یارمەتییەکی گشتی کە حکوومەت ئاگای لێ نەبێ، نەدات.

٢٧.لەبەر ئەوەی پارێزگاریی ماڵ و موڵك بەرامبەر بە هەر جۆرە دەستدرێژییەك، یەکێکە لە مافەکانی مرۆڤ، هیچ کەسێك، بەبێ هۆیەکی یاسایی، لەم مافە بێبەش ناکرێ.

٢٨. لە جێگەیەکدا کە مافە سروشتی و شارستانیەکان دیاریکراو نەبن و نەپارێزرێن، مەشرووتییەت بێمانایە.

٢٩. لابردنی پلەی ئیداری و گۆڕینی وەزیفەی سەدری ئەعزەم بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، لەڕێی سیستەم و یاسایەکی تایبەتەوە دەبن.

٣٠. پێویستە ئەندازەی باجی موڵك و زەوی و دوکانی کری و شوێنی کار، بەپێی نەریتی دەست نیشانکردنی سنوورەکانی لەلایەن دەوڵەتەوە (گادسترۆ)، دیاری بکرێن.

٣١. بۆ ئەوەی کاروباری دائیرەی ڕەگەزنامە تێکەڵ و پێکەڵ نەبێ، پێویستە هەر تاکە کەسێك بەناوی بنەماڵەیەکەوە بناسرێ و، وەهاش تۆمار بکرێ.

٣٢. ســـەرلەنوێ ڕاپەڕاندنـــەوەی ئـــەو کاروبـــارە عەســـکەریو ئیداریانەی کە بەپێی ئارەزوو و لەسەرخۆ کراون.

٣٣. قەدەغـەکردنی دەسـت تێـوەردانی سـەربازو سـوپا لـە کاروبـاری ساسیداو، ڕێگـرتن لـەوەی کـە یـەك کـەس هاوکـات دوو ئـەرکی سیاسـیو عەسکەریی هەبێ. سەرباز یا ئەندامێکی سوپا، بەبێئەوەی خانەنشین بێ، یـا واز لـە کاروبارەکـەی بهێنـێ، پێویـستە نـەهێڵرێ جـێ لـەناو کاروبـاری لێپرسراوێتیو ئیداریی هەرێمیو سیاسیدا بگرێو، دابمەزرێ.

٣٤. ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە کاروباری پـەروەردەو کولتـوورو شـێوەی وانەگوتنـەوەدا، بـەپێی ئـەو یاسـاو ڕێـسایانەی کـە نەتـەوەکانی تـر پەسـندیان دەکـەن. پێویـستە هـەموو یـەکێکی عوسمـانی خوێنـدنی سـەرەتایی تـەواو بکـات. دەبـێ دەرسـە ڕەسمیـەکانی پۆلـەکانی سـەرەتاییو کۆتـاییو خوێنـدنی بـەرز، بـەپێی بەرنامەیـەکی بـاش بگۆڕدرێن. سەبارەت بە قوتابخانەی ناموسڵمانانیش، پێویستە بەپێی دابو نەریتی باو لەکۆنەوە هەڵسوکەوت بکرێ. بەڵام لەهەمان کاتدا، دەبێ بەرنامـەکانی ئـەو قوتابخانانـە بـە لێپرسـراوی تایبـەتی ئـەو بەشـە ڕابگەیەنرێن.

٣٥. دامەزراندنی دەزگای هـەرەوەزی بۆ یارمەتیدانی بێستانەوانو کرێکاو ڕەنجدەران، بۆ ئەوەی بتوانن کەڵك لە سەرچاوە سروشتیەکانی وڵاتەکەمان وەربگرن.

٣٦. لەبـەر ئـەوەی تـەنیا شـتێك کـە ئـەمڕۆ ئێمـە بازرگـانیی پێـوە دەکـەین، بەرهـــەکانی کـــشتوکاڵە، ســـەرەتا پێویـــستە ڕێگـــەکانی بەرهـەمهێنان سـەرلەنوێ ڕێـك بخرێنـەوە. هـەروەها پێویـستە هێڵـی

شـەمەنەفەر، بـەپێی هەلومـەرج و توانـایی، دروسـت بکـرێ و، هـەوڵی دامەزراندنی کۆمپانیای کەشتیی عوسمانی بدرێ. واتە لەبەر ئەوەی ئامرازەکانی گواستنەوەو هێنان‌وبردن بەسوودن، نەك هەر بۆ کاروباری کشتوکاڵی، بـەڵکوو بـۆ کاروبـاری عەسـکەریش، دەبـێ لـەم بارەیـەوە درێغی نەکەین لە هەرجۆرە فیداکاری‌و لەخۆبوردنێك.

٣٧. پێویستە زۆربەی کاروبارەکان بە قازانجی جووتیارو وەرزێران بشکێنەوە. بەڵام دەبێ بەرژەوەندو بەشی خەزێنەی گشتیش لەبەرچاو بگیرێ.

٣٨. دابەشـکردنی زەویی بەکارنـەهێنراوو زەویـەکانی دەوڵـەت، بەسەر هەژاران‌و ئاوارەو کۆچەراندا.

٣٩. بەستنی پەیمانێك بۆ ئەوەی خەتی بازرگانیی نێوان عیراق‌و ئەدەنـەو ئـزمیرو قۆنیـە بـۆ زیـادبوونی داهـاتی حکوومـەت ئـاوا بکرێتەوەو، بانکی کشتوکاڵیش لەم بارەیەوە دەستەبەر بێ.

٤٠. بـۆ ئـەوەی یاسـای بـاج وەرگـرتن باشـتر بکـرێ، پێویـستە گونجاوترین‌و ماقووڵترین یاساکانی دنیا ڕەچاو بکرێن.

٤١. بۆ ئەوەی دارستانەکانی نـاخۆو دەوروبـەری وڵات بپـارێزرێن، پێویستە دائیرەی داهات ئەرکی پاراستینان بخاتە ئەستۆو، کاروباری بڕینی دارەکانیش بەپێی بەرنامەیەکی گونجاو بەڕێوە بچێ. هـەروەها دەبـێ کـەڵك‌وەرگـرتن لـە کـانزای دۆزراوەو بەکارنـەهاتووی وڵاتـی عوسمـانی، بدرێتـە ئـەو کەسـانە کـە باشـترین‌و زیـاترین سـوود بـە حکوومـەت‌و خـەڵکی ئـەو شـوێنە دەگەیـەنن. لەلایـەکی تـرەوە، دەبـێ بەرنامەو پێڕەوی کانزاکان بەپێی یاسای ئابووری بگۆڕدرێ.

٤٢. پێشخستنی بیمە بۆ کارەسات و ڕووداوەکان و، بەهۆی ئەو یاسایانەوە کە پشتیگری لە کرێکاران و ڕەنجدەران دەکات بەرامبەر بە سەرمایەداران و خاوەنی کاران و، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سندووقی هاوکاریی دوولایەنە.

٤٣. بۆ ئەوەی کەمیی بودجە نەیەتە پێشەوە، پێویستە سەرچاوەی داهات و دارایی لە هەر جۆرە بەکارهێنانێکی خراپ و مامەڵەی ناشایستە دووربێ و، دەبێ بۆ ئەم مەبەستە خەرجیەکانی حکوومەت و دارایی بەشەکانی جێبەجێکردن، بە شێوەیەکی بەردەوام کۆنترۆڵ و چاودێری بکرێن.

٤٤. بەکارهێنانەوە و خستنەوە خزمەتی ئەو کەسە شەرەفمەند و چاکانەی کە لەکاتی ئیدارە نەزانەکەی ئیتیحاد و تەرەقیدا، لە کاری بەڕێوەبردن دوورخراونەتەوە. هەروەها ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەم جۆرە کەسانە، تا لە وڵاتە ئەورووپیە بێلایەن و دۆستەکاندا خزمەتی حکوومەتی عوسمانی بکەن و بەپێی یاساکانی عوسمانی بجووڵێنەوە.

٤٥. چاککردنی یاساکان بەپێی یاسا و ڕێساکانی شەرع و بە شێوەیەك دەبێ کە ئاستەنگ لەبەردەم ئازادیی ڕەفتار و پەیوەندیەکاندا دروست نەکات.

٤٦. سزادانی سەبەبکاری ئەو یاخیبوونانەی کە تائێستا لە وڵاتدا ڕوویان داوە.

پاشکۆ

بەرنامەی سیاسیی
دەستەی ڕێفورمی بنچینەییی عوسمانی[٥١]

پێشەکی

لەوکاتەوەی بوونی سیاسیی خۆمان ڕاگەیاندووە، تەنیا دەنگێکمان لە سەدەکانی ڕابردوو بیستووەو پێگەیشتووە" هەروەها تەنیا بەرەو یەك ئامانجی لەچارەنووسراوو پڕ لە بەختیاری، هەنگاومان هەڵگرتووە، چونکە ئەوکاتانە فرەدەنگیی و هەمەجۆری لەنێو ئامرازەکانی بەزمو ئاهەنگی ئێمەدا لەئارادا نەبوو. لەو ڕێگایەدا کە گرتبوومانە بەر، تەنیا دەستێك سەرۆکایەتیی دەکردین و چرای ڕووناکیی بۆ هەڵدەگرتین. ئەو قۆناغانەش کە دەمانبڕین، تەنیا بە ئەندازەی داوێنپاکیی ئەو دەنگو دەستە دەیتوانی بگاتە سەرکەوتن.

---

[٥١] ئەم بەڵگەیە کەمێك جیاوازیی لەگەڵ بەو بەرنامەیدا هەیە کە شەریف پاشا لە کۆتاییی کتێبەکەیدا هێناویەتیەوە. بەو جۆرە ئامادە کراوەو کراوەتە پاشکۆ، کە تارق زەفەر تونایا لە زمانی دکتۆر ڕەزا نووریی‌یەوە لێی دەدوێ (ڕێکخراوی شاراوە، دەر سەعادەت، چاپخانەی سەعادەت، ١٣٣٠، ل٤٤٥-٤٤٠)و، کەڵکی لە (پارتە سیاسیەکان لە تورکیا- بڵاوکردنەوەی وەقفی حوڕڕییەت، ئەستەنبووڵ، ١٩٨٤، ل٢٢٩-٢٢٦) بۆ وەرگیراوە.

مخابن ! کە ئەو دەستە هەڵگری ڕاستی نەبوو و، نەیتوانیو ناشتوانی نوێنەرایەتیی ڕاستیەکان بکات.

ئێمەش لەگەڵ ئەوەدا، بەرەو نابووتیو لەناوچوونێکی سروشتی ڕۆیشتین. بەداخەوە ! ئەوی دووبارە ئێمەی بۆ لای ڕاستیەکان بانگ کردو دەستووری ڕاستیەکانی پێنیشان دەداین، دیسان هەمان دەنگو هەر ئەو دەستە بوو، شێوەی گۆڕابوو، بەڵام ناوەڕۆکەکەی وەك خۆی وابوو. ڕزگارمان نەبوو" بێدەنگیەکەمان قووڵتر بوو، ئێستاش لە هێشتایە هەر دەنێژرێین.

هەر لەبەر ئەمە ئەو تەنیا ڕێگەچارەیەی کە عەقڵمان بڕیی، ئەوەبوو کە بەدوای جۆراوجۆریی دەنگەکانو فرەییی دەستەکانو مەعنەویاتدا بگەڕێینو، بایەخێکی کەمتر بە شتی ماددی بدەین.

لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی باشەوە، پەندی باشمان لە خوێناویترینو دڵتەزێنترین ڕووداوو کارەساتەکانی ناو مێژووە وەرگرت. هەر لەبەر ئەم ترسو ئەندیشانەو، لە ئەنجامی پەندوەرگرتنەوە لەم دەرسانە، دەستەی (ڕیفۆرمی بنچینەیی)مان بنیات نا.

www.zheen.org

خودا سەرمان بخات

بەندی ١: هەموو بنەما پێکهێنەکانی وڵاتی عوسمانی، بێجیاوازی خاوەنی مافی یەکسانو هاوبەشن. گرووپەکەی ئێمە، دینی ڕەسمیی حکوومەتی پێکهێنراوی عوسمانی بە دینی ئیسلام لەقەڵەم دەدات. بەڵام لەهەمان کاتدا، ڕێز لە دینو بنەما ڕەوشتیو شتە پیرۆزەکانی لایەنەکانی دەرەوەی ئیسلامیش دەگیرێو لەبەرچاو دەگیرێن.

بەنــدی ٢: چەسپاندنی مافە پیرۆزەکانی مەقامی پاشایەتی لە یاساداو، قەدەغەکردنی دەست تێوەردانی ناهەقی هەندێك گرووپ و ڕێکخراوی شاراوە.

بەنــدی ٣: لەبەر ئەوەی ئەنجومەنەکانی مەبعووسان و ئەعیان بە زەبری چەك هاتوونەتە سەرکار، پێویستە هەڵبوەشێندرێنەوەو، هەڵبژاردنێکی تر بەپێی بنەمای ئازادی ویژدانەکان و دوور لە هەرجۆرە گوشارێك سازبکرێ.

بەندی ٤: سەرلەنوێ نووسینەوەی یاسای بنچینەیی (دەستوور)، بەپێی دەستووری وڵاتە پێشکەوتوەکان و بیرو بۆچوون و کولتووری کۆمەڵایەتیمان. هەروەها بەپێی یاساکانی وڵاتە شارستانیەکان، ئازادی دەبڕین و بیرو بۆچوون و ئازادی کۆبوونەوەو ئازادی ڕاگەیاندن لەنێو یاسادا دەچەسپێنرێ.

هەروەها هەڵبژاردن بە جۆرێك دادەنرێ کە ئازادی تەواو بداتە هەڵبژێرەکان. لە لایەکی ترەوە، سەربەخۆیی تەواوی هێزی یاسادانان و جێبەجێکردن و هێزی داد، دەخرێتە بەر گەرەنتی یاسا.

بەندی ٥: لەبەر ئەوەی ماف و ئەرکەکانی بنەما پێکهێنەکانی وڵاتی عوسمانی، وەك یەکەو یەکسانە، پێویستە ئەرك و شێوازی کاری دەوڵەتیش لەنێو وڵاتی عوسمانیدا، بە شێوەیەکی یەکسان بڵاوبکرێنەوەو، خەڵك ئاگایان لێیان بێ.

بەنــدی ٦: هیچ لایەنێك بۆی نییە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا کە لەلایەن هێزی یاسادانان و پەرلەمانەوە دیاری دەکرێن، باج کۆبکاتەوەو ئەرکی بەو جۆرە بخاتە سەر شانی خەڵك.

بەندی ٧: پێکهێنانی ڕێکخراوی شاراوە، بە هەر ناوێکەوە بێ، قەدەغەیە.

بەندی ٨: هەموو پەیمانە ناونەتەوەییەکان، وەکوو پێشتر، پەسند بکرێن.

بەندی ٩: لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی شاراوە، بە قەرزەکانی خۆیەوە، ئەم وڵاتەی بەرەو نابووتی بردووە، پێویستە ئەو هەموو قەرزانە لە ساڵی ١٩١٠ بەدواوە حساب بکرێنەوە.

بەندی ١٠: سەرلەنوێ هەڵسووڕاندنی ئەو کاروبارانەی کە بەپێی ئارەزوو و خواستی کەسەکان کراون. هەروەها لابردنی ئیمتیازی کۆنسوڵخانەی ڕاگەیاندن و پۆستەی کاپیتۆلاسیۆنی دەرەوە. لە لایەکی ترەوە، هەندێك ڕاوێژکاری وڵاتە بێلایەنەکان بۆ کاروباری هەردوو دائیرە وەربگیرێن. بە هەمان شێوە، لە وەزارەتەکانی تریشدا ڕاوێژکاری وڵاتە بێلایەنەکان بەکاربهێنرێن.

بەندی ١١: بوونی دادگاکانی سەر بە وەزارەتی داد لەلایەکەوەو، لەلایەکی ترەوە بوونی دادگا عورفیەکان (دادگا تایبەتەکان)[٥٢] و دەست تێوەردانی ئیدارەی سیاسی و ئیدارەی عەسکەری لە کاروبارەکانیاندا، شتێکن لە هیچ وڵاتێکی شارستانی و مەشرووتیدا بەدی ناکرێن. جا لەبەر ئەوەی ئەمانە دەبنە هۆی ڕیسواییەکی زۆر، پێویستە لەڕێگەی یاساوە لابرێن. پێویستە ئەو بڕیارە ناڕەوایانەی کە تائێستا دادگا عورفیەکان داویانە، بەپێی سەربەخۆییەکانی دەستووری بنچینەیی، هەڵبوەشێنرێنەوەو، تاوانبارەکان (زیندوو یا مردوو) دووبارە موحاکەمە بکرێنەوەو، بەو جۆرەش، ئەو گومانە ڕەش و نەهامەتیەی سەر وڵاتەکەمان پاك بکرێتەوە.

---

[٥٢] دادگای تایبەت کە جاران لەکاتی شەڕو ئاژاوەی ناوخۆ یا شەڕی نێوان دوو دەوڵەتدا پێك دەهێنران و، بە شێوەیەکی گشتی توندوتیژییەکی زۆریان تێدا بوو.

قەدەغەکردنی ئەو ئەشکەنجەو لێدانە دڕندانەیە کە ئەم سەدەی بیستەمو سەردەمی شارستانییە لە تورکیا هەبوون. هەروەها ڕێگرتن لە پەلامارданو دەستدرێژیکردنە سەر ماڵو شوێنی نیشتەجێبوونو، گوێگرتن لە پەیوەندیەکانی تاکەکان. لەلایەکی ترەوە، پێویستە ئاستەنگی یاسایی لەبەردەم ئەو ئەفسەرانەدا دابنرێ، کە لەخوتو خۆڕاییو بۆ خۆشیی خۆیان مرۆڤ دەستگیرو زیندانی دەکەن.

بەندی ١٢: لابردنی هەموو پلەوپایەی ئیدارەی هەرێمەکانو، گۆڕینی دەستەواژەی (سەدری ئەعزەم) بۆ (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران).

بەندی ١٣: دابەشکردنەوەی نیشانەکان، بەپێی بەرنامەیەکی تایبەت.

بەندی ١٤: قەدەغەکردنی پێکەوە وەرگرتنی وەزیفەی عەسکەریو سیاسی لەلایەن کەسێکەوە. هەروەها ئەگەر کەسێکی سەرباز بیەوێ ئەرکێکی سیاسی بەجێبهێنێ، پێویستە لەپێشدا پەیوندیەکانی خۆی لەگەڵ سوپادا بپچڕێنێ.

بەندی ١٥: پێویستە سەرباز دەست وەرنەداتە کاروباری سیاسی.

بەندی ١٦: ئێمە دەمانەوێ هێزی ماددیو مەعنەویی وڵاتەکەمانو، ئەوپەڕی سنوورەکانی ئەم وڵاتە، لە مێشکی منداڵەکانماندا جێگیر بکەین. بۆیە پێویستە لەباتی باسی ئەوەی کە چ جۆرە قەڵایەك لەکام سنووردا دروست کراوە، باسی ئەوە بکەین کە چ جۆرە قوتابخانەیەك لەکوێ دروست کراوە.

پێویستە ئەو پارەیەی وا لە بودجەی گشتییەوە بۆ کاروباری عەسکەریو پەروەردەیی خەرج دەکرێ، وەکوو یەك بێ. ئەگەر بودجەی کاروباری عەسکەری چواردە ملیۆن بێو، هی کاروباری پەروەردەش

یەك لە چواردەی ئەو پارەیە بێ، ئەمە مانای وایە وڵات لەنێو زەلکاوی نابووتیدا دەخولێتەوە، چونکە مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە ئەگەر نەتەوەیەك بەر لە قەڵەم دەست بۆ چەك بەرێ، بە درۆوە باسی یەکگرتن و تەبایی دەکات. هەر لەم بارەیەشەوە، دەمەوێ نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە کە زۆر جار ڕووی داوە: دواڕۆژە سەختەکانی ژیانی "ناپلیۆن"، کاتێك ئەڵمانیا یەکەمین سنوورەکانی دیلییەکی داماوانەو پڕ لە نەگبەتیی دیاری دەکرد، بیرمەندێك دەیگوت: ((بەر لەوەی سوپاکانمان بەهێزترو، کەلوپەل و ئامێری باشیان بۆ دابین بکەین، پێویستە قوتابخانەکانمان زیاد بکەین. ئەگەر ئەم کارە بکەین، دڵنیابن ناگاتە نیو سەدە، هەموو نەزانیەکانمان لەناو دەچێ و، ئەمەش دیوارێکی هەتاهەتایی بۆ پاراستنی دەروازەکانی پاریس دروست دەکات)).

خۆی لەڕاستیدا مێژوو ئەم شتەی پشت ڕاست کردەوە. بەڵام شتی پێویست بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە پڕ لە خۆشی و بەختیارییە، تەنیا زیادکردنی قوتابخانەی ئاسایی نییە، بەڵکوو چۆنیەتی و شێوازی وانەگوتنەوەیە. ئەمڕۆ لە وڵاتەکەماندا دەرکەوتووە ئەوەی وا بەنیازی فێربوونی هەمووشتێك دەچێتە ناو قوتابخانە، بەبێ ئەوەی فێری هیچ شتێك بێ، قوتابخانە تەواو دەکات و دەردەچێ.

کەوابوو ئێستا بەر لەوەی قوتابخانە بێکەڵکەکانی ئەم وڵاتە زیاتر بکرێن، پێویستە چاکسازی لە چۆنیەتی و شێوازی وانەکانیاندا بکرێ.

هەر لەبەر ئەمە، پێویستە خوێندنی سەرەتایی و بەرزی قوتابخانەکانی ئێمە وردە وردە بەپێی شێوازی پەروەردەی وڵاتە پیشکەوتوەکان گۆڕانی تێدا بکرێ.

بەنـــدی ١٧: ئاسـايش و ئاسـوودەيـی ی هـەر وڵاتێـك، لەڕێگـەی زانستيبوونی ئەو وڵاتەو دەسەڵاتی سياسی و ئيدارەی عەسكەرييەوە، بەرقەرار دەبێ. بەڵام ئەمانەش هەردوكيان لەڕێی ئابوورييەكی باشەوە بـەهێز دەبـن. بۆيـە يـەكێك لـە كێشە گرنگـەكانی ئێمـە، هـەمان كێشەی چۆنيەتی زيادكردنی سەرچاوەی داهاتە. هـەروەها تا ئـەو شوێنەی كە بكرێ، پێويسته هەمووشتێك بۆ ئەم مەبەسته بەكاربهێنرێ و، ڕێ بـۆ هـاتنی سـەرمايەی دەرەكی بۆ نـاو وڵاتـی عوسمانی بكرێتـەوە. جـێی باسـە، سـەبارەت بـەو شـتانەش كـە لێـرەوە دەنێردرێنـە دەرەوە، دەبـێ لەپێـشدا پێويـستيەكانی خەڵكەكـەی خۆمـان ڕەچـاو بكـرێ و، دوايـی زيادەكە بنێردرێ. هـەروەها بۆ ئاگاداری، دەبێ بزانرێت كە ئێمـە، بـە پێـچەوانەی ئێـستاوە، سياســەتی پـشتيوانيكردنی ميانڕەوانــە بــۆ پيشەسازی ی ناوەوە پێڕەو دەكەين.

هـەروەها پێويـسته ڕێ بـە كۆمپانياكـانی دەرەوە نـەدرێ، كاروبـاری دەرەكــی ی بازرگانيــەكانمان كــۆنترۆڵ بكــەن. لەلايــەكی تــرەوە، بــە لەبەرچاوگرتنی داهاتووی كۆمەڵگەكەمان و بۆ ئەوەی چينی كرێكار لـە كارگەكانـدا نەچەوسـێنرێتەوە، بەشـێكی كاروبـاری خۆمـان بـۆ دانـانی هەنــدێك ياســا تــەرخان دەكــەين كــە مــاڤی كرێكــاران بەرامبــەر بــە سەرمايەداران بپارێزێ و نيشانيان بدات.

بەنـــدی ١٨: ئێمـە بـۆ ئـەوەی گەلەكـەمان وەك نەتـەوەكانی تـر بـە شادی و ئاسوودەيی بژی، ڕێز لە كاری هەموولايەنێك (بەبێ هاوكاری ی حكوومەت) دەگرين.

دامەزراندنی دەزگای هەرەوەزیش، بۆ هاوکاریکردنی خاوەن موڵك‌و زەوی‌و ڕەنجبەران‌و بازرگانەکان، بەپێی هەل‌ومەرجی گونجاو، دەبێ بە یەکێك لە ئامانجەکانمان. لەلایەکی ترەوە، پێویستە ڕێ لەو گەندەڵیانە بگیرێ کە بە ناوی جووتیارو وەرزێرانەوە دەکرێن‌و، ئەو زەویانەی وا بەکار ناهێنرێن (لەکاتی ئێستادا)، بەپێی یاساو بە زووترین کات لەنێوان هەژارانی نێو جوتیارو وەرزێران‌و کەسانی کۆچەرو خێڵە چادرنشینەکاندا دابەش بکرێن، بە مەرجێك کۆسپ لەبەردەم کاری خاوەن زەوی‌و خاوەن موڵکەکاندا دروست نەکات‌و، پێویستە مەکتەبی تایبەت بە کاروباری کشتوکاڵ‌و گوند، بەپێی توانایی‌و نیازەکانی وڵاتەکەمان، دابنرێ‌و، بە شێوەیەکی سەرەتایی باسی شتە سەرەکیەکانی یاساکانی بازرگانی‌و کشتوکاڵ بکرێ. کتێبەکانی ئەم بابەتانە، دەبێ بە خۆڕایی لەنێو خەڵکی وڵات‌و بە هەموو گۆشەکانی نیشتماندا بڵاوبکرێنەوەو، دەستەیەکیش بۆ ئەم مەبەستە پێك بهێنرێ، بەناو هەموو گوندەکانی وڵاتدا بگەڕێ.

www.zheen.org

لەچاپدراوەکانی " بنکەی ژین "

١. ڕەفیق ساڵح، ڕۆژنامەی ژیان: ژمارە (٢٥٩-٣٢٠)، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، ب٣، (٢٣×٣٤سم)، ٢٨٢ل.

٢. عبدالرقیب یوسف، پەیدابوون و دروستکردنی چەکی ئاگردار، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٤، ٧٢ل.

٣. کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسڵی فڕەنسی لە بەغدا ساڵی ١٩١٩، لە فرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، ب١، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٤، ١٧٢ل.

٤. بازیل نیکیتین و کوردناسی، لە فرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، ب١، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٤، ٢٧٢ل.

٥. عبدالرقیب یوسف، لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود: تۆمارێکی شارەوانیی سلێمانی ١٩٢٣-١٩٢٤، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، (٢١×٣٣سم)، ٢٠٠٤، ٢٦٦ل.

٦. گ. گرێنڤیل، گ. س. پ. فریمان، ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زایینی، لە فرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، (٢١×١٩سم)، ٢٠٠٤، ١١٥ل.

٧. ڕەفیق ساڵح، ڕۆژنامەی ژیان: ژمارە (٣٢١-٤٠٠)، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، ب٤، (٢٣×٣٤سم)، ٢٠٠٥، ٣٥٨ل.

٨. سدیق ساڵح، سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی، ب١، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ١٨٣ل.

٩. **کوردستانی عیراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا**، لـە ئینگلیزییـەوە وەرگێڕانـی سـەلمان عـەلی، ب١، (١٤,٨٥ × ٢١سـم)، ٢٠٠٥، ٢١٤ل.

١٠. عەبدوڵڵا زەنگەنە، ڕۆژی کورد: **گۆڤاری جڤاتی قوتابیانی کورد لـە ئەستەمووڵ ١٩١٣**، (١٧ ×٢٤سم)، ٢٠٠٥، ٤٢٠ل.

١١. ڕەفیـق سـاڵح، **یادگـاری لاوانو دیـاری لاوان**، لێکۆڵینـەوەی سـدیق ساڵح، چ١، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ٢٢٠ل.

١٢. دکتـۆر سـەلاح محەمـەد سـەلیم هـەروری، **عەبـدولڕەزاق بـەدرخان ١٨٦٤–١٩١٨: ژیـان، تێکـەلییێن سیاسـی، خـەباتا چاندی**، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ٨٤ل.

١٣. ڕەفیـق سـاڵح، **یادگـاری لاوانو دیـاری لاوان**، لێکۆڵینـەوەی سـدیق ساڵح، چ٢، (١٦×٢٣سم)، ٢٠٠٥، ٢٢٨ل.

١٤. ئەلیکساندەر خۆدزکۆ، **چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی زمـانی کـوردی (دیـالێکتی سـلێمانی)**، لـە فڕەنـسییەوە وەرگێڕانـی نەجاتی عەبدوڵڵا، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ١٨٦ل.

١٥. جان ر. پێری، کەریم خانی زەند: **مێژووی ئێران لەنێوان ١٧٦٤–١٧٨٩**، لە فارسییەوە وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، (١٧ × ٢٤سم)، ٢٠٠٥، ٦٨٥ل.

١٦. گ. ر. درایڤـر، **درایڤـر و کـورد: کۆمـەڵی پێـنج وتـار**، لـە ئینگلیزییـەوە وەرگێڕانـی ئـەنوەری سـوڵتانی، (١٤,٨٥ × ٢١سـم)، ٢٠٠٥، ١٢٨ل.

١٧. سدیق ساڵح، **سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین زەکی بـەگ**، ب١، (١٦×٢٣سم)، ٢٠٠٥، ٣٧٠ل.

www.zheen.org

١٨. الدكتور محمد علي الصويركي الكردي، **الأكراد الأردنيون ودورهم في بناء الأردن الحديث**، (١٧ × ٢٣,٥ سم)، ٢٠٠٥، ١٨٦ص.

١٩. شەمعی و محەمەد ئیبراهیم ئەردەلانی، **دوو (ذەیل)ی شەرەفنامەی بتلیسی، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی**، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ١٨٠ل.

٢٠. عبدالرقیب یوسف، **تابلۆکانی شەرەفنامە**، چاپی سێیەم، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٠٥ ، ٢٧٥ل.

٢١. **مختارات من كتاب الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية**، ترجمة وتعليق د. أ. خليل علي مراد، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٥، ٣٢٥ص.

٢٢. **الآثار الكاملة للمؤرخ الكردي محمدأمين زكي (مشاهير الكرد وكردستان)**، الجزء الثاني، إعداد رفيق صالح، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٥، ٤٩٥ص.

٢٣. **ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا**، لەئینگلیزییەوە وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٥، ٤٦٢ل.

٢٤. نوشيروان مصطفى امين، **حكومت كردستان: كردها در بازى سياسى شوروى**، ترجمه سمايل بەختيار، (١٦ × ٢٤ سم)، ٢٠٠٥، ٣٠٢ص.

٢٥. د. یاسین سەردەشتی، **هەڵوێستی حزبی توودە لەحاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١-١٩٨٣)**، (١٤,٨٥ × ٢١ سم)، ٢٠٠٥، ١٦٠ل.

٢٦. محەمەدئەمین زەکی، **تاریخی سلێمانی وە ولاتی**، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٦، ل.

www.zheen.org

٢٧. الدكتور محمد علي الصويركي، **معجم أعلام الكرد**، (٢١ × ٢٩ سم)، ٢٠٠٦، ٨٥٠ص.
٢٨. توفيق وهبي بك، **الآثار الكاملة**، الجزء الأول، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٦، ٥١٠ ص.
٢٩. ئەنوەر سوڵتانی، **لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد**، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٦، ٢٨٩ل.
٣٠-ڕەزای شەجیعی، **کتێبخانەی ڕۆژهەڵات**، (١٤٠٨٥×٢١)سم، ٢٠٠٦، ١٩٥ل.
٣١. ئارتوور کریستێنسێن، **ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان**، (١٧ × ٢٤ سم)، ٢٠٠٦، ٧٠٦ل.
٣٢. جەلادەت عالی بەدرخان، **لەبارەی کێشەی کوردەوە: سەبارەت بە دوورخستنەوەو بڵاوەپێکردنی کوردان**، لەتورکییەوە وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٦، ٥٦ ل.
٣٣. شەریف پاشای خەندان، **بیرەوەرییەکانی بەرهەڵستێك: بەربەرەکانیی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی**، لەتورکییەوە وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، (١٤,٨٥ × ٢١ سم)، ٢٠٠٦، ١٥٨ل.